[1] تۆڕی کۆمەڵایەتی | کوردیی ناوەڕاست | زنجیرە کتێبی یۆگاو عیرفان لە کوردستان
کاتی تۆمارکردن: 2019/27/11 7:40:27 AM
ناوی تۆمارکار: زریان سەرچناری

---

بابەت: 1070

## لەشساغی و چارەسەری وەرزشی بنەماکانی پزیشکی وەرزش

https://www.kurdipedia.org/?q=2012061016514967410

فایلی پی دی ئێف: هێشتا ئامادە نییە
سەردار عەبدولسەلام بابان

تایبەتمەندییەکانی بابەت
جۆری پەڕتووک: وەرزش
جۆری وەشان: چاپکراو
زمان - شێوەزار: کرمانجیی ناوەڕاست
فایلی PDF: نەخێر
وڵات: باشووری کوردستان
Quick Respons Code:

کاتی تۆمارکردن: 2012/10/6 4:51:49 PM
ناوی تۆمارکار: بەناز جۆڵا

---

بابەت: 1071
## من دیگۆی خەڵکم؛ بیرەوەرییەکانی مارادۆنا
https://www.kurdipedia.org/?q=20210523080410394218
فایلی پی دی ئێف: هێشتا ئامادە نییە




وەرگێڕ: هەوراز کاوە ڕەئوف [1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
جۆری پەڕتووک: وەرزش
جۆری پەڕتووک: یاداشت
جۆری دۆکومێنت: وەرگێڕدراو
زمان - شێوەزار: کرمانجیی ناوەڕاست
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
فایلی PDF: نەخێر
وڵات: باشووری کوردستان
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] تۆڕی کۆمەڵایەتی | کوردیی ناوەڕاست | Hawraz kawa
کاتی تۆمارکردن: 2021/23/5 8:04:10 AM
ناوی تۆمارکار: زریان سەرچناری

---

بابەت: 1072
## من دیێگۆی خەڵکم
https://www.kurdipedia.org/?q=20210518212639394146
فایلی پی دی ئێف: هێشتا ئامادە نییە




من دیێگۆی خەڵکم

دەزانم گۆڕینی جیهان کاری من نییە، بەڵام هەرگیز ڕێگە نادەم کەس دەست بخاتە ژیانمەوە و هەوڵبدا تێکی بدات، ڕێگە نادەم کەس یارییەکەی من ئەنجام بدات و ژیانی من دروست بکات، هەرگیز هیچ کەسێکیش نەیتوانیوە بڕوام پێ بهێنێت، کە هەڵەکانم لە بارەی بەکارهێنانی ماددەی هۆشبەر و هەڵەکانم لە مەیدانی کاردا، منی گۆڕیوە، هەرگیز. من هەر ئەو کەسەم کە خۆم ویستوومە وابم، ئەوە منم مارادۆنا، ئەوە منم دیێگۆ.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری پەرتووک: | وەرزش |
| جۆری دۆکومێنت: | زمانی یەکەم |
| جۆری دۆکومێنت: | وەرگێڕدراو |
| زمان - شێوەزار: | کرمانجیی ناوەڕاست |
| فایلی PDF: | نەخێر |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| Quick Respons Code: | |

سەرچاوەکان
[1] تۆڕی کۆمەڵایەتی | کوردیی ناوەڕاست | FAM Publication
کاتی تۆمارکردن: PM 9:26:39 2021/18/5
ناوی تۆمارکار: زریان عەلی

---

بابەت: 1073
## من زڵاتانم
https://www.kurdipedia.org/?q=20220407161443410611
فایلی پی دی ئێف: ئامادەیە




ناونیشانی پەرتووک: من زڵاتانم
ناوی نووسەر: دەیڤید لاگێر کرانتز
ناوی وەرگێڕ: مەسعود حەسەن
چاپخانە: ئەندێشە
ساڵی چاپ: چاپی یەکەم 2016
[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری پەرتووک: | وەرزش |
| جۆری دۆکومێنت: | وەرگێڕدراو |
| جۆری وەشان: | چاپکراو |
| زمان - شێوەزار: | کرمانجیی ناوەڕاست |
| فایلی PDF: | بەڵێ |
| وڵات: | باشووری کوردستان |

Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] تۆڕی کۆمەڵایەتی | کوردیی ناوەڕاست | کتێبخانەی PDF
کاتی تۆمارکردن: 2022/7/4 4:14:43 PM
ناوی تۆمارکار: ڕۆژگار کەرکوکی

---

بابەت: 1074

## مۆندیال جامی جیهانی بەرازیل 2014

https://www.kurdipedia.org/?q=20180612091009151563

فایلی پی دی ئێف: هێشتا ئامادە نییە

جامی جیهانی بەرازیل 2014
لە 2014/06/12 تا 14/07/12
ئامادەکردنی: خەسرۆ ئیسماعیل
خانەی ئەربیل بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە [1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری پەرتووک: | وەرزش |
| جۆری دۆکومێنت: | زمانی یەکەم |
| زمان - شێوەزار: | کرمانجیی ناوەڕاست |
| فایلی PDF: | نەخێر |
| وڵات: | باشووری کوردستان |

Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] تۆڕی کۆمەڵایەتی | کوردیی ناوەڕاست | پەرتووک
کاتی تۆمارکردن: 2018/12/6 9:10:09 AM
ناوی تۆمارکار: زریان سەرچناری

---

بابەت: 1075

## میدیای وەرزشی

https://www.kurdipedia.org/?q=20161019133852971333

فایلی پی دی ئێف: هێشتا ئامادە نییە




زاگرۆس نانەکەلی
2015
پەرتووکێکی 264 لاپەڕەیە ورەنگاورەنگە، دکتۆر ئەمیر نامیق پێشەکی بۆ نووسیوم سوپاسی دەکەم، ئەزووموونی (25) ساڵەی خۆم و چەندین سەرچاوەم بەکارهێناوە، دەتوانی بەخوێندنەوەی ئەم پەرتووکە زۆر بەئەکادیمی وپرۆفیشناڵانە وەکو سەرچاوە بەکاری بێنن و دەتوانی ببێت بەمیدیاکارێکی ئەکادیمی، بۆیە کۆلێژ وپەیمانگای وەرزشیەکان و کۆلێژ وپەیمانگەکانی ڕاگەیاندن لە کوردستان دەتوانن سوودی لی وەرگرن بۆ کۆرسێک یانە وانەیەک لە کۆلێژو پەیمانگەکان.
بابەتەکان تایبەت بەهەر چوار بەشی میدیای وەرزشی (بیندرا وبیستراو نووسرا وچەسپاو)، تەنانەت باس لەمیدیای وەرزشی خاوەن پێداویستی تایبەتیش کراوە، هەروەها بۆیەکەمجار لەمێژووی میدیای وەرزشی جیهانی نوێترین بابەت لەم پەرتووکەی خۆم بڵاوکردۆتەوە ئەویش (هۆمیرۆس) فەیلەسوفی یۆنانی کە بۆتە یەکەم ڕۆژنامەنووسی وەرزشی لەمێژووی مرۆڤایەتی کە لە (850) پێش زاین ئەم هەواڵەی بڵاوکردۆتەوە.هەروەها باسی ئامێری (ئێس ئێن جی)م کردووە بۆ گواستنەوەی ڕووداوە وەرزشییەکانی ڕاستەوخۆ، باس لەمێژووی یەکەم خانمە میدیاکاری وەرزشی کراوە، هەروەها باس لەمێژووی ڕۆژنامە وکۆمێنتار وگۆڤار وتیڤی و ڕەخنەو خاسیەت وبنەما و جۆرەکان وکاریکاتێر و ئەرک وخاڵبەندی ومانشێت وشرۆڤەکار و فۆتۆگرافەر و هاندەر ی وەرزشی کردووە، لەکۆتایش باسم لەئەزموونی (25) ساڵەی خۆم و سەرچاوەکان کردووە کە سوودم لێ وەرگرتووە.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری پەڕتووک: | وەرزش |
| جۆری پەڕتووک: | ڕاگەیاندن |
| جۆری دۆکومێنت: | زمانی یەکەم |
| جۆری وەشان: | چاپکراو |
| زمان - شێوەزار: | کرمانجیی ناوەڕاست |
| فایلی PDF: | نەخێر |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| Quick Respons Code: | |

| | |
|---|---|
| کاتی تۆمارکردن: | 2016/19/10 1:38:52 PM |
| ناوی تۆمارکار: | هاوڕێ باخەوان |

---

بابەت: 1076
**میدیای وەرزشي کوردی**
https://www.kurdipedia.org/?q=20210715203435394821
فایلی پی دی ئێف: هێشتا ئامادە نییە

زاگرۆس نانەکەلی
2015
پەرتوکی میدیای وەرزشی کوردی 616 لاپەرەیە و رەنگاورەنگە، مێژووی میدیای وەرزشی جیهانی وکوردی بەچڕی نووسراوەتەوە، مێژووی دامەزراندنی کۆمەڵە ولیژنەی رۆژنامەنووسانی وەرزشی کوردستان و گرنگی وکێشەکانی، پاشان مێژووی یەکێتی رۆژنامەنووسانی وەرزشی جیهانی کە بە (ئیپس) ناسراوە ولەگەڵ تێکرای کۆنگرەکانی ئەم رێکخراوە، هەروەها یاسای ئەم رێکخراوە وەرگێردراوە، مێژووی رێکخراوەکانی میدیای وەرزشی لەسەرانسەری جیهان، وەرزش ومیدیای وەرزشی وسیاسەت لەمێژوێک چڕ نووسراوەتەوە،
راگەیاندنی وەرزشی کوردی تێکرایی بابەتی کاریکاتێر و کاریکاتێرستانی کوردی کە ئەوانەی کاریکاتێری وەرزشیان نەخشاندووە و مێژووی یەکەم شەهیدی فۆتۆگرافەری وەرزشی وسیڤی شەهید وکۆچکردووانی میدیای وەرزشی کوردی و رەخنە و فۆتۆگرافەرانی وەرزشی و یەکەم هەواڵی وەرزشی و یەکەم بێژەر و کۆمێنتاری وەرزشی و یەکەم ستوونی وەرزشی و یەکەم وێنەی وەرزشی و سەرەتای گواستنەوەی یارییەکان لە کوردستان و تیڤی ورۆژنامە وگۆڤار وسایت و رادیۆ و پرێس کۆنفرانس و کۆمێنتار و گواستنەوەی یارییەکان و ستۆدیۆ ومکیاژ ودیکۆر ودەرهێنانی وەرزشی، هەروەها مێژووی رۆژنامەگەری کوردی وهەروەها مێژووی سەرهەڵدانی میدیای وەرزشی کوردی لەهەر چواربەشەکەی، پاشان مێژووی بڵاوبوونەوەی یەکەم بابەتی نووسراوی وەرزشی کە لە رۆژی چوارشەممە رێکەوتی 02-06-1921 لەرۆژنامەی پێشکەوتن بابەتی ئەسپ تاودان بڵاوبۆتەوە تا ئەمرۆی میدیای وەرزشی کوردی کە ساڵی 2015، بۆیە لەسەر پەرتووکەکان نووسراوە 2015 واتە لە ساڵی 1921 تا 2015 واتە مێژووی (94) ساڵی میدیای وەرزشی هەرچوار پارچەی کوردستانە، هەروەها لیستی ناو وێنەی میدیاکارانی شارەکانی کوردستان کە خۆی زیاتر لە (350)ناو دەدات، هەروەها مێژووی بڵاوکراوەکانی وەرزشی لەتیڤی و رادیۆ وگۆڤار و پێگەکانی ئەلیکترۆنی، هەروەها خاوەن پێداویستی تایبەت، هەروەها سیڤی میدیاکارانی وەرزشی هەر چوار پارچەی کوردستان کە زیاتر لە (135) سیڤی دەبێت، پاشان سیڤی خانمە میدیاکارانی وەرشی کە زیاتر لە (26) سیڤی لەخۆی دەگرێت، هەروەها سیڤی فۆتۆگرافەر ودیمانەی جیانی میرلۆ سەرۆکی (ئیپس) و بابەتەی جۆراوجۆری میدیای وەرزشی کوردی.
بۆیە دەکرێت هەوڵ بدەین پسپۆران وشارەزایان لەگەڵ زانکۆکانی کوردستان وعێراق ئەم پەرتووکە وەکو یەکەم سەچاوە و سەرچاوەیەکی باوەر پێکراو سەرەتا بتواندرێت وەک وانە ومێژوو بەشێکی لێ وەربگیرێت وبخوێندرێت، پاشان کاری توێژینەوە و بروانامەی لەسەر بکرێت.




تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری پەرتووک: وەرزش
جۆری پەرتووک: راگەیاندن
جۆری دۆکومێنت: زمانی یەکەم
جۆری وەشان: چاپکراو
زمان - شێوەزار: کرمانجیی ناوەراست
فایلی PDF: نەخێر
وڵات: باشووری کوردستان
Quick Respons Code:

کاتی تۆمارکردن: PM 8:34:35 2021/15/7
ناوی تۆمارکار: هاورێ باخەوان

بابەت: 1077

## مێسی

https://www.kurdipedia.org/?q=20220706175441421526

فایلی پی دی ئێف: هێشتا ئامادە نییە




ناونیشانی پەرتووک: مێسی
ناوی نووسەر: گایلۆم بالاگی
ناوی وەرگێڕ: کۆیار شێرکۆ
دەزگای پەخش: ئەندێشە[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری پەرتووک: | بیبلۆگرافیا |
| جۆری پەرتووک: | وەرزش |
| جۆری دۆکومێنت: | وەرگێڕدراو |
| جۆری وەشان: | چاپکراو |
| دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوە: | ئەندێشە |
| زمان - شێوەزار: | کرمانجیی ناوەڕاست |
| فایلی PDF: | نەخێر |
| Quick Respons Code: | |

سەرچاوەکان

[1] تۆڕی کۆمەڵایەتی | کوردیی ناوەڕاست | کتێبخانەی ئەوین

کاتی تۆمارکردن: 2022/6/7 5:54:41 PM

ناوی تۆمارکار: ڕۆژگار کەرکوکی

---

بابەت: 1078

## مەشقەتایبەتییەکانی تۆپی پێ 125 مەشقی سەرنج ڕاکێش بۆلێهاتوویی توانسە لەتۆپی پێ دا

https://www.kurdipedia.org/?q=20140331004007988335

فایلی پی دی ئێف: هێشتا ئامادە نییە

و.شوان ئەفراسیاب
125 مەشقی سەرنج ڕاکێش بۆلێهاتوویی توانسە لەتۆپی پێ دا بۆ ڕاهێنەران، یاریزانان، لێپرسراوان
-پیرەمێرد-سلێمانی-2008

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری پەرتووک: | وەرزش |
| جۆری دۆکومێنت: | وەرگێڕدراو |
| زمان - شێوەزار: | کرمانجیی ناوەڕاست |
| فایلی PDF: | نەخێر |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| وەرگێڕدراو لە زمانی: | فارسی |

Quick Respons Code:

کاتی تۆمارکردن: AM 12:40:07 2014/31/3
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 1079

**نەخشەڕێی وەرزش؛ پەسەندکراوی کۆنفراسی وەرزش ولاوان، هەولێر (15-16 /5 / 2008)**

https://www.kurdipedia.org/?q=20140331004007931141

فایلی پی دی ئێف: هێشتا ئامادە نییە

وەزارەتی وەرزش و لاوان
هەولێر-2008

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری پەرتووک: وەرزش
جۆری وەشان: چاپکراو
دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوە: ئاراس
زمان - شێوەزار: کرمانجیی ناوەڕاست
فایلی PDF: نەخێر
وڵات: باشووری کوردستان
Quick Respons Code:

کاتی تۆمارکردن: AM 12:40:07 2014/31/3
ناوی تۆمارکار: بەناز جۆڵا

---

بابەت: 1080

**وەرزش بۆ قوتابخانەکانی سەرەتایی**

https://www.kurdipedia.org/?q=2012061016514967305

فایلی پی دی ئێف: هێشتا ئامادە نییە

ساڵح عەلی ساڵح

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری پەرتووک: وەرزش
جۆری وەشان: چاپکراو
زمان - شێوەزار: کرمانجیی ناوەڕاست
فایلی PDF: نەخێر
وڵات: باشووری کوردستان

Quick Respons Code:

کاتی تۆمارکردن: 2012/10/6 4:51:49 PM

ناوی تۆمارکار: بەناز جۆلا

---

بابەت: 1081

**وەرزشنامە - وەشانی 2ەم**

https://www.kurdipedia.org/?q=20140602225705100616

فایلی پی دی ئێف: ئامادەیە




لیستی ناو و ژیاننامەی وەرزشەوانانی کوردستان
ئامادەکردنی: هاوڕێ باخەوان، بەیارمەتیی کوردیپێدیا
2015-01-19

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری پەرتووک: بیبلۆگرافیا

جۆری پەرتووک: وەرزش

جۆری دۆکومێنت: زمانی یەکەم

زمان - شێوەزار: فرەزمان

فایلی PDF: بەڵێ

Quick Respons Code:

کاتی تۆمارکردن: 2014/2/6 10:57:05 PM

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 1082

**وەرزشەکانی ئیرۆبیک و دابەزینی کێش بۆ پیاوان و ئافرەتان**

https://www.kurdipedia.org/?q=20140904143227777253

فایلی پی دی ئێف: هێشتا ئامادە نییە



ڕێباز ئەحمەد

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری پەرتووک: وەرزش

جۆری دۆکومێنت: زمانی یەکەم

زمان - شێوەزار: کرمانجیی ناوەڕاست

فایلی PDF: نەخێر

وڵات: باشووری کوردستان

Quick Respons Code:

کاتی تۆمارکردن: 2014/4/9 2:32:27 PM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 1083
## ڕاکردن بە گشتی
https://www.kurdipedia.org/?q=20220310003311407849
فایلی پی دی ئێف: ئامادەیە




ناونیشانی پەرتووک: ڕاکردن بە گشتی
ناوی نووسەر: ڕەجەب عەبدولڕەحمان محەمەد
چاپخانە: چاپی ئەلکترۆنی[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری پەرتووک: | پزیشکی - تەندروستی |
| جۆری پەرتووک: | وەرزش |
| جۆری دۆکومێنت: | زمانی یەکەم |
| جۆری وەشان: | دیجیتاڵ |
| زمان - شێوەزار: | کرمانجیی ناوەڕاست |
| فایلی PDF: | بەڵێ |
| وڵات: | باشووری کوردستان |

Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] تۆڕی کۆمەڵایەتی | کوردیی ناوەڕاست | کتێبخانەی PDF
کاتی تۆمارکردن: 2022/10/3 12:33:11 AM
ناوی تۆمارکار: ڕۆژگار کەرکوکی

---

بابەت: 1084
## ڕووداوەکانی کاسی جیهانی 1930-2006 تۆپی پێ
https://www.kurdipedia.org/?q=2012061016514967622
فایلی پی دی ئێف: هێشتا ئامادە نییە
عاسی فاتح وەیس

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری پەرتووک: | وەرزش |
| جۆری وەشان: | چاپکراو |
| زمان - شێوەزار: | کرمانجیی ناوەڕاست |

فایلی PDF: نەخێر
وڵات: باشووری کوردستان
Quick Respons Code:

کاتی تۆمارکردن: 2012/10/6 4:51:49 PM
ناوی تۆمارکار: بەناز جۆڵا

---

بابەت: 1085

## ڕۆحی پەپولەیەک

https://www.kurdipedia.org/?q=20180630084207152173

فایلی پی دی ئێف: هێشتا ئامادە نییە

نووسینی: محەمەد عەلی کلای
وەرگێڕانی: فواد عومەر حسێن
ئەگەر بەتەنها سەیری ژیانی بۆکسێنی (محمد علی کلای)بکەیت ئەوا محمد علی ڕاستی نادۆزیتەوە، ژیانی لەدەرەوەی گۆرەپانی بۆکسێن ئەوە بوو کە محمد علی دەیویست پێمان بڵێت ئەوە ئەزایەتیەکەی بوو کە کردی بەو پیاوە، ئەو پەیامبەر بوو، پاڵەوان بوو، شۆڕشگێر بوو، زۆر زیاتر بوو لە بۆکسبازێک بەراستی لەئاستی کەم دەکەیتەوە ئەگەر وەک بۆکسبازێک هەڵی بسەنگێنیت ئەو تەنها بۆ گەیاندنی پەیامەکەی یاری بۆکسێنی ئەنجام دەدا، واز لەبۆکسێن بێنن (محمد علی) دیاریەک بوو پێشکەشی جیهان کرا، جۆرج فۆرمان

خەڵکی هەمیشە دەیان پرسی کەدوای ئەوەی واز لەیاری بۆکسێن دەهێنم چیدەکەم وەلامەکەم ئەوکاتە هەمان وەلامی ئێستامە :لەماوەی ژیانی بۆکسێنمدا تۆ مئمد علی ە ڕاستیەکەت نەدیوە بەڵکوو کەمێک لەیاری بۆکسێن و کەمێک نمایشت بینیوە !! [1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری پەرتووک: | وەرزش |
| جۆری دۆکومێنت: | وەرگێڕدراو |
| زمان - شێوەزار: | کرمانجیی ناوەڕاست |
| شار و شارۆچکەکان: | سلێمانی |
| فایلی PDF: | نەخێر |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| وەرگێڕدراو لە زمانی: | عەرەبی |
| Quick Respons Code: | |

سەرچاوەکان
[1] تۆڕی کۆمەڵایەتی | کوردیی ناوەڕاست | کتێبخانە ( PDF )
کاتی تۆمارکردن: 2018/30/6 8:42:07 AM
ناوی تۆمارکار: زریان سەرچناری

---

بابەت: 1086

## ڕێبەری تەندروستی وەرزشوانان

https://www.kurdipedia.org/?q=2014033100400795829

فایلی پی دی ئێف: هێشتا ئامادە نییە

سەلاح سەعدون

هەولێر-2003

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری پەرتووک: پزیشکی - تەندروستی

جۆری پەرتووک: وەرزش

جۆری دۆکومێنت: زمانی یەکەم

جۆری وەشان: چاپکراو

زمان - شێوەزار: کرمانجیی ناوەڕاست

شار و شارۆچکەکان: هەولێر

فایلی PDF: نەخێر

وڵات: باشووری کوردستان

Quick Respons Code:

کاتی تۆمارکردن: 2014/31/3 12:40:07 AM

ناوی تۆمارکار: بەناز جۆڵا

---

بابەت: 1087

## ڕێبەری شاخەوانی

https://www.kurdipedia.org/?q=20211214194504398612

فایلی پی دی ئێف: هێشتا ئامادە نییە




...[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری پەرتووک: وەرزش

جۆری دۆکومێنت: زمانی یەکەم

جۆری وەشان: چاپکراو

زمان - شێوەزار: کرمانجیی ناوەڕاست

فایلی PDF: نەخێر

Quick Respons Code:

سەرچاوەکان

[1] تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - زریان عەلی

کاتی تۆمارکردن: 2021/14/12 7:45:04 PM

ناوی تۆمارکار: زریان عەلی

---

بابەت: 1088

## ڕێبەری ڕۆژنامەوانی وەرزشی

https://www.kurdipedia.org/?q=20190519102803288691

فایلی پی دی ئێف: هێشتا ئامادە نییە




هەرێز جەمال

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری پەرتووک: وەرزش

جۆری دۆکومێنت: زمانی یەکەم

زمان - شێوەزار: کرمانجیی ناوەڕاست

شار و شارۆچکەکان: هەولێر

فایلی PDF: نەخێر

وڵات: باشووری کوردستان

Quick Respons Code:

کاتی تۆمارکردن: 2019/19/5 10:28:03 AM

ناوی تۆمارکار: زریان سەرچناری

---

بابەت: 1089

## ڕێگەیەکی دیکە بۆ سەرکەوتن؛ پیپ گواردیۆلا

https://www.kurdipedia.org/?q=20160212111240130054

فایلی پی دی ئێف: ئامادەیە




پیپ گواردوێلا

وەرگێڕانی : ئەحمەد سەنگاوی

بابەت: وەرزشی

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری پەرتووک: وەرزش

جۆری دۆکومێنت: زمانی یەکەم

جۆری دۆکومێنت: وەرگێڕدراو

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوە: ئەندێشە

زمان - شێوەزار: کرمانجیی ناوەڕاست

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

فایلی PDF: بەڵێ

وڵات: باشووری کوردستان

:Quick Respons Code

کاتی تۆمارکردن: AM 11:12:40 2016/12/2
ناوی تۆمارکار: سەریاس ئەحمەد

---

بابەت: 1090

## کاریگەری ڕاهێنانی فارتلک لەسەر چەند گۆڕاوێکی جەستەیی و فیسۆلۆژی لای یاریزانانی فووتساڵ

https://www.kurdipedia.org/?q=20220127181727403006

فایلی پی دی ئێف: ئامادەیە



ناونیشانی پەرتووک: کاریگەری ڕاهێنانی فارتلک لەسەر چەند گۆڕاوێکی جەستەیی و فیسۆلۆژی لای یاریزانانی فووتساڵ
ناوی نووسەر: شوکریە ڕەسوڵ عەزیز- عومەر عەلی حسەین- ژیکاڵ عەبدوڵا وەیس
بابەت: توێژینەوەی دەرچوونی زانکۆ
شوێنی چاپ: زانکۆی کۆیە
ساڵی چاپ: 2021
ژمارەی چاپ: یەکەم
[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری پەرتووک: | وەرزش |
| جۆری تێز: | بەکالۆریۆس |
| جۆری دۆکومێنت: | زمانی یەکەم |
| جۆری وەشان: | چاپکراو |
| زمان - شێوەزار: | کرمانجیی ناوەڕاست |
| شار و شارۆچکەکان: | سلێمانی |
| فایلی PDF: | بەڵێ |
| وڵات: | باشووری کوردستان |

:Quick Respons Code

سەرچاوەکان
[1] تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | کوردیی ناوەڕاست | ئەم پەرتووکە بەتایبەتی لەلایەن (نووسەر)ەوە لە ڕۆژی 27-01-2022 بۆ کوردیپێدیا نێردراوە
کاتی تۆمارکردن: PM 6:17:27 2022/27/1
ناوی تۆمارکار: سەریاس ئەحمەد

---

بابەت: 1091

## کورتە مێژوویەکی وەرزش و ئۆلۆمپیک

https://www.kurdipedia.org/?q=20101227020756200000

فایلی پی دی ئێف: ئامادەیە




نووسەر
مەهدی بودری
ژمارەی لاپەڕەکان
152
ساڵی چاپ
2009
دیزاینی بەرگ
هۆگر سدیق
کەتەلۆگ
مێژوو

تایبەتمەندییەکانی بابەت
جۆری پەرتووک: وەرزش
دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوە: دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی
فایلی PDF: بەڵێ
وڵات: باشووری کوردستان
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی
کاتی تۆمارکردن: 2010/27/12 2:07:56 AM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 1092
## یاریزانانی دێرینی هەولێر 1925-1990
https://www.kurdipedia.org/?q=20190203121838248916
فایلی پی دی ئێف: هێشتا ئامادە نییە




نووسەر : مزۆ لەشکری عەزیز
شوێن: هەولێر - چاپخانەی شەهاب
ساڵ: 2014
لاپەڕە:490ل.
لە بڵاوکراوەکانی دەزگای بەدرخان

تایبەتمەندییەکانی بابەت
جۆری پەرتووک: بیبلۆگرافیا
جۆری پەرتووک: وەرزش
جۆری دۆکومێنت: زمانی یەکەم
زمان - شێوەزار: کرمانجیی ناوەڕاست
فایلی PDF: نەخێر
وڵات: باشووری کوردستان

Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] تۆڕی کۆمەڵایەتی | کوردیی ناوەڕاست | Shwan Sleman
کاتی تۆمارکردن: 2019/3/2 12:18:38 PM
ناوی تۆمارکار: زریان سەرچناری

---

بابەت: 1093
## یارییە بچووککراوەکان
https://www.kurdipedia.org/?q=20220201210606403497
فایلی پی دی ئێف: ئامادەیە



ناونیشانی پەرتووک: یارییە بچووککراوەکان
ناوی نووسەر: ڕەجەب عەبدولڕەحمان محەمەد
شوێنی چاپ: سلێمانی
ساڵی چاپ: 2022
ژمارەی چاپ: یەکەم
[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
جۆری پەرتووک: وەرزش
جۆری دۆکومێنت: زمانی یەکەم
جۆری وەشان: چاپکراو
زمان - شێوەزار: کرمانجیی ناوەڕاست
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
فایلی PDF: بەڵێ
وڵات: باشووری کوردستان
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | کوردیی ناوەڕاست | ئەم پەرتووکە بەتایبەتی لەلایەن (نووسەر)ەوە لە ڕۆژی 01-02-2022 بۆ کوردیپێدیا نێردراوە
کاتی تۆمارکردن: 2022/1/2 9:06:06 PM
ناوی تۆمارکار: سەریاس ئەحمەد

---

بابەت: 1094
## یاریە بەناوبانگەکان
https://www.kurdipedia.org/?q=20120620233640711144
فایلی پی دی ئێف: هێشتا ئامادە نییە

کامیرۆن خۆسکی

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری پەرتووک: وەرزش

جۆری دۆکومێنت: وەرگێڕدراو

جۆری وەشان: چاپکراو

زمان - شێوەزار: کرمانجیی ناوەڕاست

شار و شارۆچکەکان: هەولێر

فایلی PDF: نەخێر

وڵات: باشووری کوردستان

Quick Respons Code:

کاتی تۆمارکردن: 2012/20/6 11:36:40 PM

ناوی تۆمارکار: بەناز جۆڵا

---

بابەت: 1095

**یاساکانی تۆپی پێ لە نێوان پرسیار و وەڵامدا**

https://www.kurdipedia.org/?q=2014033100400799581

فایلی پی دی ئێف: هێشتا ئامادە نییە

شوان ئەفراسیاب

سلێمانی-2007

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری پەرتووک: وەرزش

جۆری دۆکومێنت: زمانی یەکەم

جۆری وەشان: چاپکراو

زمان - شێوەزار: کرمانجیی ناوەڕاست

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

فایلی PDF: نەخێر

وڵات: باشووری کوردستان

Quick Respons Code:

کاتی تۆمارکردن: 2014/31/3 12:40:07 AM

ناوی تۆمارکار: بەناز جۆڵا

---

بابەت: 1096

**یاساکانی فەرمی تۆپی باڵە**

https://www.kurdipedia.org/?q=20220424013210411249

فایلی پی دی ئێف: ئامادەیە




ناونیشانی پەڕتووک: یاساکانی فەرمی تۆپی باڵە
ناوی وەرگێڕ و دانان: عیمران موسا عیسا
ساڵی چاپ: چاپی یەکەم 2020
[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری پەڕتووک: | وەرزش |
| جۆری دۆکومێنت: | وەرگێڕدراو |
| جۆری وەشان: | چاپکراو |
| زمان - شێوەزار: | کرمانجیی ناوەڕاست |
| فایلی PDF: | بەڵێ |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| Quick Respons Code: | |

سەرچاوەکان
[1] تۆڕی کۆمەڵایەتی | کوردیی ناوەڕاست | کتێبخانەی PDF
کاتی تۆمارکردن: AM 1:32:10 2022/24/4
ناوی تۆمارکار: ڕۆژگار کەرکوکی

---

بابەت: 1097
## یاسای تۆپی پێ
https://www.kurdipedia.org/?q=2012061016514967335

فایلی پی دی ئێف: هێشتا ئامادە نییە
ستار عەبدوڵڵا ئەحمەد بەرزنجی

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری پەڕتووک: | وەرزش |
| جۆری دۆکومێنت: | زمانی یەکەم |
| جۆری وەشان: | چاپکراو |
| زمان - شێوەزار: | کرمانجیی ناوەڕاست |
| فایلی PDF: | نەخێر |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| Quick Respons Code: | |

کاتی تۆمارکردن: PM 4:51:49 2012/10/6
ناوی تۆمارکار: بەناز جۆڵا

---

بابەت: 1098

**یۆگا دارشان**

https://www.kurdipedia.org/?q=20190915090655370613

فایلی پی دی ئێف: هێشتا ئامادە نییە




نووسینی: هاوبیر کامەران حەمەئەمین
یۆگادارشان یەکێکە لە سەرچاوە زۆر باشەکانی یۆگا بە زمانی کوردی و ڕێبوارانی و یۆگا و کەسانێکیش کە سەرتایانە بۆ دەستپێکردنی یۆگا دەتوانن زۆر لێی سودمەند بن.
یۆگادارشان لەلایەن زنجیرە کتێبی یۆگا و عیرفان لە کوردستان بە چاپێکی ناوازە چاپ کراوە و غەزەلنوس بڵاوی کردۆتەوە. لەلایەن هونەرمەندی شێوەکار گۆران محەمەدەوە بەرگەکەی نەخشێنراوە. [1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری پەرتووک: | پزیشکی - تەندروستی |
| جۆری پەرتووک: | وەرزش |
| جۆری دۆکومێنت: | زمانی یەکەم |
| زمان - شێوەزار: | کرمانجیی ناوەڕاست |
| فایلی PDF: | نەخێر |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| Quick Respons Code: | |

سەرچاوەکان
[1] تۆڕی کۆمەڵایەتی | کوردیی ناوەڕاست | زنجیرە کتێبی یۆگاو عیرفان لە کوردستان

کاتی تۆمارکردن: 2019/15/9 9:06:55 AM

ناوی تۆمارکار: زریان سەرچناری

---

بابەت: 1099

**یۆگا مەشقی ژیان: بنەماکانی یۆگای نوێ بۆ پاراستنی تەندروستی و..**

https://www.kurdipedia.org/?q=20120610165149656664

فایلی پی دی ئێف: هێشتا ئامادە نییە

محەمەد چیا

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری پەرتووک: | وەرزش |
| جۆری وەشان: | چاپکراو |
| زمان - شێوەزار: | کرمانجیی ناوەڕاست |
| فایلی PDF: | نەخێر |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| Quick Respons Code: | |

کاتی تۆمارکردن: PM 4:51:49 2012/10/6
ناوی تۆمارکار: بەناز جۆلا

---

بابەت: 1100

## یۆگا هەمیشە لاوبی

https://www.kurdipedia.org/?q=20180611133548151503

فایلی پی دی ئێف: هێشتا ئامادە نییە




وەرگێڕ: مەحمود کزەڵ
چاپی یەکەم 2010 [1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری پەرتووک: وەرزش
جۆری دۆکومێنت: زمانی یەکەم
زمان - شێوەزار: کرمانجیی ناوەڕاست
فایلی PDF: نەخێر
وڵات: باشووری کوردستان
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] تۆڕی کۆمەڵایەتی | کوردیی ناوەڕاست | زنجیرە کتێبی یۆگاو عیرفان لە کوردستان
کاتی تۆمارکردن: PM 1:35:48 2018/11/6
ناوی تۆمارکار: زریان سەرچناری

---

بابەت: 1101

## یۆگا: تەکنیکە بەسوودەکانی

https://www.kurdipedia.org/?q=2012061016514967585

فایلی پی دی ئێف: هێشتا ئامادە نییە
عەلی ئەکبەر مەجیدی

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری پەرتووک: وەرزش
جۆری وەشان: چاپکراو
زمان - شێوەزار: کرمانجیی ناوەڕاست
فایلی PDF: نەخێر
وڵات: باشووری کوردستان
Quick Respons Code:

کاتی تۆمارکردن: PM 4:51:49 2012/10/6

ناوی تۆمارکار: بەناز جۆلا

بابەت: 1102

## 7 یاریزانی کورد لە ریزی هەڵبژاردەی ئێراق یاری دەکەن و دەچنە وڵاتی ئوردن بەمەبەستی یاریکردن لەپاڵەوانییەتییەکی دۆستانەدا

https://www.kurdipedia.org/?q=20220920220212435227

هەڵبژاردەی یەکەمی ئێراق بەسەرپەرشتی رازی شنێشلی راهێنەر، رۆژی چوارشەممە بەمەبەستی بەشداریکردن لەپاڵەوانێتییەکی دۆستانە بەرەو وڵاتی ئوردن بەرێدەکەون.
پاڵەوانێتی دۆستانەی ئوردن رۆژی 23-09-2022 لە عەممانی پایتەخت بە بەشداری هەڵبژاردەکانی ئێراق، میرنشینی عوممان، سووریا لەگەڵ ئوردن دەستپێدەکات و هەفتەیەک یارییەکانی بەردەوام دەبن.
هەڵبژاردەی ئێراق هەفتەیەکە راهێنانەکانی لە یاریگای مەدینەی بەغدا بەردەوامە و فیدراسیۆنی تۆپی پێی ئێراق هەموو هەواهەنگی و پاڵپشتییەکی تیپەکەی کردووە لەپێناو بەدەستهێنانی ئەنجامێکی باش لەو پاڵەوانێتییەدا.
لەنێو هەڵبژاردەی یەکەمی ئێراق 7 یاریزانی کورد یاری دەکەن کە بریتین لە: مێرخاس دۆسکی، یاریزانی یانەی سلۆڤاکۆی چیکی، ئالای فازیل، یاریزانی یۆتۆبۆریی سویدی، هیران ئەحمەد، یاریزانی یانەی سونی سویسری، شێرکۆ کەریم، یاریزانی یانەی کوێتی کوێتی و ئاسۆ رۆستەم، یاریزانی یانەی سالمیەی کوێتی، دلۆڤان مەهدی، گۆڵپارێزی یانەی تەڵەبە لەگەڵ رێوان ئەمین، یاریزانی کوردی یانەی دالکورد.
ئاسۆ رۆستەم یاریزانی کورد و دووەم گۆڵکاری وەرزی رابردووی خولی نایابی ئێراق کە یەکەمجارە بانگهێشتی هەڵبژاردەی ئێراق دەکرێت، لە لێدوانێکی رۆژنامەوانیدا رایگەیاند خۆشحاڵم کە بۆ یەکەمجار درێسی هەڵبژاردەی ئێراق دەپۆشم پەنا بەخوا هیوام وایە ئامادەکارییەکانمان زۆر باش بێت بۆ پاڵەوانێتی دۆستانەی ئوردنی نێودەوڵەتی، دەمانەوێت دڵی شەقامی وەرزشی ئێراق بە وەرگرتنی ئەنجامێکی باش دڵخۆش بکەین.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری پەرتووک: | وەرزش |
| جۆری دۆکومێنت: | زمانی یەکەم |
| جۆری وەشان: | دیجیتاڵ |
| زمان - شێوەزار: | کرمانجیی ناوەڕاست |
| شار و شارۆچکەکان: | سلێمانی |
| وڵات: | باشووری کوردستان |

Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | کوردستان تیڤی

کاتی تۆمارکردن: 2022/20/9 10:02:12 PM
ناوی تۆمارکار: سروشت بەکر

بابەت: 1103

## ئارەق کردنەوەی زۆر لە کاتی وەرزش

https://www.kurdipedia.org/?q=20230114163153458314

ناونیشانی بابەت: ئارەق کردنەوەی زۆر لە کاتی وەرزش
ئامادەکردن: د. کامەران ژاژڵەیی

ئارەق کردنەوە میکانزمێکی لەشە بۆ رێخستنی پلەی گەرمی جەستە، لە رێگەی ئارەق رژێنەکانی پێستەوە ئاو و خوێ دەرێژرێتە

دەرەوەی لەشەوە بۆ فێنک کردنەوەی. ئارەق کردنەوەی زۆر لە کاتی وەرزش مانای ئەوە نییە کە بڕێکی زیاتر لە چەوریە زیادەی لەش دەسووتێت؛ چونکە هەموو جۆرە وەرزشێک ئەبێتە هۆی زیادکردنی چالاکی ماسوولکەکان و چالاکی دڵ و بڕی خوێنی لەش بۆ پێست و بەرز بوونەوەی پلەی گەرمی لەش؛ ئەمەش دەبێتە هۆی ئارەق کردنەوە.
بەڵام وەرزش کردن لە شوێنی گەرم یان بە جلی تەسک یان ئەستوور یان بە داپۆشینی لەش بە نایلۆنەوە دەبێتە هۆی ئارەق کردنەوەی زیاتر بێ ئەوەی بڕی زیاتر لە چەوری بسوتێت.
بەڵام مەلەکردن لە ناو ئاوی سارد یان لە هەر وەرزشێک کەشوهەوای سارد دەبێتە هۆی سووتانی بڕێکی باش لە چەوری بێ ئەوەی ئەو کەسە ئارەق زۆر بکاتەوە .
هەرچەندە دوای ئارەق کردنەوەی زۆر لە کاتی وەرزش ڕەنگە کێشی مرۆڤ کەم بکات بەڵام بەشی زۆری تەنیا بەهۆی لە دەست دانی ئاوی ناو لەش و پاش خواردنەوەی بڕی پێویست لە ئاو؛ دەردەکەوێت کە کێشی ئەو کەسە زۆر دانەبەزیووە.
بەڵام وەرزش کردن بە بەردەوامی و بۆ ماوەیەکی زۆر ڕۆڵێکی سەرەکی هەیە لە توانەوەی چەوری زیادەی لەش و دابەزینی کێش و زیادکردنی قەبارە و بارستایی ماسوولکەکانی لەش لەگەڵ ڕێجیم و بەرنامەی خۆراکی لەش.
لە بیرمان نەچێت ئارەق کردنەوەی زۆر لە هەندێک کەس هۆکاری تری هەیە کە لە کاتی ئاساییش دا هەر ئارەق زۆر دەکەنەوە. [1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری پەرتووک: | پزیشکی - تەندروستی |
| جۆری پەرتووک: | وەرزش |
| جۆری دۆکومێنت: | زمانی یەکەم |
| جۆری وەشان: | دیجیتاڵ |
| زمان - شێوەزار: | کرمانجیی ناوەڕاست |
| وڵات: | باشووری کوردستان |

Quick Respons Code:


سەرچاوەکان
[1] تۆڕی کۆمەڵایەتی | کوردیی ناوەڕاست | تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان؛ فەیسبووک؛ پەیجی (د. کامەران ژاژڵەیی) ڕۆژی 14-01-2023


کاتی تۆمارکردن: PM 4:31:53 2023/14/1
ناوی تۆمارکار: ڕۆژگار کەرکوکی

---

بابەت: 1104

## ئایا خواردنی پرۆتین بۆ خانمان مووی دەموچاو زیاد دەکات؟

https://www.kurdipedia.org/?q=20230203203908463756

ناونیشانی بابەت: ئایا خواردنی پرۆتین بۆ خانمان مووی دەمووچاو زیاد دەکات؟
ئامادەکردن: د. شادیار حەمەلاو

زۆرێک لە خانمە چارەخوازەکانمان کە وەرزش دەکەن بۆ گەورەبوونی ماسوولکەکانیان، گلەیی ئەوە دەکەن کە پرۆتینیان خواردووە بەهۆیەوە مووی دەمووچاویان زیادی کردووە.
لە ڕاستیدا بەکارهێنانی پرۆتین نابێتە هۆی زیادبوونی مووی دەموچاو بە مەرجێک پرۆتینەکە سافی بێت واتە هیچ ساختەکارییەکی تێدا نەکرابێ.
زۆرێک لە پرۆتینەکان کە دەهێنرێت بە کوالیتی کۆنترۆڵدا تێنەپەڕیوە ئەمەش دەکرێت کە هۆرمۆنی نێرینەی تێستۆستیرۆنیان تێکەڵ بە پرۆتینەکە کردبێت کە دەبێتە هۆی:-
1- قژ ڕووتانەوە.
2- چەوربوونی پێست و درووستبوونی زیپکە.

3- زیادبوونی مووی دەمووچاو.
بۆیە ئامۆژگاریمان ئەوەیە کە دڵنیا ببنەوە لە کوالیتیی ئەو پڕۆتینانەی کە بەکاری دەهێنن. [1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری پەرتووک: | پزیشکی - تەندروستی |
| جۆری پەرتووک: | وەرزش |
| جۆری دۆکومێنت: | زمانی یەکەم |
| جۆری وەشان: | دیجیتاڵ |
| زمان - شێوەزار: | کرمانجیی ناوەڕاست |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| Quick Respons Code: | |

سەرچاوەکان
[1] تۆڕی کۆمەڵایەتی | کوردیی ناوەڕاست | تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان؛ فەیسبووک؛ پەیجی (د. شادیار حەمەلاو) ڕۆژی 03-02-2023

کاتی تۆمارکردن: 2023/3/2 8:39:08 PM
ناوی تۆمارکار: ڕۆژگار کەرکوکی

---

بابەت: 1105
## ئیدی ڕاهێنەرێکی کورد لە پرێمەرلیگدا دەبینین
https://www.kurdipedia.org/?q=20221022085152441316



یانەی نیوکاسڵ یونایتدی ئینگلیزی بەفەرمی گرێبەستکردنی لەگەڵ شوان جەلالی گۆڵپارێزی کورد ڕاگەیاند، کە وەک ڕاهێنەری گۆڵپارێزانی تیپی یەکەمی یانەکە لە خولی نایابی ئینگلیزیدا دەست بەکاردەبێت.
شوان جەلال، دوێنێ هەینی لە لێدوانێکدا بۆ ماڵپەڕی فەرمی یانە ئینگلیزییەکە، گوتی خۆشحاڵم کە پەیوەندیم بە نیوکاسڵ یونایتدەوە کردووە، بە پەرۆشم بۆ کارکردن لەگەڵ ئادەم، هەروەها لەگەڵ ئیدی هاو و تیمی ڕاهێنەرایەتی، کە زۆر ڕێزم بۆیان هەیە.
گۆڵپارێزی پێشووی یانەی بۆرنمۆس زیاتر گوتی زۆر کارم کردووە بۆ ئەوەی لێرە بم، ئاگاداری قەبارەی یانەکە و پرۆژەی داهاتووم، ناتوانم چاوەڕێی دەستپێکردن بکەم.
شوان جەلال، کە چەندین ئەزموونی لەگەڵ یانەکانی ئینگلتەرا لە خولی پلە یەکدا هەبووە، پێشتر لە لەگەڵ هەڵبژاردەی ئێراق لە زۆر یاری دۆستانە و کەمپەکانی دەرەوە بەشداری کردووە، بەڵام نەیتوانی بە درێسی ئەو هەڵبژاردەیەوە بەشداری لە هیچ پاڵەوانێتییەکی کیشوەری و نێودەوڵەتیدا بکات، کە بەهۆی پێکانەوە ماوەیەک زۆر لە یاریگاکان دوورکەوتووەتەوە.
پێشتر میدیای بەریتانیا ڕایگەیاندبوو کە ئیدی هاو، ڕاهێنەری نیوکاسڵ دەیەوێت یانەکەی گرێبەست لەگەڵ شوان جەلال، گۆڵپارێزی کورد واژۆ بکات بۆ ئەوەی لە شوێنی سیمۆن سمیس، پۆستی ڕاهێنەرایەتی گۆڵپارێزانی یانەکە وەربگرێت، کە ئەمەی دووەمیان وازی لە کارەکەی هێناوە.
شوان جەلال، پێشتر 6 ساڵ لە یانەی بۆرنمۆس لەژێر سەرپەرشتی ئیدی هاو یارییکردووە، لە ساڵی 2020 بەیەکجاری وازی لە یارییکردن هێنا و بەمدواییە ڕاهێنەری گۆڵپارێزانی یانەی ستۆکپۆرت کاونتی ئینگلیزی بوو.
ئیدی هاوی ڕاهێنەری نیوکاسڵ، پەیوەندییەکی بەهێزی لەگەڵ گۆڵپارێزە کوردەکە هەیە و دەیەوێت سوود لە ئەزموونی کارکردنیان بەیەکەوە وەربگرێت.
شوان جەلال، تەمەنی 38 ساڵە، لە 1998ەوە دەستی بە یارییکردن کردووە و لە کاروانی

یاریکردنیدا لە یانەکانی هاستینگس تاون، تۆتێنهام، وکینگ، پیتەربورۆ یونایتد، بۆرنمۆوس، ئۆکسفۆرد، نۆرسامپتۆن تاون و چەند یانەیەکی دیکە یاریکردووە و دوایین وێستگەی یاریکردنیشی لە تیپی یانەی چێستەرفیلد بووە لە 2018 بۆ 2020 و دوای ئەوەش وازی لە یاریکردن هێناوە.
گۆڵپارێزە کوردەکە لە بەغدا لە دایکبووە، بەڵام لە شاری هاستینگسی بەریتانیا گەورە بووە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری پەڕتووک: | هەواڵ |
| جۆری پەڕتووک: | وەرزش |
| جۆری پەڕتووک: | ڕاپۆرت |
| جۆری دۆکومێنت: | زمانی یەکەم |
| جۆری وەشان: | دیجیتاڵ |
| زمان - شێوەزار: | کرمانجیی ناوەڕاست |
| وڵات: | شانشینی یەکگرتوو (بەریتانیا) |

Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | www.rudaw.net

کاتی تۆمارکردن: 2022/22/10 8:51:52 AM
ناوی تۆمارکار: هەژار کامەلا

---

بابەت: 1106

## ئەو خۆراکانەی ئاستی وزەی جەستە دادەبەزێنن

https://www.kurdipedia.org/?q=20220205215424404038



بابەت: وەرزشی
خۆراکەکان ڕۆڵیان هەیە لە کۆنترۆڵکردنی وزەی جەستە، بە جۆرێک تەواوی ڕۆژەکە هەست بە چالاکی و وزە بکەیت، لەگەڵ ئەوەشدا هەندێک لە خۆراکەکان توشی بێهێزی و تەمبەڵی و خەواڵویت دەکەن.
هەستکردنی مرۆڤ بە ماندوێتی و تەمبەڵی لە هەندێک دۆخدا پەیوەندی بە خۆراکەوە هەیە، هەر بۆیە گرنگە ئاگاداری ئەو خۆراکانە بن کە ڕۆژانە دەخورێن، چونکە ڕاستەوخۆ کاریگەری لەسەر ئاستی وزەی جەستە دەبێت، وەک:
1- دانەوێڵەکان بۆ خوانی بەیانی:
ئەو خۆراکانەی ئاستی دانەوێڵەیان بەرزە و بڕێکی زۆر شەکریان تێدایە، ئەگەرچی شەکر وزە بە خێرای بەرز دەکاتەوە، بەڵام درێژە ناکێشێت و لە ماوەیەکی کەمدا ئاستی شەکر لە خوێندا بەرز دەکاتەوە و وزەی جەستە دادەبەزێنێت.
2- خواردنەوە وزە بەخشەکان:
ئەم جۆرە خواردنەوانە، بەجۆرێک دروستکراون کە کاریگەرییەکەیان بۆ ماوەیەکی کورتە، جەستە بڕێکی زۆر کافاین و شەکر بۆ ماوەیەکی دیاریکراو وەردەگرێت، ئاستی شەکر لە خوێندا کەمدەکاتەوە کە بەهۆیەوە وزەی جەستە دادەبەزێت.
3- نانی سپی:
باشترە لە بری نانی سپی نانی بۆر بخورێت وەک نانی جۆ، چونکە بەهۆی بەرزی ئاستی کاربۆهیدرات لە نانی سپیدا بەخێرای شەکر لە خوێندا زیاد دەکات کە بەهەمان خێرایش

شەکر دادەبەزێنێت، بەوجۆرەش وزەی جەستە کەمدەبێتەوە.
4- خۆراکە سورەکراوەکان:
ئەو جۆرە خۆراکانە ماوەیەکی زۆریان دەوێت بۆ هەرسبوون، بەهۆیەوە جەستە ماندوو دەکات بە جۆرێک بڕێکی زۆر خوێن دەنێرێت بۆ بەشەکانی تری جەستە، بەو جۆرەش جەستە بڕێکی زۆر لە وزەکەی لەدەستدەدات.
[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری پەرتووک: | وەرزش |
| جۆری دۆکومێنت: | زمانی یەکەم |
| زمان - شێوەزار: | کرمانجیی ناوەڕاست |
| شار و شارۆچکەکان: | سلێمانی |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| Quick Respons Code: | |

سەرچاوەکان
[1] تۆڕی کۆمەڵایەتی | کوردیی ناوەڕاست | پەیجی زانیاری وەرزشی

| | |
|---|---|
| کاتی تۆمارکردن: | 2022/5/2 9:54:24 PM |
| ناوی تۆمارکار: | سروشت بەکر |

بابەت: 1107
## بازیان بەرەوو لوتکە هەنگاو دەنێ
https://www.kurdipedia.org/?q=20230207185005464700
تیپی تۆپی پێی یانەی وەرزشی بازیان بەشدار لە یارییەکانی خولی یانە پلە یەکەکانی کوردستان، ئەم وەرزە بە سەرپەرشتی دارا محەمەدی ڕاهێنەری کوردی شاری کەرکووک دەیەوێت ببێتە یەکێک لە تیپە بەهێزەکانی خولەکە بۆ ئەوەی بتوانێ هەنگاوبەهەنگاو خۆی لە ڕیزبەندی یەکەمی یانەکانی خولەکە ببینێتەوە، یانەکە لەسەر دەستی ئەو ڕاهێنەرە بە کۆکردنەوەی 16خاڵ لە دە یاری بە پلەی چوارەم دێت، یاری بۆ یاری دەیەوێت ژمارەی خاڵەکانی لەگەڵ تیپەکانی پێشەنگ هاوتا بکات، لەم بارەشەوە دارا محەمەد بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: ئامانجی ئێمە بۆ ئەم قۆناغە کێبڕکێ بکەین بۆ سەرکەوتن بۆ خولی نایابی یانەکانی کوردستان، جگە لەوەش ئێمە گۆڕانکاریمان لە تیپەکە کردووە شەش یاریزانمان لە یانەکە دەستبەرداریان بووین و لە بری ئەوانیش پێنج یاریزانی تازەمان هێناوە، ئامادەکاری پێویستمان کردووە بۆ ئەم قۆناغە، چونکە یارییەکانی هەمووی گرنگە و دەبێت بە هەستیارییەوە هەنگاو بنێ بۆ ئەوەی هیچ خاڵێک لە دەست نەدەی، هەموو هەوڵێکی خۆمان دەخەینە گەڕ بۆ ئەوەی بتوانین ئاست و ئەنجامی شایستە دەستەبەر بکەین و پلیتێکی خولی نایابی کوردستان بەدەست بهێنین.
[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری پەرتووک: | وەرزش |
| جۆری دۆکومێنت: | زمانی یەکەم |
| جۆری وەشان: | دیجیتاڵ |
| زمان - شێوەزار: | کرمانجیی ناوەڕاست |
| وڵات: | باشووری کوردستان |

Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی گوڵان - 2023-02-07
کاتی تۆمارکردن: 2023/7/2 6:50:05 PM
ناوی تۆمارکار: سروشت بەکر

---

بابەت: 1108

## باشترین جۆرەکانی خۆراک بۆ بەهێزکردنی ماسوولکەکان

https://www.kurdipedia.org/?q=20230102150329455952

ناونیشانی بابەت: باشترین جۆرەکانی خۆراک بۆ بەهێزکردنی ماسوولکەکان
ئامادەکردن: د. کانەران ژاژڵەیی

گرنگترین ڕێنماییە گشتی و بنەڕەتەیەکان:
بۆ پاراستنی ماسوولکە و درووستکردنی ماسولکەکان ئەم خواردنانە بخۆ:
1- ماسی سەلموون.
2- سینگی مریشک و قەل و گۆشتی سووری بێ چەوری.
3- سپێناخ؛ هەروەها جەرجیر.
4- زەیتی زەیتوون؛ یەک بۆ دوو کەوچکی چێشت لە ناو زەڵاتەدا پاش هەموو وەرزشێک، یان لە ناو خواردن بەڵام بۆ خواردن سوورکردنەوە نابێت بەکار بێت.
5- دەنکی کەتان.
6- شیر؛ یەک بۆ دوو پەرداخ پاش وەرزش یان پەنیر 0
7 سپێنەی هێلکە؛ یەک بۆ دوو هێلکە ڕۆژانە؛ بە دەڵەمەیی یان کوڵاوی باشترە.
8- پەتاتە.
9- گوێز و فستق و بادام و گوڵە بەڕۆژە.
10- پاقلەمەنیەکان.
11- مۆز و کێوی و شاتوو و تووترک و شلیک و ئەنەناس.
گرنگترین ڕێنماییە گشتی و بنەڕەتەیەکان:
1- زۆر گرنگە بڕێکی زۆر ئاو بخورێتەوە ڕۆژانە لەنێوان ژەمەکان؛ لەکاتی وەرزش دا هەموو نیو کاتژمێرێک یەک پەرداخ یان زیاتر ئاو بخورێتەوە.
2- هەفتانە پێنج ڕۆژ وەرزش پێویستە؛ ڕاهێنانی ئاسن یان بەهێزکردنی ماسوولکەکان بۆ ماوەی سێ چارەک یان زیاتر بۆ ماوەی چوار هەفتە یان زیاتر بۆ درووستکردن و بەهێزکردنی ماسولکەکان؛ دواتر سێ ڕۆژ لە فتەیەک بۆ پاراستن و هێشتنەوەیان.
3- بەکارهێنانی دەرزی هۆرمۆن ودەرزی زەیتی و بەکارهێنانی پاودەری پرۆتین بۆ ماوەیەکی زۆر و بێ دڵنیا بوونەوە لە کولآنی کۆنترۆڵکردنی و شوێنی هەڵگرتنی و باشترە لەژێر ڕێنمایی پزیشک دابێت.
4- بەکارهێنانی خواردنەوە وزەبەخشەکان و کحولیەکان و گازیەکان.
5- ڕێکردنەوەی کەمی ڤیتامینەکان و کانزاکان بە تایبەت ڤیتامین دی و سی و زنک و کالسیۆم و مەگنسیۆم.
6- دوور کەوتنەوە لە شەونخوونی و نووستن بۆ ماوەی پێویست بۆ زیاتر کردنی هۆرمۆنی گەشە و هۆرمۆنی خەو و کەمکردنەوەی هۆرمۆنی قەلەقی بە تایبەت کورتیزۆن.
7- خواردنی ژەمەکان لەکاتی خۆی دا بە تایبەت ژەمی بەیانی لەگەڵ خواردنی میوە و سەوزە دوو بۆ سێ جار ڕۆژانە. [1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
جۆری پەرتووک: پزیشکی - تەندروستی
جۆری پەرتووک: وەرزش

جۆری دۆکومێنت: زمانی یەکەم
جۆری وەشان: دیجیتاڵ
زمان - شێوەزار: کرمانجیی ناوەڕاست
وڵات: باشووری کوردستان
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] تۆڕی کۆمەڵایەتی | کوردیی ناوەڕاست | تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان؛ فەیسبووک؛ پەیجی (د. کامەران ژاژڵەیی) ڕۆژی 02-01-2023
کاتی تۆمارکردن: 2023/2/1 3:03:29 PM
ناوی تۆمارکار: ڕۆژگار کەرکوکی

---

بابەت: 1109

## بۆیەکەم جار تیروپشکی قۆناغی کۆمەڵەکانی مۆندیالی شارەکانی کوردستان ساڵی 2022 ڕاکێشرا

https://www.kurdipedia.org/?q=20220720012821423961




تیروپشکی قۆناغی کۆمەڵەکانی مۆندیالی شارەکانی کوردستان ڕاکێشرا و مۆندیالەکەش کۆتایی ئەم مانگە دەستپێدەکات.
لە شاری سلێمانی بە بەشداری 32 هەڵبژاردەی شارەکانی کوردستان تیروپشکی مۆندیالی کوردستان بە ئامادەبوونی نوێنەری هەڵبژاردە بەشداربووەکان و وەرزشکاران و ڕۆژنامەنوسان ڕاکێشرا.
ئەو هەڵبژاردەیەی دەبێتە پاڵەوانی مۆندیالی کوردستان بە 10 هەزار دۆلار و میدالیای زێڕ خەڵات دەکرێت و هەڵبژاردەی پلەی دووەمیش پێنج هەزار دۆلار و میدالیای زیو وەردەگرێت، بڕی دوو هەزار و پێنج سەد دۆلاریش دەبەخشرێتە هەڵبژاردەی پلەی سێیەم.
سەرجەم یارییەکانی مۆندیالی کوردستان لە کەناڵی ئێن ئاڕ تی سپۆرت و پەیجی ئێن ئاڕ تی سپۆرت دەگوازرێنەوە و یاری کۆتاییش بە 12 کامێرای تایبەت و بە بوونی ڤار لە یاریگادا پەخش دەکرێت.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
جۆری پەرتووک: وەرزش
جۆری دۆکومێنت: زمانی یەکەم
جۆری وەشان: دیجیتاڵ
زمان - شێوەزار: کرمانجیی ناوەڕاست
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
وڵات: باشووری کوردستان
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] تۆڕی کۆمەڵایەتی | کوردیی ناوەڕاست | سپۆرت میدیا
کاتی تۆمارکردن: 2022/20/7 1:28:21 AM
ناوی تۆمارکار: سروشت بەکر

بابەت: 1110
## بەپێی جۆری جەستەت، بزانە کام شێوازی وەرزشکردنە بۆتۆ باشترە
https://www.kurdipedia.org/?q=20220226000225406354




بابەت: وەرزشی
جۆر و شێوازەکانی جەستە جیاوازن، هەر بۆیە گرنگە کە بزانیت بەپێی جۆری جەستەت وەرزش بکەیت:
جۆری یەکەم: دروستکردنی ماسولکە لەم جۆرەدا کەمێک قورسە، هەر بۆیە پێویستە زیاتر وەرزشی کاریدۆ بکەیت، لە هەفتەیەکدا (3) ڕۆژ بە چڕی(2) ڕۆژ بە ئاسایی.
جۆری دووەم: زیاتر لە شێوەی هەرمێیە، دەتوانیت وەرزشی ئاسن و پیاسە بکەیت، مەلەوانی یەکێکە لە باشترین جۆرەکانی وەرزشکردن.
جۆری سێیەم: لە جەستە ڕێژەی مێتابۆلیزم تێیدا بەرزە، بۆیە وەرزشی ڕاکردن کاریگەریەکی باشی هەیە.
[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری پەرتووک: | وەرزش |
| جۆری دۆکومێنت: | زمانی یەکەم |
| زمان - شێوەزار: | کرمانجیی ناوەڕاست |
| شار و شارۆچکەکان: | سلێمانی |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| Quick Respons Code: | |

سەرچاوەکان
[1] تۆڕی کۆمەڵایەتی | کوردیی ناوەڕاست | پەیجی زانیاری وەرزشی
کاتی تۆمارکردن: 2022/26/2 12:02:25 AM
ناوی تۆمارکار: سروشت بەکر

بابەت: 1111
## بەرگریکارە جەنگاوەرەکەی کورد بۆ تاقیکردنەوەیەکی نوێ ئامادەیە
https://www.kurdipedia.org/?q=20190704210927348698




پاش کۆتایی هاتنی ماوەی بۆندەکەی لەگەڵ یانەی ئەلنەسر-ی ئیماراتی لەکۆتایی مانگی حوزەیرانی ڕابردوودا، بەرگریکارە کوردەکەی هەڵبژاردەی تۆپی پێی لوبنان هەڵوێستی خۆی ڕوون دەکاتەوە و بۆ وەرزێکی تریش ئارەزووی مانەوە و یاری کردن لەخولی نایابی تۆپی پێی کەنداوی عەرەبی یانەکانی ئیمارات دەکات.
جوان عومەری بەرگریکاری نێودەوڵەتی و پیشەگەریی کوردی لوبنان لەمیانەی دیدارێکیدا لەگەڵ ڕۆژنامەی (البیان)ی ئیماراتی دەڵێت: بیرۆکەی ئەوەم هەیە بۆ وەرزێکی تریش لەخولی نایابی کەنداوی عەرەبی یانەکانی ئیمارات بەردەوام بم لەیاری کردن.
جوان عومەری تەمەن 30 ساڵ کە مانگی کانوونی دووەمی ساڵی 2017 لەیانەی سیڤاس سپۆر و لوسوپور لیگی یانەکانی تورکیا ڕوویکردە یانەی ئەلنەسر و 1 ساڵ و نیو بۆ یانەکە یاری کرد و نیو وەرزی ڕابردوو 2018-2019 بەشێوەی خواستن یاری بۆ یانەی ساگان توسۆ-ی ژاپۆنی کرد، لەم دیدارەدا دان بەوەدا دەنێت کەڕاستەوخۆ پاش کۆتایی هاتنی ماوەی بۆندەکەی و نەمانی پەیوەندی بەیانەی ئەلنەسر-ەوە، لەلایەن یانەیەکی تری خولی نایابی

تۆپی پێی کەنداوی عەرەبی یانەکانی ئیمارات بۆندی پێشکەش کراوە، لەمبارەیەشەوە ئاشکرای دەکات کە زۆر خۆشحاڵە و ئارەزووی مانەوە و دووبارە یاری کردن لەخولەکە دەکات.
هەروەها ئەم بەرگریکارە بەئەزموون و جەنگاوەر ئامادەیی خۆی پیشانداوە بۆ تاقیکردنەوەیەکی نوێ لەخولی نایابی تۆپی پێی کەنداوی عەرەبی یانەکانی ئیمارات و لەمبارەیەوە بەرۆژنامەکەی ئیمارات دەڵێت: من یاریزانێکی پیشەگەرم و بەتەواوەتی لەگەڵ ئەوەدام کە گۆڕانکاریی سوننەتی ژیانە لەیاری تۆپی پێدا و ئامادەم بۆ تاقیکردنەوەیەکی تر بەتایبەت پاش ئەزموونی یاری کردن لە 4 خولی جیاواز، سەرەتا لەبۆندس لیگای ئەڵمانیا و دواتر لەسوپەر لیگی تورکیا و دواجاریش هەردوو خولی نایابی یانەکانی ئیمارات و ژاپۆن.
شایەنی باسە جوان عومەری بەرگریکاری نێودەوڵەتی کورد بەرەچەڵەک کوردی لوبنانە و ساڵی 1988 لەشاری بەرلین-ی ئەڵمانیا لەدایکبووە و لەژیانی پیشەگەریدا 10 ساڵی یەکەمی یاری کردنی لەگەڵ چوار یانەی ئەڵمانیا (راینکیندورف فۆکس، ئێس ڤی بابلسبێرگ 03، رۆت فایس ئێرفۆرت، ئێف ئێس ڤی فرانکفۆرت) بووە و دوای ئەوە لەدەرەوەی ئەڵمانیا و کیشوەری ئەوروپا بۆ یانەی سیڤاس سپۆر-ی تورکی و ئەلنەسر-ی ئیماراتی و ساگان توسۆ-ی ژاپۆنی/ بەخواستن یاری کردووە.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری پەرتووک: | وەرزش |
| جۆری دۆکومێنت: | وەرگێڕدراو |
| دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوە: | دەزگای دوارۆژ |
| زمان - شێوەزار: | کرمانجیی ناوەڕاست |
| وڵات: | لوبنان |
| Quick Respons Code: | |

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دوارۆژ - 2019-07-04
کاتی تۆمارکردن: 2019/4/7 9:09:27 PM
ناوی تۆمارکار: جوان عومەر ئەحمەد

---

بابەت: 1112

## بەشداری کردنی کورد لە کۆنگرێسی رۆژنامەنووسانی وەرزشی جیهان

https://www.kurdipedia.org/?q=20221003204658437489




لە رۆمای پایتەختی ئیتاڵیا، کارەکانی کۆنگرێسی رۆژنامەنووسانی وەرزشی جیهان دەستیپێکردو چەند رۆژنامەنووسێکی کوردیش لە و کۆنگرێسە بەشدارن.
ساڵانە رێکخراوی رۆژنامەنووسانی وەرزشی جیهان کە بە AIPS ناسراوە و نزیکەی 200 وڵات ئەندامێتی تێدا هەیە، کۆنگرەی خۆیان دەبەستن و گەنگەشەی کاروچالاکییەکانیان پاڵپشتیکردنی رۆژنامەنووسانی وەرزشی جیهان دووپات دەکەنەوە.
ساڵی رابردوو بەهۆی کۆرۆنا ڤایرۆسەوە ئە و کۆنگرێسە بەڕێوەنەچوو، بەڵام ئەمساڵ 2022 لە رۆما کۆنگرێسەکە بەڕێوەدەچێت و چەند رۆژنامەنووسێکی وەرزشی کورد بە شێوەی تاک و هاوکات نوێنەری سەندیکای رۆژنامەنووسی وەرزشی کوردستانیش بەشداری تێدا دەکەن.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری پەڕتووک: وەرزش
جۆری دۆکومێنت: زمانی یەکەم
جۆری وەشان: دیجیتاڵ
زمان - شێوەزار: کرمانجیی ناوەڕاست
وڵات: ئیتالیا
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | سپۆرت میدیا
کاتی تۆمارکردن: 2022/3/10 8:46:58 PM
ناوی تۆمارکار: سروشت بەکر

---

بابەت: 1113

## بەشی ڕۆشنبیریی منداڵانی سلێمانی پاڵەوانێتییەکی وەرزشی ڕێکخست

https://www.kurdipedia.org/?q=20221005220184380 28



بابەت: وەرزشی
لە کاروچالاکییە بەردەوامەکانیدا بەشی ڕۆشنبیریی منداڵانی سلێمانی بە هاوکاری تیپی وەرزشی چوارچرا پاڵەوانێتی فوتساڵی تۆپی پێی بچووک بۆ چوار تیپی منداڵانی تەمەن (12-10) ساڵ ڕێکخست.
تیپەکان لە هەریەک لە گەڕەکەکانی (سلێمانی نوێ - مەجیدبەگ- ئیسکان - هەواری تازە- ئەزمەڕ)ی شاری سلێمانی بەشداربوون.
ناوی تیپە بەشدار بووەکان:
تیپی وەرزشی چوارچرا
تیپی وەرزشی شەهید وریا
تیپی وەرزشی شەهیدان
تیپی وەرزشی شەهید جەمال عەلی باپیر
ڕۆژانی هەینی یارییەکانی خولەکە بەشێوەی دەوری ئەنجام دەدرێن
ڕیزبەندی تیپەکان بەم شێوەیەیە
تیپی وەرزشی چوار چرا 12 خاڵ
تیپی وەرزشی شەهید وریا 10 خاڵ
تیپی وەرزشی شەهیدان 8 خاڵ
تیپی وەرزشی شەهید جەمال عەلی باپیر 9 خاڵ
[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
جۆری پەڕتووک: وەرزش
جۆری دۆکومێنت: زمانی یەکەم
زمان - شێوەزار: کرمانجیی ناوەڕاست
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
وڵات: باشووری کوردستان

:Quick Respons Code

سەرچاوەکان
[1] تۆڕی کۆمەڵایەتی | کوردیی ناوەڕاست | سیۆرت میدیا
کاتی تۆمارکردن: PM 10:20:18 2022/5/10
ناوی تۆمارکار: سروشت بەکر

---

بابەت: 1114
## بەڕێوەبەرایەتی گشتی چالاکی وەرزش و هونەر خولێکی سەرکردەی بۆ مامۆستایان کردەوە
https://www.kurdipedia.org/?q=20230111164952457843



لە شاری هەولێر و لە کۆلێژی پەروەردەی وەرزش بەچاودێری وەزارەتی پەروەردە و بەسەرپەرشتی بەڕێوەبەرایەتی گشتی چالاکی وەرزش و هونەر کۆتایهات بە خولی سەرکردە بۆ مامۆستایان و سەرپەرشتیارانی هونەری و لەکۆتا ڕۆژدا 27-10-2022 بڕوانامەی بەشداریکردن بەسەر بەشداربواندا دابەشکرا.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
جۆری پەرتووک: وەرزش
زمان - شێوەزار: کرمانجیی ناوەڕاست
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
وڵات: باشووری کوردستان
:Quick Respons Code

سەرچاوەکان
[1] تۆڕی کۆمەڵایەتی | کوردیی ناوەڕاست | کۆلێژی وەرزش
کاتی تۆمارکردن: PM 4:49:52 2023/11/1
ناوی تۆمارکار: سروشت بەکر

---

بابەت: 1115
## بەڕێوەبەری گشتی پەروەردەی هەولێر پاڵەوانی فوتساڵی پارێزگاکانی خەڵات کرد
https://www.kurdipedia.org/?q=20221219234016453088



بەڕێوەبەری گشتی پەروەردەی هەولێر پاڵەوانی فوتساڵی پارێزگاکانی خەڵات کرد
بە مەبەستی زیاتر پشگیری کردنی وەرزش لە ناوەندەکانی خوێندن و بەرەوپێشبردنی ڕەوتی وەرزشی لە ناوەندەکانی خوێندن، بەڕێوەبەرایەتی گشتی چالاکی وەرزشی و هونەری سەربە وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان ساڵانە چەندین خولی جۆراوجۆر و پاڵەوانێتی لە سەر ئاستی پەروەردە گشتییەکانی سەربە پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان دەکاتەوە، ئەمساڵیش 2022 پاڵەوانێتی فوتساڵی کچانی بۆ پەروەردە گشتییەکانی سەر ئاستی هەرێم کردووە، کچانی پەروەردەی گشتی هەولێریش توانیان نازناوەکە بگەڕێنەوە پایتەختی کوردستان، لەبەرانبەر ئەم ئەنجامە باشە، مامۆستا لوقمان سەعید بەڕێوەبەری گشتی پەروەردەی هەولێر لە نزیکەوە لەگەڵ سەرجەم یاریزانان و ستافی ڕاهێنەرانی شاندنی پەروەردەی گشتیی هەولێر کۆبووە، لە نزیکەوە گوێ لە داواکارییەکانی کچە یاریزانەکان گرت و لەبەرانبەریشدا بەڕێوەبەری گشتی پەروەردەی هەولێر بەڵێنی هاوکاری زیاتری بە بەرپرسانی وەرزشی دا لە یەکە پەروەردەکان و ئاماژەی بەوەشدا کەوا دەبێ لە ناوەندەکانی خوێندن گرنگی زیاتر بە وانەی وەرزشی و چالاکییە وەرزشییەکان بدرێت ئەوەی لە سەر ئێمەش پێویست بێ خزمەتی زیاتر وەرزش دەکەین لە ناوەندکانی خوێندن و ئامادەین بۆ هەموو پاڵپشتییەک بۆ هەر کار و چالاکییەکی وەرزشیی، دواتریش خەڵات و دیاری بەسەر یاریزانە و ستافی ڕاهێنەرانی هەڵبژاردەی هەولێر دابەشکرا، لەلایەن خۆشیانەوە قوتابیان و مامۆستایان سوپاسی بەڕێوەبەری گشتیی پەروەردەی هەولێریان کرد بۆ ئەو خزمەتە بەردەوامەی بۆ ڕەوتی وەرزشیی هەیانە لە پارێزگای هەولێر.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری پەڕتووک: | وەرزش |
| جۆری دۆکومێنت: | زمانی یەکەم |
| جۆری وەشان: | دیجیتاڵ |
| زمان - شێوەزار: | کرمانجیی ناوەڕاست |
| شار و شارۆچکەکان: | هەولێر |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| Quick Respons Code: | |


سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی گوڵان - 19-12-2022


| | |
|---|---|
| کاتی تۆمارکردن: | 2022/19/12 11:40:16 PM |
| ناوی تۆمارکار: | سروشت بەکر |

---

بابەت: 1116
## پاودەری پرۆتین؛ کام جۆری باشە؟
https://www.kurdipedia.org/?q=20221210180926450170
ناونیشانی بابەت: پاودەری پرۆتین؛ کام جۆری باشە؟
ئامادەکردن: د. کامەران ژاژڵەیی

چەندین جۆری پاودەری پرۆتین لە جیهان دا هەیە کە لە کاتی وەرزش و لە لایەن وەرزشکارانەوە بەکاردێت بەڵام باوترین جۆرەکانی بەپێی سەرچاوەی پرۆتین و پێکهاتووەکانی:
1- پاودەری وای (Whey protein): لە بەشە شلەی شیر درووست دەکرێت کە لە کاتی درووستکردنی پەنیر جیا دەکرێتەوە بە چەند پرۆسەیەکی میکانی؛ ئەمە باوتریان و باشترنیانە چونکە پرۆتینەکە هەر نۆ جۆر ترشە ئەمینە سەرەکیەکانی تێدایە بەڵام چونکە تامی ناخۆشە زۆربەی جار چەند جۆرێک تامی جیاوازی تێدەکرێت وەک ڤانێلا، شلیک لەگەڵ مەوادی حافزە

تا تێک نەچێت.
هەروەها کۆمپانیاکان دوو جۆری سەرەکی بەرهەم دەهێنن؛ پرۆتینی وای مۆکەرەز (Whey Concentrate) و پرۆتینی وای جیاکراوەی بێ لاکتۆز (Whey isolate).
2- پرۆتینی کازەیاین (casein protein): ئەم جۆرە لە پرۆتینی کازەینی ناو شیر درووست دەکرێت و هەرسکردنی قورسترە لە چاو پرۆتینی وای و بەهەمان شێوە هەر نۆ جۆر ترشە ئەمینە سەرەکیەکانی تێدایە و تامی ناخۆشە؛ زۆربەی جار چەند جۆرێک تامی جیاوازی تێدەکرێت وەک ڤانێلا، شلیک لەگەڵ مەوادی حافزە تا تێک نەچێت.
3- پرۆتینی درووستکراو لە سۆیا.
4- پرۆتینی درووستکراو لە برنج.
5- پرۆتینی درووستکراو لە دەنکی پیا (pea protein) جۆرە رووەکێکە.
6- پرۆتینی درووستکراو لە سپێنەی هێلکە؛ لە ئێستادا کەمتر درووست دەکرێت بەڵام ئامادەکردنی لەماڵەوە ئاسانترە.
7- پرۆتینی درووستکراو لە گۆشتی مانگا: دوای جیاکردنەوەی بەز و چەوری لە گۆشت و بە شێوەی پاودەری کرایاتین (creatine) یان تێکەڵەی کرایاتین و (BCAAs) بەرهەم دەهێنرێت.
8- پرۆتینی درووستکراو لە ترشە ئەمینە لقدارەکان (BCAAs).
جۆری پاودەری بەگوێرەی تام و چێژی ناوی:
1- پاودەری پرۆتینی بێ تام و چێژ.
2- پاودەری پرۆتینی بە تام و چێژی درووستکراو؛ وەک ماددەی ئەسپارتایم.
3- پاودەری پرۆتینی بە تام و چێژی سرووشتی. [1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری پەرتووک: | پزیشکی - تەندروستی |
| جۆری پەرتووک: | وەرزش |
| جۆری دۆکومێنت: | زمانی یەکەم |
| جۆری وەشان: | دیجیتاڵ |
| زمان - شێوەزار: | کرمانجیی ناوەڕاست |
| زمان - شێوەزار: | ئینگلیزی |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| Quick Respons Code: | |

سەرچاوەکان
[1] تۆڕی کۆمەڵایەتی | کوردیی ناوەڕاست | تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان؛ فەیسبووک؛ پەیجی (د. کامەران ژاژڵەیی) ڕۆژی 10-12-2022

| | |
|---|---|
| کاتی تۆمارکردن: | 2022/10/12 6:09:26 PM |
| ناوی تۆمارکار: | ڕۆژگار کەرکوکی |

---

بابەت: 1117

## پاڵەوانی جامی کوردستان بۆ وەرزی نوێ ئامادەیە

https://www.kurdipedia.org/?q=20230131210536462993

پاڵەوانی جامی کوردستان بۆ وەرزی نوێ ئامادەیە لەسەر یاریگەی بچووکراوەی تایبەت بەخۆی تیپی تۆپی پێی یانەی وەرزشی برایەتی پاڵەوانی جامی هەرێمی کوردستان لە وەرزی ڕابردوو، بە ئامادەبوونی تەواوی یاریزانانی کۆتایی بە ئامادەکارییەکانی بۆ یاری بەرانبەر یانەی وەرزشی دهۆک هێنا، وا بڕیارە لە یەکەم یاری لە پاڵەوانیەتی ئەمساڵ 2023 لە قۆناغی 32 چوارشەممە 2023-02-01 لە کات 3:00 ی دوای نیوەڕۆ لەسەر یاریگەی دووەمی یانەی وەرزشی هەولێر میوانداری یانەی دهۆک بکەن.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
جۆری پەرتووک: وەرزش
جۆری دۆکومێنت: زمانی یەکەم
جۆری وەشان: دیجیتاڵ
زمان - شێوەزار: کرمانجیی ناوەڕاست
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
وڵات: باشووری کوردستان
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] تۆڕی کۆمەڵایەتی | کوردیی ناوەڕاست | سپۆرت میدیا
کاتی تۆمارکردن: 2023/31/1 9:05:36 PM
ناوی تۆمارکار: سروشت بەکر

---

بابەت: 1118
**پاڵەوانیەتی بلیاردی یانەکانی کوردستان بەڕێوەدەچێت**
https://www.kurdipedia.org/?q=20220917014906434445




بەچاودێری لێژنەی ئۆلۆمپی هەرێمی کوردستان، بەسەرپەرشتی یەکێتی ناوەندی بلیاردی کوردستان، پاڵەوانییەتی یانەکانی کوردستان بەڕێوەدەچێت.
پاڵەوانییەتییەکە لەسەر ئاستی کوڕان لە ڕێکەوتی 15-09-2022، لەهەردوو کاتەکانی بەیانی و ئێوارەدا لەهۆڵی سلیڤان لە شاری هەولێر دەست پێدەکات.
پاڵەوانێیەتی بلیاردی یانەکانی کوردستان تا ڕۆژی 17-09-2022، لەهەمان هۆڵی ئاماژە پێدراو بەردەوام دەبێت.
بەڕێوەچوونی کاروچالاکیی یەکێتییە ناوەندییە وەرزشییەکان بەردەوامی هەیە.
[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
جۆری پەرتووک: وەرزش
جۆری دۆکومێنت: زمانی یەکەم
جۆری وەشان: دیجیتاڵ
زمان - شێوەزار: کرمانجیی ناوەڕاست
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
وڵات: باشووری کوردستان
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | کوردستان تیڤی
کاتی تۆمارکردن: 2022/17/9 1:49:06 AM
ناوی تۆمارکار: سروشت بەکر

بابەت: 1119

**پاڵەوانێتی تێنسی سەرمێز بۆ ناوەندە وەرزشییەکان لە شاری هەولێر بەڕێوەچوو**

https://www.kurdipedia.org/?q=20221219233129453086



ناوەندی وەرزش و لاوانی هەولێر پاڵەوانی ناوەندەکانی هەولێر بوو
بە مەبەستی خزمەتکردنی زیاتری وەرزشی لە سنووری پارێزگای هەولێر و گرنگی زیاتر بە ئاستەکانی تەمەن لە سنووری ناوەندەکانی پارێزگای هەولێر کە ساڵانە چەندین خولی جۆراوجۆر ئەنجام دەدرێت، بە بەشداری دە ناوەند لە سنووری شاری هەولێر پاڵەوانێتی تێنسی سەرمێز بۆ ناوەندە وەرزشییەکان بەڕێوەچوو، لە یارییەکانیش چەندین یاریزانی بەتوانا لە سەر ئاستی ناوەندەکانی کێبڕکێ بەدەست هێنانی ئەنجامی شایستەیان دەکرد، ناوەندی وەرزش و لاوانی هەولێر بە ئاست و بە ئەنجام توانیان باڵادەستی خۆیان لە پاڵەوانیەتیەکە بنوێنن و لە سەرجەم تیپە بەشداربووەکانیان بردەوە لە ئەنجامی کۆتایشدا ناوەندی وەرزش و لاوانی هەولێر توانی پلەکانی یەکەم و دووەم لە سەر ئاستی ناوەندە بەشداربووەکان بە دەست بهێنێت و هەریەک لە یاریزانان عەبدول حەق قەهار و عەبدول مالک قەهار پلەکانی یەکەم و دووەمیان بەدەست هێنا، لە کۆتایشدا لەلایەن بەرپرسانی وەرزشیی و حزبی خەڵات و دیاری بە سەر یاریزانانی ناوەندە وەرزشییەکان دابەشکرا.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری پەرتووک: | وەرزش |
| جۆری دۆکومێنت: | زمانی یەکەم |
| جۆری وەشان: | دیجیتاڵ |
| زمان - شێوەزار: | کرمانجیی ناوەڕاست |
| شار و شارۆچکەکان: | هەولێر |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| Quick Respons Code: | |

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری گوڵان - 19-12-2022

کاتی تۆمارکردن: 2022/19/12 11:31:29 PM

ناوی تۆمارکار: سروشت بەکر

بابەت: 1120

**پاڵەوانێتی سوپەری عەرەب بۆ هونەرە بەرگرییەکان بە بەشداری حەوت وڵات بەڕێوەچوو**

https://www.kurdipedia.org/?q=20220918005452434666



بابەت: وەرزشی
لە دیمەشقی پایتەختی سوریا، پاڵەوانێتی سوپەری عەرەب بۆ هونەرە بەرگرییەکان بە بەشداری حەوت وڵاتی عەرەبی بەڕێوەچوو.
کارزان جەعفەر، ڕاهێنەری کوردی هەڵبژاردەی هونەرە بەرگرییەکانی عێراق لە لێدوانێکی تایبەت ڕایگەیاند، عێراق بە دوو یاریزانی کوردەوە لەستایلی MMA بەشداربوون، (ڕێبین فازیل و مەند فەرەیدون) سوپاس بۆخوا هەردووکیان توانیان ببنە پاڵەوانی عەرەب لە کێشی خۆیاندا سەرباری بەهێزی ڕکابەرەکانیان.
بەدەستهێنانی ئەو ئەنجامە دڵخۆشکەرەیە و لە وڵاتی سوریاش لە لایەن چەندین لایەنی جیاواز پێشوازی و دەستخۆشییان لێکراوە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری پەرتووک: | وەرزش |
| جۆری دۆکومێنت: | زمانی یەکەم |
| جۆری وەشان: | دیجیتاڵ |
| زمان - شێوەزار: | کرمانجیی ناوەڕاست |
| شار و شارۆچکەکان: | دیمەشق (شام) |
| وڵات: | ڕۆژئاوای کوردستان |
| Quick Respons Code: | |

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | خەڵک

| | |
|---|---|
| کاتی تۆمارکردن: | 2022/18/9 12:54:52 AM |
| ناوی تۆمارکار: | سروشت بەکر |

---

بابەت: 1121

## پاڵەوانێتی یانەکانی بادمنتۆنی یانەکانی کوردستان دەست پێدەکات

https://www.kurdipedia.org/?q=20220917014137434443



بەچاودێری لێژنەی ئۆلۆمپی هەرێمی کوردستان، بەسەرپەرشتی یەکێتی ناوەندی بادمنتۆنی کوردستان پاڵەوانێتی یانەکان لەسەر ئاستی کوران بەڕێوەدەچێت.
پاڵەوانێتییەکە لە 16-09-2022 کاتژمێر 10 ی بەیانی لەهۆڵی یانەی وەرزشی ئەکاد - عەنکاوە بەبەشداری یانەکانی کوردستان دەستپێدەکات 2 ڕۆژ دەخایەنێت.
بەڕێوەچوونی کاروچالاکی یەکێتییە ناوەندییە وەرزشییەکان بەردەوامی هەیە.
[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری پەرتووک: | وەرزش |
| جۆری دۆکومێنت: | زمانی یەکەم |
| جۆری وەشان: | دیجیتاڵ |
| زمان - شێوەزار: | کرمانجیی ناوەڕاست |
| شار و شارۆچکەکان: | هەولێر |
| وڵات: | باشووری کوردستان |

:Quick Respons Code

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | کوردستان تیڤی
کاتی تۆمارکردن: AM 1:41:37 2022/17/9
ناوی تۆمارکار: سروشت بەکر

بابەت: 1122

## پاڵەوانێتی یانەکانی سلێمانی بۆ مەلەوانی بەڕێوەدەچێت

https://www.kurdipedia.org/?q=20220923155528435764



پاڵەوانیەتی یانەکانی سلێمانی دەوروبەری، بەرواری 23-09-2022 ڕۆژی هەینی کاتژمێر 9 سەرلەبەیانی لە مەلەوانگەی کۆمەڵێگەی وەرزشی (M.complex) پاڵەوانیەتی یانەکانی سلێمانی دەوروبەری بۆ کچان و کوران سازدەکەن.
سەرجەم ئەویاریزانانەی ئارەزووی بەژداری کردنیان هەیە پێوستە سەربە یانەیەکی وەرزشی بن یانەیەک پشتگیریان بکات.
بەژداری کردن بۆ کوران و کچان بەم جۆرە دەبێت.
لاوان 15 -17 ساڵ(کچان - کوران)
پێشکەوتوان 18+ ساڵ (کوران - کچان)
[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری پەڕتووک: | وەرزش |
| جۆری دۆکومێنت: | زمانی یەکەم |
| جۆری وەشان: | دیجیتاڵ |
| زمان - شێوەزار: | کرمانجیی ناوەڕاست |
| شار و شارۆچکەکان: | سلێمانی |
| وڵات: | باشووری کوردستان |

:Quick Respons Code

سەرچاوەکان
[1] تۆڕی کۆمەڵایەتی | کوردیی ناوەڕاست | یەکێتی مەلەوانی لقی سلێمانی
کاتی تۆمارکردن: PM 3:55:28 2022/23/9
ناوی تۆمارکار: سروشت بەکر

بابەت: 1123

## پایسکل سواری

https://www.kurdipedia.org/?q=20221117135930445859




ناونیشان: پایسکل سواری
ئامادەکردن: شۆخ ڕزگار فەتاح [1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
جۆری پەرتووک: وەرزش
جۆری پەرتووک: ڕاپۆرت
جۆری دۆکومێنت: زمانی یەکەم
جۆری وەشان: دیجیتاڵ
زمان - شێوەزار: کرمانجیی ناوەڕاست
وڵات: باشووری کوردستان
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] تۆڕی کۆمەڵایەتی | کوردیی ناوەڕاست | ناوەندی شیکار
کاتی تۆمارکردن: 2022/17/11 1:59:30 PM
ناوی تۆمارکار: ڕۆژگار کەرکوکی

---

بابەت: 1124

## پێشبینی ڕێگایەکە بۆ شارەزابوون لە بوارەکە

https://www.kurdipedia.org/?q=20221216204829452291

ناونیشانی بابەت: پێشبینی ڕێگایەکە بۆ شارەزابوون لە بوارەکە
ئامادەکردن: زانا ڕەزاق

چۆن؟
کاتێک تۆ لایەنگری یانەیەکی یان هەر بوارێکی تری ئەوا تۆ کاتێک پێشبینی و خوێندنەوە دەکەی شتێک بەرچاو دەگری وەک ئەوەی دەڵێی وا دەبێ.
پرسیارێک دێتە پێشەوە
ئەویش ئەوەیە کە چۆن وا دەبێ؟
یانی تۆ یان ئەوەی تر کە پرسیاری وات لێدەکات بۆ تۆ باشە چونکە وردە وردە بەهۆی خوێندنەوەو پێشبینی بەووردەکارییەوە شارەزای بوارەکە یان شتەکە دەبی
نموونەش
تۆ دەڵێی ئەو تیپە دەباتەوە
ئەوجا پرسیارێکت لێدەکرێت ئەویش ئەوەیە چۆن دەباتەوە؟
تۆش یەکسەر دەست بە وردەکاریی و خوێندنەوە دەکەی بۆ پێشبینیەکەت. [1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
جۆری پەرتووک: وەرزش
جۆری دۆکومێنت: زمانی یەکەم
جۆری وەشان: دیجیتاڵ
زمان - شێوەزار: کرمانجیی ناوەڕاست
وڵات: باشووری کوردستان

Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | کوردیی ناوەڕاست | ئەم بابەتە بەتایبەتی لەلایەن (نووسەر)ەوە لە ڕۆژی 15-12-2022 بۆ کوردیپێدیا نێردراوە
کاتی تۆمارکردن: 2022/16/12 8:48:29 PM
ناوی تۆمارکار: ڕۆژگار کەرکوکی

---

بابەت: 1125
**پێنج وەرزش لە ماڵەوە دەتوانیت ئەنجامی بدەیت و کاریگەری 1 کاتژمێری هەیە لە جیمدا**
https://www.kurdipedia.org/?q=20220328192535409280




بابەت: وەرزشی
1- بەڕێکی بوەستە و دواتر بە پشتی ڕێکەوە بنوشتێرەوە، دەستت بخەرە پشتی سەرت (60 چرکە)
2- شناو بکە، بەڵام بە ڕێکی (30 چرکە)
3- هەر لەسەر شێوەی شناو بوەستە، بەڵام ئەمجارە ڕانی چەپ و ڕاستت بهێنەرەوە بۆلای سکت (30 چرکە)
4- بەڕێکی بوەستە و ڕانەکانت بنوشتێنەرەوە، جارێک لای ڕاست و جارێک لای چەپ (45 چرکە)
5- بەڕێکی بوەستە و باز بدە بۆسەرەوە، کە دەچیتەوە خوارەوە قاچەکانت بکەرەوە، لە بازی دووەمدا دای بخەرەوە (45 چرکە)[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری پەرتووک: | وەرزش |
| جۆری دۆکومێنت: | زمانی یەکەم |
| زمان - شێوەزار: | کرمانجیی ناوەڕاست |
| وڵات: | باشووری کوردستان |

Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] تۆڕی کۆمەڵایەتی | کوردیی ناوەڕاست | پەیجی زانیاری وەرزشی
کاتی تۆمارکردن: 2022/28/3 7:25:35 PM
ناوی تۆمارکار: سروشت بەکر

---

بابەت: 1126
**پێنج ڕێگە بۆ کەمکردنەوەی کێش بە شێوەیەکی سروشتی**
https://www.kurdipedia.org/?q=20220120234824402199




بابەت: وەرزشی
ئامادەکردنی: سروشت بەکر
ناونیشان: پێنج ڕێگە بۆ کەمکردنەوەی کێش بە شێوەیەکی سروشتی
بە دڵنیاییەوە زۆر ڕێگە باس دەکرێت لە چەندین لاوە بۆ دابەزاندنی کێشی لەش، بەڵام زۆرێکیان هیچ بنەمایەکی زانستییان نیە، لیرەدا باس لە چەند ڕێگەیەکی زانستی و سروشتی دەکەین بۆ کەمکردنەوەی کێشی لەش.
1-زیادکردنی پرۆتین بۆ ڕێجیم کردن:
کاتێک دەتەویت کێشت دابەزێنیت، پرۆتین بکە بە سەرەکیترین سەرچاوەی سروشتی، لەش کالۆری دەسوتێنێت لە کاتی هەرسکردن و شیبوونەوەی ئەو خواردنەی کە خواردو، وتە، هەندێک خواردن هەیە کە بڕێکی زۆر پرۆتینی تێدایە، بەتایبەت هێلکە، کە کاریگەری زۆری هەیە بۆ زیادکردنی پرۆتین.
2-خواردنی هەموو جۆرە خواردنێک کە سەرچاوەکەی پاک بێت:
یەکێک لە و ڕێگایانەی کە وادەکات کێش دابەزێت، تەندروستییەکی باشت هەبێت، خواردنی هەموو ئەو خواردنانەیە کە بە شێوەیەکی باش گەشەیان کردووە، واتە هیچ سەرچاوەیەکی خراپ لە پێکهاتە و گەشەکردنی ئەو خواردنەدا نیە.
3-خۆ لادان لە خواردنی خێرا:
سەرچاوەکان ئەوە دەردەخەن، کە ئە و خواردنانەی لە ماڵەوە دروستی دەکەین زۆر کاریگەری باشی هەیە لەسەر لەش، هەرچەندە هەندێک خواردنمان هەیە کە ئامادەکردنی زۆر ئاسانە، لەگەڵ ئەوەشدا سودێکی باشیان هەیە وەک(ماست - هەموو میوەکان - چەرەسات - گێزەر - هێلکەی کوڵاو).
4-خواردنەوەی ئاو:
خواردنەوەی ئاو بە شێوەیەکی باش کاریگەری لەسەر کەمبوونەوەی کێشی لەش هەیە، بەتایبەت پێش ژەمەکان یان لەسەر گەدەی خاڵی، چونکە کالۆری دەسوتێنێت، بەتایبەت لە تەمەنی گەنجیتی و هەرزەکاریدا، بەڵام بە گەدەی تێر زیانی هەیە.
5-خواردنەوەی قاوەی تاڵ:
خواردنەوەی قاوەی تاڵ هۆکارێکی باشە بۆ کەم کردنەوەی کێشی لەش، زیادکردنی ئاستی وزە، بڕێکی زۆر کالۆری دەسوتینیت، بەتایبەت قاوەی ڕەش یارمەتی دەرێکی باشە بۆ کەمکردنەوەی کێش و بەدەست هێنانی هەستێکی باش.
[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری پەڕتووک: | وەرزش |
| جۆری دۆکومێنت: | زمانی یەکەم |
| زمان - شێوەزار: | کرمانجیی ناوەڕاست |
| شار و شارۆچکەکان: | سلێمانی |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| Quick Respons Code: | |

سەرچاوەکان
[1] تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - سروشت بەکر

کاتی تۆمارکردن: 2022/20/1 11:48:24 PM
ناوی تۆمارکار: سروشت بەکر

بابەت: 1127

## پێنجەم فێستیڤاڵی سکی سەر بەفر لە چۆمان ئەنجام درا
https://www.kurdipedia.org/?q=20221006002405438075



پێنجەمین فێستیڤاڵی سکی سەر بەفر لە سێکانیانی بناری چیای کۆدۆ بەڕێوە چوو.
ئەم فێستیڤاڵە وەک نەریتێکی ساڵانە و لەپێناو فراوانکردنی یاری سکی و هاندانی گەشتی زستانە و بینینی ئەو دیمەنە جوانانەی سروشتی ناوچەکە بەهۆی سپیپۆشی بەفرەوە بە گۆڕانکاری لە دروستکردنی یاریزانی سکی لە ساڵانی داهاتوو درێژەی پێ دەدرێت.
یەکەمین یاری سکی سەربەفر لە ساڵی 1957 لە ناحییەی حاجی ئۆمەران ئەنجامدراوە و ناوچەکە شوێنێکی لەبارە بۆ یارییەکانی سەر بەفر.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری پەڕتووک: | وەرزش |
| جۆری دۆکومێنت: | زمانی یەکەم |
| جۆری وەشان: | دیجیتاڵ |
| زمان - شێوەزار: | کرمانجیی ناوەڕاست |
| شار و شارۆچکەکان: | چۆمان (باڵەکایەتی) |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| Quick Respons Code: | |

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | کوردستان تیڤی
کاتی تۆمارکردن: 2022/6/10 12:24:05 AM
ناوی تۆمارکار: سروشت بەکر

---

بابەت: 1128
## پێویستی شلەمەنی بۆ لەشی مرۆڤ و وەرزشەوان
https://www.kurdipedia.org/?q=20220211204607404754



بابەت: وەرزشی
ئامادەکردنی: بێریڤان جەلال
پێویستی شلەمەنی بۆ لەشی مرۆڤ و وەرزشەوان
ئاو پێکهاتەی سەرەکی کیمیایی لەشە نزیکەی(50٪ تا70٪) کێشی لەش پێک دەهێنێت، هەموو خانە و شانەو ئەندامێک لە لەشدا پێویستی بە ئاو هەیە بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی دروست کار بکات.
وەرگرتنی شلەی رۆژانەی پێویست بریتیە لە:
نزیکەی 15.5پەرداخ(3.7 لیتر) شلە لە رۆژێکدا بۆ پیاوان.
نزیکەی 11.5پەرداخ(2.7لیتر) شلە لە رۆژێکدا بۆخانمان.
وەرزشوانان دەبێت ئاو چەند بخۆنەوە لە پێش ڕاهێنان ولەکاتی ڕاهێنان و دوای ڕاهێنان :
پێش ڕاهێنان: دوو کاتژمێر پێش دەستپێکردنی چالاکی جەستەیی 16ئۆنس ئاو بخۆنەوە (دووپەرداخ)، هەروەها 8- 16ئۆنس (1-2پەرداخ)ی تر ڕێک پێش دەست پێکردن بە چالاکی.
لەکاتی ڕاهێناندا: هەر 15-20 خولەک جارێک بەلایەنی کەمەوە 4-6 ئۆنس (نیو پەرداخ) ئاو بخۆنەوە لەکاتی ڕاهێنانی سەختدا، کەمتر لەوە بۆ ماماوەند و نزم.
دوای ڕاهێنان : 16-24 ئۆنس(سێ پەرداخ) ئاو بخۆنەوە بۆ هەر پاوەندێک کە لە کاتی چالاکی جەستەیی دا بزر بووە.

چۆن بزانین کە ڕێژەیەکی باش ئاومان خواردۆتەوە؟
1- بەدەگمەن هەست بە تینوێتی دەکەیت.
2- میزەکەت ڕەنگی نییە یان زەردی کاڵە.
هەندێک لە سودەکانی ئاو خواردنەوە:
1- لەشی مرۆڤ لە ژەهراوی بوون دەپارێزێت.
2- یارمەتی دابەزاندنی کێشی لەش دەدات.
3- کردارەکانی مێشک ڕێک دەخاتەوە.
4- کرداری هەرس ئاسان دەکات و ڕزگارت دەکات لە قەبزی.
5- لەش لە وشکبونەوە دەپارێزێت.
وەرزشوانان جار جار لەوانەیە زۆر ئاو بخۆنەوە لە هەوڵێکدابۆرێگەگرتن لە وشکبوون لە کاتی وەرزشێکی درێژ یان توندداکاتێک زۆر ئاو دەخۆیتەوە گورچیلەکانت ناتوانن لەوئاوە زیادکراوە ڕزگاربن ناوەڕۆکی سۆدیۆمی خوێنت بەرەو کەمی دەچێت، ئەمەش پێی دەگوترێت(Hyponatremia) و دەکرێت ببێت بەهەڕەشەیەک لەسەر ژیانت.
[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری پەرتووک: | وەرزش |
| جۆری دۆکومێنت: | زمانی یەکەم |
| زمان - شێوەزار: | کرمانجیی ناوەڕاست |
| شار و شارۆچکەکان: | سلێمانی |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| Quick Respons Code: | |

سەرچاوەکان
[1] تۆڕی کۆمەڵایەتی | کوردیی ناوەڕاست | فەیسبووکی (پێریڤان جەلال)
کاتی تۆمارکردن: 2022/11/2 8:46:07 PM
ناوی تۆمارکار: سروشت بەکر

---

بابەت: 1129
## پەروەردە پەیوەندی بە مۆندیالەوە
https://www.kurdipedia.org/?q=20221128211232448243
ناونیشانی بابەت: پەروەردە پەیوەندی بە مۆندیالەوە
ناوی نووسەر: ڕەئوف ئالانی

هەموو چوارساڵ مانگێک، خەڵکی جیهان، زۆربەی کاتەکانیان ئاڵوگۆڕی بیرو ڕایە، دەربارەی وەرزش، هەرکەسە و هەڵبژاردەی وڵاتێک بە هەر هۆکارێک بێت، دەکاتە نیازی دڵی و دەبێتە هاندەری ئەو هەڵبژاردەیە، ئەمە جگە لە هاونیشتمانیانی ئەو هەڵبژاردانە کەبەگەرمی پشتیوانی هەڵبژاردەکانیان دەکەن.
زۆرجار لەلایەن هەندێ لە هاندەرەکانی ئەو هەڵبژاردانە، ململانێکان دەگەیەنە، پێکداهەڵپژان و شەڕ لەسەر جادەکان و ناو کافتریاو شوێنەگشتییەکان، بەتایبەت لە و وڵاتانەی ئاستی یەکترقبوڵکردن تێیاندا زۆر نزمە و نەریتی چەسپاندنی بیروڕای کەسی بۆتە نەریتێکی خراپ، ئەکرێ لەسەر ئەوە بابەتی تایبەت و تێرو تەسەل بنووسرێت، تا دەگاتە توێژینەوە و پەرتووک لە و بوارەدا.
هەر کە دیمەنە جیاوازەکانی هاندەران دەبینین، لەوکاتانەی هەڵبژاردەکان گۆڵ دەکەن، یان بەسەر هەڵبژاردەکانی بەرانبەریان سەردەکەون، هەندێ لەو وڵاتانە زۆر بەئاسایی خۆشیەکانیان دەردەبڕن، هەندێکی تریش هەڵچوون و تێکچوونی شیرازەی دەرونی و بێزارکردنی بەرانبەرەکانیان پەیڕە و دەکەن، هەموو ئەمانە لە ژینگەیەکی کۆمەڵایەتی و پەروەردەیی جیاواز سەرچاوە

دەگرن، ئەوانەی کار کردنیان بواری پەروەردەیە، یان شارەزایی بواری کۆمەڵناسی و دەروونناسین، ئەو ڕاستیە بەباشی هەست پێدەکەن، کە پەروەردە چەندە کاریگەری هەیە لەسەر مامەڵە و هەڵسوکەوتی تاکەکان، هەرلەمناڵییەوە تا هەرزەکاری و گەنجێتی و تەمەنی پێگەیشتن و کامڵبوون.
ساڵی (1710) بۆیەکەمجار یاری تۆپی پێ لە قوتابخانەکانی ئینگلتەرا دەرکەوت، دوای ماوەیەکی زۆر ئینجا ئەو یارییە لەهەموو جیهاندا بڵاوبۆوە و بووە یاریەکی جیهانی، هەربۆیە وانەی وەرزش لە خشتەی وانەکانی خوێندن دانرا، دەرکەوت کە ئەو وانەیە چەندە کاریگەری گرنگی هەیە بۆ مناڵان، تا ئەو وزە زۆرەی هەیانە بەهۆی ئەو وانەیە، بەتاڵبکرێتەوە، هەرچەندە درەنگ هەست بەبایەخ و گرنگی ئەو وانەیە کرا، بەتایبەت لە وڵاتە دواکەوتووەکاندا، تاوایلێهات لە ساڵی (1900) یەکەم مۆندیال لە پاریسی پایتەختی فەرەنسا ئەنجامدرا، بەشێوەیەکی سادە و ساکار، بەڵام لە ساڵی (1929) بڕیاری ڕێکخستنی یاریەکانی جامی جیهانی بۆهەرچوار ساڵێک جارێک، بەناوی ئۆلۆمپیادەوە دراو لە وکاتەوە کاری لەسەر دەکرێت، هەرجارە و بەپێی پلانی فیفا لە وڵاتەکانی جیهان ئەنجام دەدرێت.
وەک هەمومان دەزانین کە وەرزش بەگشتی و تۆپی پێ بەتایبەتتر، چەندە حاڵەتەکانی دەروونی مرۆڤەکان ئاڕاستەی خۆشنوودی دەکات و زۆر جار دەبێتە هاندەری سەرکەوتنی تاک لە بوارو پیشەکەیدا، (کاردال جۆنز) دەڵێ: (تۆپی پێ هەمیشە خاڵی دەستپێک بووە، بۆ خوێندنەکەم) ئەوەش دەربڕی هاندان و پێشکەوتن و خۆدۆزینەوەیە، بۆئەوانەی مەبەستیانە وەرزش بەباشی و چاکی و جوانی بەکاربێنن.
وەرزش کاریگەری زۆر دەکاتە سەر دەرونی مرۆڤ بۆ دۆزینەوەی ئاڕاستەی شیاووگونجاو لەناو کۆمەڵگەدا، زۆرکات جگە لە درووستکردنی گیانی هاوکاری و خۆشەویستی و ڕێزگرتن، فێری ورە بەرزی و بەرگەگرتنی ناخۆشی و ململانێ و چۆکدانەدان دەبێت، ئەوەتا نووسەری گەورەی فەرەنسا(جان جاک ڕۆسۆ 1712-1778) دەڵێ:(بەرگەگرتن، یەکەم شتە کە منداڵ پێویستە فێری ببێت، ئەوەش زۆرترین و گرنگترینە، کە پێویستە بیزانێت).
زۆر جار ململانێی ڕامیاری و کێبەرکێ ئابووریەکان و ئایدۆلۆژیا جیاوازەکان، لەناو تۆپی پێدا ڕەنگدەداتەوە، بۆیە ئەم وەرزشە تێکەڵ بە کاری ڕامیاری دەبێت، هەربۆیە(تۆمی دۆچێرتی)دەڵێ:(لەتۆپی پێدا سیاسەتێکی زۆر هەیە)، هەندێک ئەم وتەیە بەوەلێکدەدەنەوە، ئەویش پێویستی بە پلانی ورد و نەخشە و ستراتیژ هەیە، دەکرێ بەهەردوو ڕووکارەکەیدا، ڕاست بێت، هەم ململانێی دژەکان و هەم پلانی سەرخستنی ئەو هەڵبژاردەیە.
هەروەها بەپێی ئەو مێژووەی کە بەقۆناغ ئەم وەرزشە بڕیوێتی، لەخۆڕانیە وا بۆتە وەرزشێکی جیهانی و زۆرترین بینەری هەیە، ساڵانە سەدان ملیار دۆلار دەخرێتە خزمەتی بەرەوپێشچوون و ئەنجامدانی تۆپی پێ لەهەموو جیهاندا، (وودی هایس) دەڵێ: (تۆپی پێ یارییەکی ستراتیژی و تاکتیکییە).
ئەوەی بۆئێمەی کورد گرنگ و جێی بایەخە، لەسەرمانە لەڕووی پەروەردەییەوە بایەخی زۆرتر بەم وەرزشە بدەین، بیکەینە ئامرازێکی گرنگ لەپێناو ئامانجێکی گەورەی داهاتووی نەتەوەی کورد، لەم مۆندیالەدا چەند شتێک سەرنجی ڕاکێشاوم، لێرەدا بۆتۆی خوێنەر باسیان دەکەم، یەکەم: هاوڕێیەکی شاعیرم، شەوێک تەلەفۆنی بۆکردم، وتی شتێک هەیە بۆت ئەگێڕمەوە، تۆش بینووسە، چونکە کاری پەروەردەیە، بەباشی گوێم بۆگرت، وتی: لەم شەوانەدا مناڵەکەم لەسەر مۆندیال پرسیاری کردووە، پێی وتوم: ئەوە بۆچی هەموو نەتەوەکانی جیهان چوون بۆقەتەر، کورد نەچووە، بۆئێمە هەڵبژاردەمان نیە؟ وتی ئەوەنە پرسیارەکەی بۆ من قورس بوو، نەمزانی چی پێ بڵێم، وتم ئێمە جارێ نەمانتوانیوە وەک ئەوان کاربکەین، بەڵام ئێمەش لەداهاتوودا هەڵبژاردەی خۆمان دەبێت.
دووەم:لەمۆندیالی ئەمساڵی 2022 قەتەر، ئەوەی سەرنجی ڕاکێشام، هاندەرەکانی هەڵبژاردەی ژاپۆن بوون، ئەوان شوێنی ئەو خەڵکەیان پاکدەکردەوە کە لێی دانیشتبوون، هەموو ئەوشوێنانەی دەستیان پێی دەگەیشت، بەجوانی جێیان دەهێشت و نووسراوێکیان دادەنا، نووسرابوو: سوپاس بۆ وڵاتی قەتەر.
ئەوەیە دەرخستنی پەروەرددەی درووست و کاردانەوەی لەناو کایەکانی ژیاندا، دەکرێ هەموو جیهان لەوانەوە فێری پێزانین و ڕێزگرتن و خۆشەویستی وهاوکاری و ژیان و ژینگە دۆستی ببێت، دڵنیام پەروەردە ڕۆڵ و کاریگەری باشی لەم شێوازە جوانەدا هەیە کە ژاپۆنیەکان ئەنجامیاندا. [1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری پەرتووک: | پەروەردە |
| جۆری پەرتووک: | وەرزش |
| جۆری دۆکومێنت: | زمانی یەکەم |
| جۆری وەشان: | دیجیتاڵ |
| زمان - شێوەزار: | کرمانجیی ناوەڕاست |
| وڵات: | باشووری کوردستان |

Quick Respons Code:

سەرچاوەکان

[1] تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | کوردیی ناوەڕاست | ئەم بابەتە بەتایبەتی لەلایەن (نووسەر)ەوە لە ڕۆژی 28-11-2022 بۆ کوردیپێدیا نێردراوە

کاتی تۆمارکردن: 2022/28/11 9:12:32 PM

ناوی تۆمارکار: ڕۆژگار کەرکوکی

---

بابەت: 1130

## پەروەردەی مەخمور پاڵەوانی باڵەی پەروەردەکان بوو

https://www.kurdipedia.org/?q=20230207143337464614

پەروەردەی مەخمور پاڵەوانی باڵەی پەروەردەکان بوو
لە شاری هەولێر لە هۆڵی یانەی وەرزشی ئەکاد لە شارۆچکەی عەنکاوە بەبەشداری حەوت هەڵبژاردەی پەروەردەی شارۆچکەکان و بە سەرپەرشتی بەڕێوەبەرایەتی چالاکی وەرزشی و دێدەوانی سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی هەولێر بۆ ماوەی سێ ڕۆژ یارییەکانی خولی باڵەی پەروەردەکانی سنووری بەڕێوبەرایەتی گشتی پەروەردەی هەولێر کۆتایی هات، دوای ئەنجامدانی چەند یارییەک لەنێوان تیپە بەشداربووەکان هەردوو تیپی پەروەردەی مەخمور و پەروەردەی شەقڵاوە گەیشتنە یاری کۆتایی، لە یاری کۆتایشدا بە ئامادەبوونی ژمارەیەکی زۆری هەواداری وەرزشیی ئەم یارییە هەردوو پەروەردەکانی شەقڵاوە و مەخمور لە یارییەکی دراماتیکی بەرزی هونەری یاری باڵە ڕووبەڕووی یەکتری بوونەوە، لەم یارییەشدا یاریزانانی هەردوو بە درێژایی سێ گێمی یارییەکە توانیان ئاستێکی هونەری بەرز پێشکەش بکەن لەم یارییە و هەوادارانی خۆیان هێنابووە جۆش و زۆربەی کاتەکانی یارییەکە ئاست و ئەنجامیان لە یەکتری نزیک بوو، سەرئەنجام پەروەردەی مەخمور توانی بە ئەنجامی (2-1) گێم لە پەروەردەی شەقڵاوە بباتەوە و نازناوی خولەکە بۆ خۆیان یەک لای بکەنەوە، لە کۆتاییشدا لەلایەن بەڕێوەبەری گشتی پەروەردەی هەولێر و ژمارەیەک لە بەرپرسانی پەروەردەیی خەڵات و دیاری بە سەر تیپە سەرکەوتووەکانی خولەکە دابەشکرا، لە بارەی پشتگیری کردنی وانەی وەرزش و چالاکییەکانیش لە ناوەندەکانی خوێندن مامۆستا لوقمان سەعید بەڕێوەبەری گشتی پەروەردەی هەولێر گوتی: پشتگیری کردنی وەرزش لە ناوەندەکانی خوێندن و سەرجەم پەروەردەکان لە کارە سەرەکییەکانی ئێمەیە، هەموو هەوڵێک دەدەین بۆ ئەوەی سەرجەم چالاکییە وەرزشییەکان ئەنجام بدەین بۆ ئەوەی گرنگی زیاتر بە توانای ئەو قوتابییانەش بدەین کە ئارەزووی وەرزش دەکەن لە قوتابخانەکان، هەرچی پێویست بێ ئێمە بەردەوام دەبین لە خزمەت کردنی سێکتەری وەرزش لە ناوەندەکانی خوێندن، بەردەوامیش دەبین لە ئەنجامدانی چالاکییەکانی دیکەش هەرچی لە توانامان بێت خزمەت بە چینی وەرزشکارە قوتابییەکان و مامۆستایان دەکەین لە سنووری بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی هەولێر، سوپاسی مامۆستایانی وەرزشیش دەکەین بۆ ئەنجامدانی ئەم چالاکییە وەرزشییانە لە سنووری بەڕێوەبەرایەتی گشتیی پەروەردەی هەولێر.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری پەرتووک: | وەرزش |
| جۆری دۆکومێنت: | زمانی یەکەم |
| جۆری وەشان: | دیجیتاڵ |
| زمان - شێوەزار: | کرمانجیی ناوەڕاست |
| شار و شارۆچکەکان: | هەولێر |
| وڵات: | باشووری کوردستان |

:Quick Respons Code

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | گوڵان
کاتی تۆمارکردن: 2023/7/2 2:33:37 PM
ناوی تۆمارکار: سروشت بەکر

---

بابەت: 1131
## تاقیکردنەوە بۆ ئاستی تازەپێگەشتووان دەست پێدەکات
https://www.kurdipedia.org/?q=20230103130519456175
تاقیکردنەوە بۆ ئاستی تازەپێگەشتوان دەستپێدەکاتەوە.
دوای کۆتای هاتنی تاقیکردنەوەی نیوەی ساڵی خوێندکاران ، یانەی وەرزشی دەربەندیخان تاقیکردنەوە (ئیختیبار) بۆ یاریزانان ئاستی تازەپێگەشتووان ئەنجامدەداتەوە، داوا لەو یاریزانانە دەکەین کە ئارەزووی تاقیکردنەوە و وەرگرتنیان هەیە، شەممە 2022-12-24 کاتژمێر ( 2 )ی پاش نیوەڕۆ لە یاریگای شەهید مەحمودی مامە عەزە ئامادەبن.
تەنیا ئەو یاریزانانە دەتوانن تاقیکردنەوە ئەنجامبدەن کە لە دایکبووی ساڵی 2006 بۆ سەرەوەن.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
جۆری پەرتووک: وەرزش
جۆری دۆکومێنت: زمانی یەکەم
جۆری وەشان: دیجیتاڵ
زمان - شێوەزار: کرمانجیی ناوەڕاست
شار و شارۆچکەکان: دەربەندیخان
وڵات: باشووری کوردستان
:Quick Respons Code

سەرچاوەکان
[1] تۆڕی کۆمەڵایەتی | کوردیی ناوەڕاست | یانەی وەرزشی دەربەندیخان
کاتی تۆمارکردن: 2023/3/1 1:05:19 PM
ناوی تۆمارکار: سروشت بەکر

---

بابەت: 1132
## تۆپی پێ
https://www.kurdipedia.org/?q=20221117125731445831

ناونیشانی پەرتووک: تۆپی پێ
ناوی نووسەر: شنیار مەحمود عارف
سەرپەرشتیار: م. ڕاستی نووری [1]




تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری پەرتووک: | وەرزش |
| جۆری دۆکومێنت: | زمانی یەکەم |
| جۆری وەشان: | دیجیتاڵ |
| زانکۆ: | زانکۆی سلێمانی |
| زمان - شێوەزار: | کرمانجیی ناوەڕاست |
| شار و شارۆچکەکان: | سلێمانی |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| Quick Respons Code: | |

سەرچاوەکان
[1] تۆڕی کۆمەڵایەتی | کوردیی ناوەڕاست | ناوەندی شیکار
کاتی تۆمارکردن: PM 12:57:31 2022/17/11
ناوی تۆمارکار: ڕۆژگار کەرکوکی

---

بابەت: 1133

## تۆپی سەرمێزی ئاشتی بەبێ دەنگی و بە ئاشتیانە هەموو کاسەکانی برد

https://www.kurdipedia.org/?q=20230207131807464590

لەپاڵەوانیەتی تۆپی سەرمێزی یانەکانی شاری سلێمانی کە لەلایەن یەکێتیی تۆپی سەرمێزی سلێمانییەوە سەرپەرشتی دەکرا جارێکی تر کوران و کچانی یانەی ئاشتی باڵادەستی خۆیان نواند و توانیان خۆیان بکەنەوە بە پادشای تۆپی سەرمێزی یانەکانی شاری سلێمانی .ئەمەش بەرهەمی قوتابخانە گەورەکەی تۆپی سەرمێزی یانەی ئاشتییە کە بووەتە ڕووناکی و سنبولی هێشتنەوەی مێژووی تۆپی سەرمێزی شاری سلێمانی.

ئەنجامەکانی تۆپی سەرمێزی یانەی ئاشتی
ئاستی بێچووەشێرانی کوڕان
حەمید یاسین پلەی یەکەم ئاشتی
لازیار ڕێباز پلەی دووەم ئاشتی
دارین چاوان پلەی سێیەم ئاشتی

ئاستی تازەپێگەیشتوانی کوڕان
هاولان هێمن پلەی یەکەم ئاشتی
ئەرین چاوان پلەی دووەم ئاشتی
ئەرین دانا پلەی سێیەم ئاشتی

ئاستی تازەپێگەیشتوانی کچان
بارین شاخەوان پلەی یەکەم ئاشتی
ئانا دلاوەر پلەی دووەم ئاشتی
ئانا سەلام پلەی سێیەم ئاشتی

ئاستی لاوانی کوڕان
ڕاوێژ سەلام پلەی یەکەم ئاشتی
محەمەد لوقمان پلەی دووەم ئاشتی

ئاستی خونچەکانی کوڕان
لاوی ژیار پلەی یەکەم ئاشتی
لاند دیار پلەی سێیەم ئاشتی

ئاستی خونچەکانی کچان
لازیار ئاراس پلەی سێیەم ئاشتی
[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری پەرتووک: | وەرزش |
| جۆری دۆکومێنت: | زمانی یەکەم |
| زمان - شێوەزار: | کرمانجیی ناوەڕاست |
| شار و شارۆچکەکان: | سلێمانی |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| Quick Respons Code: | |

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | سپۆرت میدیا

| | |
|---|---|
| کاتی تۆمارکردن: | 2023/7/2 1:18:07 PM |
| ناوی تۆمارکار: | سروشت بەکر |

---

بابەت: 1134
**تۆپێن و سیاسەت، تۆ لە کوێدا وەستاوی؟**
https://www.kurdipedia.org/?q=20230105221854456893
تۆپێن و سیاسەت، تۆ لە کوێدا وەستاوی؟
ئیدریس مستەفا

تۆپێن لە دونیای ئێستاماندا بۆتە یەکەیەکی سیاسی نێو هێزە سیاسی و ئایدیۆلۆجی و تەنانەت قوتبە جیهانییەکانیش. سێ یانە نوێنەرایەتی سێ هێزی سیاسی و ئایدۆلۆجی دەکەن. پاریس سان جێرمان موڵکی ئیخوان موسلمینی قەتەریە کە هەمووان دەزانین ناسر خلێفی خاوەنەکەیەتی. ریاڵ مەدرید ڕەمزی دەسەڵاتی فاشیستی فرانکۆی حوکمی فاشستی ئیسپانیا بوو دژ بە تیمی نەتەوە ژێردەستەکانی ئیسپانیا بەتایبەت بەرشەلۆنە لە کاتالۆنیا. ئێستاشی لەگەڵدا بێ ئەو ڕوحی فاشستیەی فرانکۆ لە دەسەڵاتی شاهەنشایی ئەو وڵاتە و یاریچییەکانی و خەڵکەکەیدا ڕەنگدەداتەوە و تەنانەت کاتێک یاری کلاسیکۆ لە ریاڵ مەدرید دەبێت ڕەنگی زەرد کە هێمای ئاڵای کەتەلۆنیەکانە قەدەغەیە هەڵبکرێت و بینیشمان کاتالۆنیا ویستی سەربەخۆیی خۆی وەربگری و بەهەڵبژاردنیش ئەو مافەی بەدەستهێنا کەچی هێزی ئیسپانی هەمان بەرخورد و پەلاماری فرانکۆی فاشستیانەیەن ئەنجامدا دژ بە کەتەلۆنیەکان. کاتێک یانەی بەرشەلۆنە گرێبەستی ڕێکلامی لەگەڵ هێڵی فرۆکەوانی قەتەر هەڵوەشاندەوە لەو ساتەوە قەتەر و یانەکەی پاریس سان جێرمان دژ بە کەتەلۆنیا دەجوڵێنەوە و ئەمەش بە پشتیوانی ئیسپانیا و وڵاتە ئەوروپیەکانی تر دەکەن. لەوەتەی پاریس سان جێرمان نەیماریان کڕی بەو پارە زۆرە یاری تۆپێن خراپتر لە پێشووتر بوو بە سەفقەیەکی بزنسی بێ ئەخلاقیانە و یاریچییەکانیش بوون بە کاڵایەکی بێ نرخی دەستی ئەو کۆمپانیا و پارێزەر و حوکمە سیاسی و ئایدیۆلۆجیانەی لە گۆڕەپانی سیاسی و ئابووری نێودەوڵەتیدا ئامادەییان هەیە. ئیخوان موسلیمن لە ڕێگەی

پاریس سان جێرمانەوە دژایەتی نەتەوەی ژێردەستەی وەک کاتالۆن دەکەن بە هەر ڕێگەیەک بۆیان بکرێت.
بە بەڵگە و ڕاستیە مێژوویەکان ئەوە دەرکەوتووە و دیاریشە کە بەرشەلۆنە ڕەمزێکە بۆ نەتەوەیەکی ژێردەستە و داگیرکراو، ڕیاڵ مەدریدیش ڕەمزی فاشستی ئیسپانیا و پاریس سان جێرمانیش دەستکەلای گڵاوی دەستی ئیخوان ومسلمین دژ بە نەتەوەی ئازادیخوازی کەتەلۆنیا. بۆیە مەسەلەکە مەسەلەی یاریزانێک و تیمێک نییە و ئەوەی ئەمە فەهم نەکات و نەبینێ ئەوا لە دونیای ئێستا بێ ئاگایە یاخود خۆی لێ لادەدات. [1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری پەرتووک: | وەرزش |
| جۆری پەرتووک: | ڕەخنەی سیاسی |
| جۆری دۆکومێنت: | زمانی یەکەم |
| جۆری وەشان: | دیجیتاڵ |
| زمان - شێوەزار: | کرمانجیی ناوەڕاست |
| وڵات: | کەنەدا |
| Quick Respons Code: | |

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان؛ فەیسبووک؛ ئەکاونتی ئیدریس مستەفا ڕۆژی 18-02-2021
کاتی تۆمارکردن: PM 10:18:54 2023/5/1
ناوی تۆمارکار: هومام تاهیر

---

بابەت: 1135
## تیپی باسکەی یانەی وەرزشی ئەفرۆدێت پلەی سێیەمیان بەدەست هێنا ساڵی 2021
https://www.kurdipedia.org/?q=20220126020303402821



لە پاڵەوانێتی باسکەی کچانی یانەکانی عیراقدا، تیپی باسکەی یانەی وەرزشی ئەفرۆدێت، لە ڕێکەوتی 03-10-2021 توانیان پلەی سێیەم، بەدەست بهێنن.
[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری پەرتووک: | ئایین و ئاتەیزم |
| جۆری پەرتووک: | وەرزش |
| جۆری دۆکومێنت: | زمانی یەکەم |
| زمان - شێوەزار: | کرمانجیی ناوەڕاست |
| شار و شارۆچکەکان: | سلێمانی |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| Quick Respons Code: | |

سەرچاوەکان
[1] تۆڕی کۆمەڵایەتی | کوردیی ناوەڕاست | پەیجی یانەی وەرزشی ئەفرۆدێت
کاتی تۆمارکردن: AM 2:03:03 2022/26/1

ناوی تۆمارکار: سروشت بەکر

بابەت: 1136

**تیپی لاوانی باڵەی یانەی وەرزشی ئەفرۆدێت بوونە پاڵەوانی کچانی عێراق ساڵی 2021**

https://www.kurdipedia.org/?q=20220126015307402820



لە پاڵەوانێتی باڵەی کچانی عێراقدا، تیپی باڵەی کچانی یانەی وەرزشی ئەفرۆدێت، لە ڕێکەوتی 31-10-2021 توانیان ببنە پاڵەوانی عێراق، دوای ئەوەی لە یاری کۆتایدا بەرامبەر تیپی باڵەی کچانی یانەی ئەکادی هەولێر کەوتن، دوای بردنەوەیان بە سێ گێم بەرامبەر بە یەک گێم.
[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری پەرتووک: | وەرزش |
| جۆری دۆکومێنت: | زمانی یەکەم |
| زمان - شێوەزار: | کرمانجیی ناوەڕاست |
| شار و شارۆچکەکان: | سلێمانی |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| Quick Respons Code: | |

سەرچاوەکان

[1] تۆڕی کۆمەڵایەتی | کوردیی ناوەڕاست | پەیجی یانەی ئەفرۆدێت

کاتی تۆمارکردن: 1/26/2022 1:53:07 AM

ناوی تۆمارکار: سروشت بەکر

بابەت: 1137

**تیروپشکی خولی تازەپێگەیشتووانی یانەکانی سنووری پارێزگای سلێمانی ڕاکێشرا**

https://www.kurdipedia.org/?q=20230103130032456174

تیروپشکی خولی تازەپێگەیشتووانی یانەکانی سنووری پارێزگای سلێمانی ڕاکێشراو یانەی وەرزشی دەربەندیخان بەشداری خولەکەیە.
لە شاری سلێمانی و بەئامادەبوونی نوێنەری یانەکەمان (ڕاهێنەری تازەپێگەیشتوانی یانەی وەرزشی دەربەندیخان) و بەئامادەبوونی نوێنەری یانە بەشداربووەکان کۆبونەوەی هونەری خولی تازەپێگەیشتووانی یانەکانی سنووری پارێزگای سلێمانی ڕاکێشراو ڕۆژی 02-01-2023 خولەکە دەستپێدەکات.
بەئامادەبوونی سەرۆک و ئەندامانی یەکێتی تۆپی پێی سلێمانی و لەبارەگای تایبەت بەخۆی تیروپشکی تازەپێگەیشتوانی یانەکانی سنووری پارێزگای سلێمانی ڕاکێشرا، لە خولەکەدا هەریەک لە یانەکانی (دەربەندیخان، نەورۆز، ئاشتی، سیروانی نوێ، چەمچەماڵ، پێشمەرگەی سلێمانی، سەرچنار) بەشدارن و یاریەکانیش بەشێوازی دوو دۆڕاندن بەڕێوەدەچێت.
خولەکە بەسەرپەرشتی ڕاستەوخۆی یەکێتی تۆپی پێی سلێمانی بەڕێوەدەچێت و سەرجەم یاریەکانیش لە یاریگای ئاشتی ئەنجام دەدرێت.
یاریەکانی قۆناغی یەکەمی خولەکە
سەرچنار × دەربەندیخان
سیروانی نوێ × پێشمەرگەی سلێمانی
چەمچەماڵ × نەورۆز
یانەی ئاشتی چاوەڕوانە[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری پەرتووک: | وەرزش |
| جۆری دۆکومێنت: | زمانی یەکەم |
| جۆری وەشان: | دیجیتاڵ |
| زمان - شێوەزار: | کرمانجیی ناوەڕاست |
| شار و شارۆچکەکان: | سلێمانی |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| Quick Respons Code: | |

سەرچاوەکان

[1] تۆڕی کۆمەڵایەتی | کوردیی ناوەڕاست | پانەی وەرزشی دەربەندیخان

| | |
|---|---|
| کاتی تۆمارکردن: | 2023/3/1 1:00:32 PM |
| ناوی تۆمارکار: | سروشت بەکر |

---

بابەت: 1138

## جوڵەی وەرزشی بۆ نەمانی ئازاری پشت

https://www.kurdipedia.org/?q=20220408011619410696




بابەت : وەرزشی

ئامادەکردنی: سروشت بەکر

چەند وەرزشێکی بەسوود گەر رۆژانە بیکەیت، نازانیت ئازاری پشت چییە.

1- لەسەر پشت ڕابکشێ و قاچت بەرزبکەرەوە و بە پشتێنێک ڕایبکێشە بۆلای خۆت و بیکشێنە، پاشان 30 چرکە ڕایبگرە و 4 جار دوبارەی بکەرەوە.

2- هەر لەسەر پشت دەستەکانت بڵاوبکەرەوە و دواتر ڕانی ڕاست بەرە بۆ سەر قاچی چەپ و 30 چرکە ڕایبگرە، پاشان لایەکەی دیکە، 4 جار دوبارەی بکەرەوە.

3- لەسەر دەست و ئەژنۆ بکەوە سەر دەم و دواتر تەنها سکت بەرە ناوە و بیبەرەوە سەرەوە، 1 خولەک ئەم وەرزشە بکە.

4- لەسەر دەم ڕابکشێ و بە پەستانی دەستت سنگت بەرزبکەرەوە، 30 چرکە ڕایبگرە و 4 جار دوبارەی بکەرەوە.

5- قاچەکانت بڵاوبکەرەوە، دواتر هەرجارە و خۆت بەلایەکدا بەرە و بە دەستت لەپی پێت بگرە، 15 چرکە ڕایبگرە و بچۆرە سەر لاکەی دیکە، 2 جار دوبارەی بکەرەوە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری پەرتووک: | وەرزش |
| جۆری دۆکومێنت: | زمانی یەکەم |
| زمان - شێوەزار: | کرمانجیی ناوەڕاست |
| شار و شارۆچکەکان: | سلێمانی |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| Quick Respons Code: | |

سەرچاوەکان

[1] تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - سروشت بەکر
کاتی تۆمارکردن: 2022/8/4 1:16:19 AM
ناوی تۆمارکار: سروشت بەکر

---

بابەت: 1139

## چۆنێتی دروست بوونی تیپی وەرزشی کەمال سەلیم

https://www.kurdipedia.org/?q=20220303143527406908



بابەت: وەرزشی
لە ساڵی 1964 لە گەرەکی ئیسکان لەلایەن چەند گەنجێک تیپێکی تۆپی پێ دروست کرا بەناوی تیپی ئیسکان
لەمانگی11-1965 شەهیدی سەرکردە جەمال عەلی باپیر وەک ڕاهێنەر و یاریزان پەیوەندی کرد بە تیپەکەوە
لەساڵی 1967 ناوی تیپەکە گۆڕدرا بۆ تیپی یەکگرتووی کەمال سەلیم
شەهید کەمال سەلیم لە دایکبووی ساڵی 1942 لە سلێمانی، خوێندکاری کۆلێژی ئەندازیاری بوو لە بەغداد ساڵی 1962 - 1963 پەیوەندی کرد بەریزەکانی هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە لە 20-08-1963 لەهەلاَلە لە سەردا شەهید بوو.
دوای ئەوەی شەهید جەمال بوو بە یاریزان تیپەکە زۆر پێشکەوت و بەهێز بوو، چەندین یاریزان کە زۆر بەتوانا و چالاک بوون پەیوەندییان کرد بە تیپەکەوە، بەشی زۆری یاریزانی ئەم تیپە ڕاکێشان بۆ یانەی سلێمانی و هەڵبژاردەی سلێمانی لە 1970 - 1976 میوانداری زۆری لە تیپە بەهێزەکانی بەغداد کرد و ئەنجامی باشی بە دەست هێنا.
لە ساڵی 1983 تیپی کەمال سەلیم لە گەرەکی مەجید بەگ یاریگایەکی دروست کرد کە بەهەوڵی ئەندازیار کاک حەمید سەلیم کە ئەو کاتە بەڕێوەبەری ئەشغاڵی سلێمانی بوو، یاریگای زانکۆی سلێمانییە.
بە هەوڵ و کۆششی ئەندامە دێرینەکانی تیپەکە توانیان بیکەن بە یانە لە ساڵی 1994، بەشداری کرد لە خولی نایابی کوردستان بۆ تۆپی پێ.
تیپی باڵەی کچان و باسکەی کوڕان و کچان، پاسکیل سواری کە لە هەڵبژاردەی عێراق بوون.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری پەرتووک: | وەرزش |
| جۆری دۆکومێنت: | زمانی یەکەم |
| زمان - شێوەزار: | کرمانجیی ناوەڕاست |
| شار و شارۆچکەکان: | سلێمانی |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| Quick Respons Code: | |

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | پەیجی بەرێز (ڕەفیق زەرگەتەی)
کاتی تۆمارکردن: 2022/3/3 2:35:27 PM
ناوی تۆمارکار: سروشت بەکر

---

بابەت: 1140

## چۆنێتی درووست بوونی تیپی وەرزشی کەمال سەلیم

https://www.kurdipedia.org/?q=20230131225136463016
له ساڵی 1964 له گەڕەکی ئیسکان لەلایەن چەند گەنجێک تیپێکی تۆپی پێ درووست کرا بەناوی تیپی ئیسکان.
لەمانگی 11-1965 ز شەهیدی سەرکردە جەمال عەلی باپیر وەک ڕاهێنەر و یاریزان پەیوەندی کرد بە تیپەکەوە .
له ساڵی 1967 ز بە بیرۆکەی شەهید جەمال عەلی باپیر ناوی تیپەکە گۆڕدرا بۆ تیپی بەگرتووی کەمال سەلیم.
دوای ئەوەی شەهید جەمال بوو بە یاریزان تیپەکە زۆر پێشکەوت و بەهێز بوو، چەندین یاریزان کە زۆر بەتوانا و چالاک بوون پەیوەندییان کرد بە تیپەکەوە بەشی زۆری یاریزانی ئەم تیپە ڕاکێشان بۆ یانەی سلێمانی و هەڵبژاردەی سلێمانی لە 1970_1976 میوانداری زۆری لە تیپە بەهێزەکانی بەغدا کرد و ئەنجامی باشی بە دەست هێنا.
له ساڵی 1983 ز تیپی کەمال سەلیم لە گەڕەکی مەجید بەگ یاریگایەکی درووست کرد کە بەهەوڵی ئەندازیار کاک حەمید سەلیم کە ئەوکاتە بەڕێوەبەری ئەشغالی سلێمانی بوو کە ئێستا لە یاریگای زانکۆی سلێمانییە، هەروەها حکوومەتی بەعس ویستی ناوی بگۆڕێت بەڵام بۆی نەچووە سەر .
بە هەوڵ و کۆششی ئەندامە دێرینەکانی تیپەکە توانیان بیکەن بە یانە لە ساڵی 1994ز مۆڵەتی بۆ وەربگرن بەشداری کرد لە خولی نایابی کوردستان بۆ تۆپی پێ.
تیپی باڵەی کچان کە زۆر بە هێز بوون .
باسکەی کوڕان و کچان پاسکیل سواری کە لە هەڵبژاردەی ئێراق بوون .
بەڵام بەداخەوە ساڵی 2008ز بە زۆرەملێ سەرۆکی لیژنەی ئۆلۆمپی ئەوکاتە بەڕێز مەلا بەختیار بڕیار درا تێکەڵ بکرێت لەگەڵ یانەی ئەزمەڕ و گۆڕینی ناوی کەمال سەلیم .
ناوی ئەزمەڕ و کەمال سەلیم سڕایەوە بۆ یانەی نەورۆز کە ئیدارەکەی 5 ئەندام لە کەمال سەلیم و 5 ئەندام لە ئەزمەڕ بەڵام پاشان لە ڕێگەی فرت و فێڵ توانیان ئەندامانی کەمال سەلیم دەربکەن
ئەندامە کۆنەکانی تیپی کەمال سەلیم تاکو ئێستاش 2023 شانازی بەوەوە دەکەن ڕۆژێک لە ڕۆژان یاریزانی ئەو یانەیە بوون.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری پەرتووک: | وەرزش |
| جۆری دۆکومێنت: | زمانی یەکەم |
| جۆری وەشان: | چاپکراو |
| زمان - شێوەزار: | کرمانجیی ناوەڕاست |
| شار و شارۆچکەکان: | سلێمانی |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| Quick Respons Code: | |

سەرچاوەکان
[1] تۆڕی کۆمەڵایەتی | کوردیی ناوەڕاست | وەرزشەوانی سلێمانی

| | |
|---|---|
| کاتی تۆمارکردن: | 2023/31/1 10:51:36 PM |
| ناوی تۆمارکار: | سروشت بەکر |

---

بابەت: 1141
## چەند پاڵەوانێتیەکی وەرزشی بۆ پەروەردەی قەزاکان ئەنجامدەدرێت
https://www.kurdipedia.org/?q=20221220002848453101



بەڕێوەبەرایەتی چالاکی وەرزشی و دێدەوانی سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی هەولێر، وەکو بەرنامەی ساڵانەی خۆی و بەمەبەستی زیاتر پشتگیری کردنی وەرزش لە ناوەندی خوێندن لە سنووری پارێزگای هەولێر، هەڵدەستێ بە ئەنجامدانی چەندین پاڵەوانێتی وەرزشی بۆ هەردوو ئاستی کچان و کوڕانی پەروەردەکانی سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی هەولێر، بەڕێوەبەرایەتیەکە کە یازدە پەروەردەی شارۆچکەی لە سنووری پارێزگای هەولێر لە خۆ دەگرێت بڕیاری داوە هەریەک لەپاڵەوانیەتییەکانی باڵە و باسکە و فوتساڵ و چەندین پاڵەوانێتی تری وەرزشی لە ئایندە بەڕێوە ببات، لە بارەی ئەنجامدانی ئەم پاڵەوانییەتیانەش مامۆستا بێجان ئیبراهیم بەڕێوەبەری چالاکی وەرزشی و دێدەوانی لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی هەولێر بۆ گۆڤاری گوڵان وتی: پلانی تۆکمەمان داناوە بۆ ئەوەی بتوانین چەند پاڵەوانیەتییەکی وەرزشی بۆ پەروەردە گشتییەکانی سنووری بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی هەولێر ئەنجامبدەین، بەرنامەی تەواومان داناوە بۆ ئەوەی دەست بە چالاکییەکانمان بکەین، سوپاسی مامۆستا لوقمان سەعید بەڕێوەبەری گشتی پەروەردەی هەولێر دەکەین بۆ ئەو هاوکارییە بەردەوامەی لە بواری وەرزشی و بۆ ئەنجامدانی چالاکییە وەرزشییەکانمان، بەرنامەی تۆکمەمان هەیە بۆ هەستانەوەی وەرزش لە ناوەندی خوێندن، بڕیاریشمان داوە لە ئاییندەیەکی نزیک دەست بە ئەنجامدانی چالاکییەکانمان بکەینەوە بە بەشداری هەر 11 پەروەردەی شارۆچکە لە سنووری پارێزگای هەولێر، وتیشی هیچ کێشە و گرفتێکمان نییە و دەمانەوێ وەرزش ببەینە قۆناغێکی باشتر لە سنووری بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی هەولێر.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری پەڕتووک: | وەرزش |
| جۆری دۆکومێنت: | زمانی یەکەم |
| جۆری وەشان: | دیجیتاڵ |
| زمان - شێوەزار: | کرمانجیی ناوەڕاست |
| شار و شارۆچکەکان: | هەولێر |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| Quick Respons Code: | |

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی گوڵان- 2022-12-20

| | |
|---|---|
| کاتی تۆمارکردن: | AM 12:28:48 2022/20/12 |
| ناوی تۆمارکار: | سروشت بەکر |

---

بابەت: 1142

**چەند وەرزشێک بۆ سوتاندنی چەوری ورگ و کەلەکە زۆر بەسوودە**

https://www.kurdipedia.org/?q=20220328211220409307



بابەت: وەرزشی
چەند وەرزشێکە کە ڕێک بۆ سوتاندنی چەوری ورگ و کەلەکە داندراوە و زۆر بەسوودە و دەتوانیت لە ماڵەوە ئەنجامی بدەیت:
1- لەسەر پشت ڕابکشێ و بەشێوەی پایدەرلێدان قاچەکانت بجوڵێنە، دەستت بخەرە پشتی سەرت و ئەویش هەر جارە و بۆ لایەک بەرەو (ڕاست و چەپ)، 30 جار دوبارەی بکەرەوە.
2- ئەمجارە قاچەکانت ڕابگرە و دەستت بخەرە پشتی سەرت و جارێک بۆ لای ڕاست و جارێک بۆ لای چەپ، 15 جار بۆ هەر لایەک.
3- پاشان قاچت کۆبکەرەوە و جێگیری بکە و دواتر ڕابکشێ و بە پەستانی سکت هەڵبستەرەوە و ڕابکشێرەوە، 30 جار
4- دواجار بچۆرە سەر دەست و ئەژنۆت و قاچی ڕاست و دەستی چەپ درێژ بکە و پاشان پێچەوانەکەی، 30 جار
5- بچۆرە سەر دەم و بە پەستانی دەست و سنگت خۆت ڕابگرە و 15 چرکە بەو جۆرە بوەستە، دواتر بنوشتێرەوە و یەکسەر هەڵبستەوە و 15 چرکەی دیکە بوەستە، 10 جار دوبارەی بکەرەوە.
[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری پەڕتووک: | وەرزش |
| جۆری دۆکومێنت: | زمانی یەکەم |
| زمان - شێوەزار: | کرمانجیی ناوەڕاست |
| شار و شارۆچکەکان: | سلێمانی |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| Quick Respons Code: | |

سەرچاوەکان
[1] تۆڕی کۆمەڵایەتی | کوردیی ناوەڕاست | پەیجی زانیاری وەرزشی
کاتی تۆمارکردن: PM 9:12:20 2022/28/3
ناوی تۆمارکار: سروشت بەکر

---

بابەت: 1143
## چەند وەرزشێک گەر پێنج هەفتە بە بەردەوامی ئەنجامی بدەیت، جەستەت ڕێک دەکاتەوە
https://www.kurdipedia.org/?q=20220328202308409298



چەند وەرزشێک گەر پێنج هەفتە بە بەردەوامی ئەنجامی بدەیت، جەستەت ڕێک دەکاتەوە
ئەمەی خوارەوە چەند وەرزشێکی بەسوودە گەر 5 هەفتە بە بەردەوامی ئەنجامی بدەیت، جەستەت ڕێک دەکاتەوە:
1- بەپێوە بوەستە، بە بازدانەوە قاچەکانت بکەرەوە و دەستت بەرە سەرەوە، دواتر بەبازدانەوە بچۆرەوە دۆخی یەکەمجار. ڕۆژانە 20 جار
2- لەسەر پشت ڕابکشێ و قاچت بەرێکی بەرز بکەرەوە و دایبنێرەوە. 20 جار
3- وەرزشی شناو ئەنجام بدە، 15 جار
4- دواتر بەپێوە وەرزشی سکوات ئەنجام بدە، 15 جار
5- پاشان بچۆرە سەر دەست و قاچەکانت و قاچت بهێنە بۆ ناوەوە و بیبەرەوە و قاچەکەی دیکەت بهێنە. 20 جار
6- ئەمجارە لەسەر پشت ڕابکشێ و ئەژنۆکانت کۆبکەرەوە، دواتر بە پەستانی ورگت سنگت

بەرز بکەرەوە و داینێرەرەوە. 15 جار
7- دەتوانیت هەمان وەرزش بە بەکارهێنانی تۆپی لاستیکیش ئەنجام بدەیت.
تێبینی: پێویستە ڕۆژانە ئەم وەرزشە بکەیت و لە هەفتەیەکدا تەنها، یەک ڕۆژ دەتوانیت پشوو وەربگریت و وەرزشەکان ئەنجام نەدەیت.
[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری پەڕتووک: | وەرزش |
| جۆری دۆکومێنت: | زمانی یەکەم |
| زمان - شێوەزار: | کرمانجیی ناوەڕاست |
| شار و شارۆچکەکان: | سلێمانی |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| Quick Respons Code: | |

سەرچاوەکان
[1] تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | کوردیی ناوەڕاست | یەیچی زانیاری وەرزشی

کاتی تۆمارکردن: 2022/28/3 8:23:08 PM
ناوی تۆمارکار: سروشت بەکر

---

بابەت: 1144
## چەند ڕێنماییەک بۆ ئەوانەی وەرزش دەکەن و هەست دەکەن نەگۆڕاون
https://www.kurdipedia.org/?q=20230207183847464692

بۆ هەر وەرزشوانێک کە بەردەوام وا بیر ئەکاتەوە هیچ سوودمەند نەبووە
1- هەرگیز هیچ هیوایەک لەدەست مەدە و بەردەوامبە و واز مەهێنە.
2- بەردەوام خۆت بەراورد بکە لەگەڵ مانگێک پێشتر کە چەند گۆڕاوی.
3- هەرگیز گوێ لەکەسی نەزان مەگرە گەر قسەیەکی داروخانیان پێ وتی ئەم قسەیە با وات لێبکات باشتر هەوڵ بدەی نەک دابروخێی و وازبێنیت یان سارد ببیەوە
4- سەبر گرتن کلیلی هەموو سەرکەوتن و پێشکەوتنێکە.
5- خۆراکی تەندرووست بەقەد پێویستی لەشت ڕێگایەکە بۆ ئامانجەکەت و بۆ ئەو لەش و لاری خەونی پێوە ئەبینیت.
6- بنچینەی وەرزش ئەمانەیە
خۆراک
خەو
پشوو
7- بەردەوام خۆت هان بدە و بیر لە ئامانجەکەت بکەوە و هاوڕێیەتی ئەوانە بکە کە خەمخۆرتن.
8- بەردەوام پێشبڕکێ بکە لەگەڵ هاوڕێکانت.
[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری پەڕتووک: | وەرزش |
| جۆری دۆکومێنت: | زمانی یەکەم |
| جۆری وەشان: | دیجیتاڵ |

زمان - شێوەزار: کرمانجیی ناوەڕاست
وڵات: باشووری کوردستان
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | [سپۆرت میدیا](#)
کاتی تۆمارکردن: 2023/7/2 6:38:47 PM
ناوی تۆمارکار: سروشت بەکر

---

بابەت: 1145
## خولی باڵەی کچانی لاوانی یانەکانی عێراق لەهەولێر بەڕێوەدەچێت
[https://www.kurdipedia.org/?q=20221011010230439085](https://www.kurdipedia.org/?q=20221011010230439085)



یەکێتی ناوەندی باڵەی عێراق وادەی دەستپێکی یارییەکانی خولی باڵەی کچانی لاوانی یانەکانی عێراق ئاشکرا کردوو بڕیاری دا یارییەکانی لە شاری هەولێر بەڕێوەچوو.
لیژنەی پێشبڕکێکان لەیەکێتی ناوبراو بڕیاریدا یارییەکانی خولی باڵەی کچانی لاوانی یانەکانی عێراق بۆ ماوەی چوار ڕۆژ لەهۆڵی داخراوی یانەی ئەکاد لە عەنکاوە بەڕێوەبچێت.
جەمال ڕەشید سەرۆکی یەکێتی باڵەی سلێمانی، خولەکە بۆ لەدایک بووانی 2003 و 2004 دەبێت و یارییەکانی ماوەی چوار ڕۆژ دەخایەنێت چاوەڕوانی خولێکی بەهێزیش دەکرێت ئەوەش لە دوای ئەوەی زۆرێک لە یانەکان گرنگی بە ئاستی تەمەنەکان دەدەن.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
جۆری پەرتووک: وەرزش
جۆری دۆکومێنت: زمانی یەکەم
زمان - شێوەزار: کرمانجیی ناوەڕاست
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
وڵات: باشووری کوردستان
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | [تەوار](#)
کاتی تۆمارکردن: 2022/11/10 1:02:30 AM
ناوی تۆمارکار: سروشت بەکر

---

بابەت: 1146
## خەیاڵ حەمە ئەحمەد و سافیا محەمەد پەیوەندیان بە یانەی تەق تەقەوە کرد
[https://www.kurdipedia.org/?q=20230207194955464726](https://www.kurdipedia.org/?q=20230207194955464726)
بەمەبەستی بەهێزکردنی ڕیزی پێکهاتەی یانەکەی بۆ بەشداری کردن لە هەردوو خولی باڵەی یانە نایابەکانی کوردستان و ئێراق، دەستەی کارگێڕی یانەی وەرزشی تەق تەق سەر بە شارۆچکەی کۆیە، ئەم وەرزە یانەکە دەیەوێت تیپی باڵەی کچانی یانەکەی بکاتە یەکێک لە تیپە بەهێزەکانی سەر ئاستی کوردستان و ئێراق ڕکابەری بکات لەسەر بەدەست هێنانی ئەنجامی

شایستە لە خولەکان، بۆ ئەم مەبەستەش دوو کچە یاریزانی سەر بە پارێزگای سلێمانی و چەند یایزانێکی یانەکانی تریش گواستنەوە ڕیزی یانەکەی کچە یاریزانانەکان بریتین لە هەریەک لە یاریزانان (خەیاڵ حەمە کاپتنی یانەی دەربەندیخان، ساڤیا محەمەد لە یانەی سلێمانی و ئاگرین محەمەد لە ڕۆژهەڵات و تەرزە موزەفەر و نارین ڕەحمان لە یانەی کۆیە) لە بارەی پەیوەندی کردنیان بە یانەی تەق تەقیش خەیاڵ حەمە بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: ئێمە بەفەرمی بە گرێبەستێک پەیوەندیمان کردووە بە یانەی تەق تەق بۆ هەردوو خولی باڵەی یانەکانی کوردستان و ئێراق بەرگری لە درێسی یانەی تەق تەق دەکەین، تەنیا من و ساڤیا لە شاری سلێمانییەوە دێنە شارەدێی تەق تەق بۆ ئەوەی بتوانین ئاست و ئەنجامی شایستە لەگەڵ ئەو یانەیە پێشکەش بکەین، لەبارەی درووست بوونی کێشەبۆیان لە مەشقەکان ناوبراو وتیشی ئێمە ڕۆژەکانی هەفتە لە پارێزگای سلێمانی مەشقەکانمان ئەنجام دەدەین، وە ڕۆژانی پێنجشەممە و هەینی لە تەق تەق مەشقەکانمان ئەنجام دەدەین، بۆ نزیک بوونەوەش لەپاڵەوانیتیەکان بۆ ماوەی یەک مانگ لە تەق تەق دەمێنینەوە بۆ ئەوەی باشترین یەکە مەشقیەکانمان ئەنجام بدەین، ئەوەی لە توانامان بێت ئەنجامی دەدەین بۆ یانەی تەق تەق هاتووینە تاوەکو ئەنجامەکان دڵخۆشکەر بکەین، هیچ کێشە و گرفتێکمان نییە لێرە بەهیوای ئەوەین باشترین ئاست پێشکەش بکەین لەگەڵ یانە تازەکەمان.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری پەرتووک: | وەرزش |
| جۆری دۆکومێنت: | زمانی یەکەم |
| جۆری وەشان: | دیجیتاڵ |
| زمان - شێوەزار: | کرمانجی ناوەڕاست |
| شار و شارۆچکەکان: | سلێمانی |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| Quick Respons Code: | |

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی گوڵان - 2023-02-07

| | |
|---|---|
| کاتی تۆمارکردن: | 2023/7/2 7:49:55 PM |
| ناوی تۆمارکار: | سروشت بەکر |

---

بابەت: 1147

## ژمارەیەک کچە یاریزانانی دەربەندیخان وازیان هێنا

https://www.kurdipedia.org/?q=20221220000041453097

ژمارەیەک کچە یاریزانانی یانەی وەرزشی دەربەندیخان وازیان هێنا
هەر چەندە تیپی باڵەی کچانی یانەی دەربەندیخان یەکێک لە تیپە بەهێزەکانی سەر ئاستی کوردستان بووە، ساڵانەش لەگەڵ دەستپێکی یارییەکانی پاڵەوانیتییەکان ئاست و ئەنجامیان وەکو پێویست بووە، بەڵام بەهۆی گرفتەکانیان پێنج کچە یاریزان ڕیزی تیپی باڵەی یانەی دەربەندیخانیان جێهێشتووە و چەند یانەیەکیش هەوڵی بەدەست هێنانی ئەو یاریزانانە دەدەن، لەم بارەشەوە خەیاڵ حەمە یاریزانی پێشووی باڵەی یانەی دەربەندیخان لە بارەی وازهێنانیان لە یانەکە بۆ گۆڤاری گوڵان وتی: هۆکاری ئەوە بوو کە نەگەیشتینە ئەنجام لەگەڵ یانەکە، وا باشتر بوو کە ڕیزی تیپەکە جێ بهێڵین و لە شوێنێکی تر خزمەت بکەین، وتیشی هەریەک لە یاریزانان خەیاڵ حەمە و شادان کامیل و خەلات عومەر و نقار نوری و دالیا جەلال، جگە لەم پێنج یاریزانەش پێشووتریش دوو یاریزانی تریش ڕیزی تیپەکەیان جێهێشتبوو، لە بارەی هۆکاری وازهێنانیش خەیاڵ وتی هەندێکیان شەخسی بوون هەندێکیش کەمتەرخەمی بووە لە هەندێک ڕووە وە، جگە لەوەش ئەنجامەکانیشمان وەکوو پێویست نەبوو، لە بارەی پەیوەندی کردن بە یانەکانی تریش خەیاڵ وتی بەڵێ چەند یانەیەک هەیە ئێمەیان دەوێت وەکوو یاریزان، بەڵام لە ئێستادا هیچ خول و پاڵەوانیتیەک نییە، هەر کات خول و پاڵەوانیەتیەک هەبێت ئەوکات بڕیار دەدەین بۆ چ یانەیەک یاری دەکەین، ئێستا تەنیا دەمانەوێ ئامادەبین لە ڕووی مەشق و ڕاهێنانەوە، هەر کاتێکیش وەکو پێویست ئامادەبووین سەرجەم یاریزانەکانمان دەچینە یانەیەک بۆ ئەوەی بتوانین خزمەت بە یاری باڵە بکەین و ئاست و بوونی خۆشمان بسەلمێنن بۆ ئەوەی بتوانین باشترینی کوردستان و ئێراق بین.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری پەرتووک: | وەرزش |
| جۆری دۆکومێنت: | زمانی یەکەم |
| جۆری وەشان: | دیجیتاڵ |
| زمان - شێوەزار: | کرمانجیی ناوەڕاست |
| شار و شارۆچکەکان: | دەربەندیخان |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| Quick Respons Code: | |

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی گوڵان - 20-12-2022

کاتی تۆمارکردن: 2022/20/12 12:00:41 AM

ناوی تۆمارکار: سروشت بەکر

---

بابەت: 1148

**سلێمانی پاڵەوانێتی رۆژاوای ئاسیا لە ئامێز دەگرێت**

https://www.kurdipedia.org/?q=20230126125614461485

سلێمانی پاڵەوانێتی رۆژاوای ئاسیا لە ئامێز دەگرێت

سۆزیار یوسف

پاڵەوانێتی تۆپی باسکەی کچانی رۆژاوای ئاسیا لە شاری سلێمانی بۆ یەکەمجار لە مێژوودا بەڕێوەدەچێت و هەڵبژاردەی ئێراقیش بە پێکهاتەیەکی تەواو کوردانەوە لە وڵاتی تورکیا لە کەمپێکی مەشق و راهێنانن.
پاڵەوانێتییەکە بڕیارە لە رۆژانی 2-6/ی مانگی داهاتوو لە هۆڵی کۆلیجی وەرزشی زانکۆی سلێمانی بە بەشداری چوار وڵات بەڕێوەبچێت و یەکێتی تۆپی باسکەی ئێراقیش و لیژنەی رێکخەری پاڵەوانێتییەکە تەواوی ئامادەکارییەکان بۆ بەڕێوەچوونی ئەو پاڵەوانێتییە بە شێوەیەکی سەرکەوتووانە کردووە.
هەڵبژاردەی کچانی باسکەی ئێراق کە تەواوی یاریزانەکانی کوردن و راهێنەرو یاریدەدەرەکەشی بەهەمان شێوە لە وڵاتی تورکیا کەمپێکی مەشق و راهێنانیان کردۆتەوە بۆ ئامادەکاری زیاتری بەشداریکردن لە و پاڵەوانێتییە ، بڕیارە لە ماوەی بەڕێوەچوونی کەمپەکەش چەندین یاری دۆستانە ئەنجام بدەن و یەکێک لە یارییە دۆستانەکانیان بەرانبەر کچانی زانکۆی ئەستەنبوڵ دەبێت ، بە پێی لێدوانی رزگار رەئوف راهێنەری هەڵبژاردەکە، دەیانەوێت بە شێوەیەکی تۆکمە بەشداری لەپاڵەوانێتییەکە بکەن تاوەکو بتوانن لە خاکی سلێمانییەوە نازناوی پاڵەوانێتییەکە بەرز بکەنەوە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری پەرتووک: | وەرزش |
| جۆری دۆکومێنت: | زمانی یەکەم |
| جۆری وەشان: | دیجیتاڵ |
| زمان - شێوەزار: | کرمانجیی ناوەڕاست |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| Quick Respons Code: | |

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی کوردستانی نوێ - 2023-01-26
کاتی تۆمارکردن: 2023/26/1 12:56:14 PM
ناوی تۆمارکار: زریان عەلی

---

بابەت: 1149
**سوودەکانی وەرزش بۆ مێشک و جەستە**
https://www.kurdipedia.org/?q=20220205164132404001



بابەت: وەرزش
ڕاهێنانە وەرزشیەکان هەموویان سوودیان بۆ جەستە هەیە، هەندێک جۆری ڕاهێنان بە سوودە بۆ تەندروستی دڵ زۆر زیاتر لەوەی چاوەڕێی دەکەیت.
ئەنجامەکانی هەندێک لە توێژینەوە ئەوەیان سەلماندوە ئەوکاتەی مرۆڤ بەشێوەیەکی ڕێکخراو وەرزش دەکات ئەوە تێکرای لێدانەکانی دڵ تەندروست و ڕێکخراو دەبێت، ئارەقکردنەوەی زۆر بەهۆی وەرزش کردنەوە کاریگەری دەبێت لەسەر تەندروستی جەستە و مێشک.
ئەوکاتەی مرۆڤ وەرزش دەکات ئەوە هەستێکی نوێ و جیاوازی لا دروست دەبێت و جەستە دەپارێزێت لەو تێکچوونانەی کە بەهۆی چونە تەمەنەوە ڕوبەڕوی دەبێتەوە.
چەندکات پێویستە بۆ ئەوەی جەستەی مرۆڤ سوود لە وەرزش کردن وەربگرێت؟
زۆرینەی توێژینەوەکان ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن ڕۆژانە وەرزشکردن بۆ ماوەی (30 بۆ 45 خولەک کاریگەری دەبێت لەسەر تەندروستی لەش.
ئەو کەسانەش کە پێگەیشتوون واتە تەمەنیان لەنێوان(60 بۆ 88) ساڵدایە و ڕۆژانە بۆ ماوەی(30 خولەک) بە پێ دەڕۆن بۆ ماوەی چوار ڕۆژ لە هەفتەیەکدا توانیویانە لە ماوەی 12 هەفتەدا بگەنە ئەو ئەنجامەی مێشکیان چالاک ببێتەوە و ئەوکەسانەش کە خەمۆکن ئەگەر بۆ ماوەی 10 ڕۆژی یەک لە دوای یەک ڕۆژانە بۆ ماوەی (30 خولەک) بەپێ بڕۆن ئەوە خەمۆکیان نامێنێت و دەرونیان ئارام دەبێتەوە.
[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری پەرتووک: | وەرزش |
| جۆری دۆکومێنت: | زمانی یەکەم |
| زمان - شێوەزار: | کرمانجیی ناوەڕاست |
| شار و شارۆچکەکان: | سلێمانی |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| Quick Respons Code: | |

سەرچاوەکان
[1] تۆڕی کۆمەڵایەتی | کوردیی ناوەڕاست | پەیجی زانیاری وەرزشی
کاتی تۆمارکردن: 2022/5/2 4:41:32 PM
ناوی تۆمارکار: سروشت بەکر

---

بابەت: 1150
**سوودی هەنوژە لە بە دابەزاندنی کێش دا**
https://www.kurdipedia.org/?q=20220205220709404039



بابەت: وەرزشی
هەڵوژە وەک میوەیەک ڕۆڵی هەیە لە دابەزاندنی کێشدا، لەڕێگەی کەمکردنەوەی کالۆرییەکان و کەمکردنەوەی ئارەزووی خواردن و زیادبوونی هەستی تێری بەڕادەیەکی زۆر. هەروەها دەریخستووە، خواردنی هەڵوژە دەکرێت کۆنترۆڵی ئارەزووی خواردن بکات و ڕێگە بگرێت، لە گورچیلە کە کالۆرییەکان بەکاربهێنێت، هەروەها ژەمێکی نمونەییە، بۆ ڕێکبوونەوەی جەستە و دووربوون لە قەڵەوی.
[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری پەڕتووک: | وەرزش |
| جۆری دۆکومێنت: | وەرگێڕدراو |
| زمان - شێوەزار: | کرمانجیی ناوەڕاست |
| شار و شارۆچکەکان: | سلێمانی |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| وەرگێڕدراو لە زمانی: | ئینگلیزی |
| Quick Respons Code: | |

سەرچاوەکان
[1] تۆڕی کۆمەڵایەتی | کوردیی ناوەڕاست | پەیجی زانیاری وەرزشی

| | |
|---|---|
| کاتی تۆمارکردن: | 2022/5/2 10:07:09 PM |
| ناوی تۆمارکار: | سروشت بەکر |

---

بابەت: 1151

## سوودەکانی مەلەکردن بۆ منداڵ

https://www.kurdipedia.org/?q=20220205184327404015



بابەت: وەرزش
وەرزشی مەلەکردن بە گرنگترین وەرزش دادەنرێت بۆ لەش، لەهەمووی گرنگتر ئەوەیە ئەم وەرزشە لە تەمەنێکی زوودا فێری منداڵ بکرێت باشترە وەک لەوەی لە گەورەبووندا فێر بکرێت، چونکە بە ووتەی پسپۆڕانی ئەم بوارە مەلەکردن چەندین گرنگی هەیە بۆ منداڵ لەوانە:
1- دەبێتە هۆی بنیادنانی کەسێتی منداڵ.
2- دەبێتە هۆی ڕەوینەوەی ترس لای منداڵ لە ئاو.
3- دەبێتە هۆی زیادبوونی چالاکی جەستەیان.
4- دەبێتە هۆی بەهێزکردنی دڵی منداڵ.
5- چالاکی و سوڕی خوێنی منداڵ زیاد دەکات.
6- دەبێتە هۆی باشترکردنی ژیانی ئەو منداڵانەی کە نەخۆشی ڕەبۆیان هەیە لەڕووی دەروونی و جەستەییەوە.
7- دەبێتە هۆی باشترکردنی باری دەروونی منداڵی خاوەن پێداویستی تایبەت بەتایبەت ئەو منداڵانەی کە دوچاری گرفتی کەمی سەرنجدان بوونەتەوە لەگەڵ جوڵە.
[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری پەڕتووک: | وەرزش |

جۆری دۆکومێنت: زمانی یەکەم
زمان - شێوەزار: کرمانجیی ناوەڕاست
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
وڵات: باشووری کوردستان
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] تۆڕی کۆمەڵایەتی | کوردیی ناوەڕاست | پەیجی زانیاری وەرزشی
کاتی تۆمارکردن: 2022/5/2 6:43:27 PM
ناوی تۆمارکار: سروشت بەکر

---

بابەت: 1152
## سێ یاریزانی کورد لە ڕیزی هەڵبژاردەی عێراق مانەوە
https://www.kurdipedia.org/?q=20220925002052436061



کەمپی مەشق و ڕاهێنانی هەڵبژاردەی عێراق بۆ خۆ ئامادەکردن بۆ پالاوتنەکانی گەیشتن بە مۆندیالی 2018 لە ڕووسیا لە هەولێر کۆتایی دێت، سێ یاریزانانی کوردیش لە هەڵبژاردەکە مانەوە.
لەسەرەتای کردنەوەی کەمپەکەدا ڕازی شنێشل، ڕاهێنەری عێراق هەریەکە لە بەیار ئەبوبەکر، یاریزانی یانەی وەرزشی دهۆک، میران خسرۆ یاریزان و دلێر حاتەمی گۆڵپارێزی یانەی وەرزشی هەولێری بانگێشتی هەڵبژاردەکە کرد و دوای ماوەی 20 ڕۆژ مەشق و ڕاهێنان ڕاهێنەرەکە بڕیاریداوە بۆ سێ یاری دۆستانەی هەڵبژاردەکە هەرسێ یاریزانەکە لەگەڵ شاندی هەڵبژاردەی عێراقبن.
پێشتر میران خسرۆ، بەرووداوی ڕاگەیاندبوو زۆر دڵخۆشە بەبانگێشتکردنی بۆ هەڵبژاردەکە و بەڵێن دەدات ئەگەر دەرفەتی یاریکردنی پێبدرێت تواناکانی بۆ هەموو لایەک دەسەلمێنێت، بەهەمان شێوەی میران دلێر حاتەمی گۆڵپارێزیش دڵخۆشی خۆی بە بانگێشتکردنی بۆ هەڵبژاردەی عێراق ڕاگەیاند و گوتی(هەموو هەوڵێک دەخاتە گەر بۆ ئەوەی شوێنی خۆی لەهەڵبژاردەکەدا بکاتەوە)
عێراق لە درێژەی ئامادەکارییەکانی بۆ پالاوتنەکان سێ یاری دۆستانە ئەنجامدەدات و بەر لە بەڕێکەوتنیشی بۆ وڵاتی ئۆزباکستان بۆ دوو یاری دۆستانە لە بەغدا ئامادەکارییەکانی دەستپێدەکاتەوە. [1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
جۆری پەڕتووک: وەرزش
جۆری دۆکومێنت: زمانی یەکەم
جۆری وەشان: دیجیتاڵ
زمان - شێوەزار: کرمانجیی ناوەڕاست
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
وڵات: باشووری کوردستان
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | گوڵان میدیا
کاتی تۆمارکردن: AM 12:20:52 2022/25/9
ناوی تۆمارکار: سروشت بەکر

---

بابەت: 1153
## سێ یانەی کچانی کۆمەڵەی باکوور گەیشتنە قۆناغی کۆتایی
https://www.kurdipedia.org/?q=20221011191712439255



یەکێتی ناوەندی تۆپی سەرمێزی عێراق بەهاوکاری لقی دهۆکی یەکێتییەکە لەشاری دهۆک خولی تۆپی سەرمێزی کچانی یانەکانی عێراق بۆ ئاستی پلە یەکی پێشکەوتووان ئەنجامدا کە تیایدا هەر سێ یانەی (یانەی وەرزشی کۆیە، یانەی وەرزشی ئاشتی، یانەی وەرزشی ئەکاد) گەیشتنە قۆناغی کۆتایی خولەکە.
هێڤی تەها سکرتێری یەکێتی ناوەندی تۆپی سەرمێزی عێراق ڕاگەیاند: یارییەکانی پاڵاوتنی یانەکانی پێشکەوتووانی کچانی کۆمەڵەی باکووری گەیشتۆتە قۆناغی کۆتایی و لەکۆبونەوەی داهاتوودا بڕیار لە وادە و شوێنی ئەنجامدانی یارییەکانی دواقۆناغ دەدرێت. [1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری پەرتووک: | وەرزش |
| جۆری دۆکومێنت: | زمانی یەکەم |
| جۆری وەشان: | دیجیتاڵ |
| زمان - شێوەزار: | کرمانجیی ناوەڕاست |
| شار و شارۆچکەکان: | دهۆک |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| Quick Respons Code: | |

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | تەوار
کاتی تۆمارکردن: PM 7:17:12 2022/11/10
ناوی تۆمارکار: سروشت بەکر

---

بابەت: 1154
## سەبارەت بە مەشق و ڕاهێنانی تۆپی پێ
https://www.kurdipedia.org/?q=20221106125157443703



ناونیشان: سەبارەت بە مەشق و ڕاهێنانی تۆپی پێ
ناوی ئامادەکار: بەهادین عەبدوڵلا محەمەد
لە چوارچێوەی ڕاهێنانی تۆپی پێدا، ڕۆڵی ڕاهێنەر بریتییە لەدۆزینەوەی گونجاوترین سنوورەکانی ئەرک بۆ پێشخستنی ڕەفتارە گونجاوەکانی یاریزانەکان، بەئامانجی زیادکردنی توانای ڕاهێنانەکان و باشترکردنی بڕیاردانی یاریزانان بۆ پرسە تاکتیکییە تایبەتەکان. لە هەمان کاتدا، ئەو سنووردار کردنانەی کە لە سیناریۆکانی ڕاهێناندا جێبەجێ دەکرێن، هەروەها ڕاهێنانی وەڵامدانەوەی توندی یاریزانەکان بۆ وەرزشکردن دەکەن بەجۆرێک کە نەک تەنها کاریگەری لەسەر ڕەفتارە تاکتیکییەکان و کردارە تەکنیکیەکانی یاریزانەکان هەبێت بەڵکوو دەبێت کاریگەری لەسەر وەڵامە فیزیۆلۆژی و جەستەییەکانی یاریزانەکان هەبێت بۆ ئەو داواکاریانەی کە لەلایەن مەشقەکەوە سەپێنراون...هد ئینجادۆزینەوە سەرەکییەکانمان لەم هەوڵانەدا ئەوە بوون کە بەکارهێنانی ئاڵۆزی قەبارەی یاری لە ڕاهێنانی تۆپی پێدا ڕەنگە لەشجوانی جەستەیی و ڕەفتاری تاکتیکی بەکۆمەڵ باشتر بکات، لە کاتێکدا بەکارهێنانی ئاڵۆزی بچووکتر ڕەنگە بەشداربێت لە باشترکردنی ڕەفتاری تاکتیکی لە پێکهاتە بچووکەکانەوە، ڕاهێنانەکانی پێش دانیشتن کە دەرکەوتنی ماندوێتی لە کاتی ڕاهێنانەکاندا خێراتر دەکەن لەوانەیە یارمەتیدەر بن لە دواخستنی دەستپێکردنی ماندوێتی یارییەکان، هەروەها بەرزکردنەوەی توانای داهێنەری یاریزان. توخمەکانی ڕاهێنان وەک گۆڕینی ستراتیژی بەرگریکردن لە یاریگا (ڕەهەندەکان یان گۆڕینی سنوور)، دەستکاریکردنی بنەماکانی یاری، ژمارەی یاریزانانی بەشداربوو یان ڕێنماییە کانی ڕاهێنەر لەوانەیە بەشداربن لە باشترکردنی یاریزانە جیاوازەکان.فێربوونی جیاواز، وەک پێداگۆژییەکی ناهێڵی، لەوانەیە هاندەری باشتربوونی یاریزان بێت لە هەموو ڕەهەندەکاندا، بەڵام بە تایبەتی لە بیرکردنەوەی داهێنەرانەدا. ئەم ڕێبازە نوێیە بۆ شیکاریەکی فرەگۆڕاوی توخمە سەرەکیەکان لە ڕاهێنانی تۆپی پێدا بووەتە هۆی ئەوەی کە تێبگەین کە ئەنجامدەری باشی تۆپی پێ ئەوکەسەیە کە توانای بڕیاردانی بەردەوامی هەیە (ڕەهەندی تاکتیکی)، ئەنجامدانی کارامەیی جووڵەی نایاب (ڕەهەندی تەکنیکی) و پاراستنی دەروونییەکی باشی مەرجدار و باری فیزیکی/فیزیۆلۆژی (ڕەهەندی مەرجدار)...هتد. [1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری پەڕتووک: | وەرزش |
| جۆری دۆکومێنت: | زمانی یەکەم |
| جۆری وەشان: | دیجیتاڵ |
| زمان - شێوەزار: | کرمانجیی ناوەڕاست |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| Quick Respons Code: | |

سەرچاوەکان
[1] تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | کوردیی ناوەڕاست | ئەم بابەتە بەتایبەتی لەلایەن (نووسەر)ەوە لە ڕۆژی 2022-11-06 بۆ کوردیپێدیا نێردراوە

کاتی تۆمارکردن: 2022/6/11 12:51:57 PM
ناوی تۆمارکار: ڕۆژگار کەرکوکی

بابەت: 1155
**سەرتیپ عەلی پیرۆزبای لە یانەی وەرزشی برایەتی دەکات**
https://www.kurdipedia.org/?q=20221001234307437003

بەدەست هێنانی جامی سوپەری کوردستان پیرۆزە لە هاندەران و یاریزان و سەرۆک و دەستەی کارگێری یانەی وەرزشی برایەتی، کە بە یانە سەوزپۆشەکەی هەولێری پایتەخت ناسراوە.
بەبۆنەی بەدەست هێنانی جامی سوپەری کوردستان گەرمترین پیرۆزبای ئاراستەی دەستەی کارگێری و ستافی ڕاهێنەر و یاریزانان و هاندەرانی یانەکە دەکەم، جارێکی تر پیرۆزە
سەرتیپ علی ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی و لێپرسراوی بۆردی وەرزشی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| پارت / لایەن: | یەکێتی نیشتمانیی کوردستان |
| جۆری پەرتووک: | وەرزش |
| جۆری دۆکومێنت: | زمانی یەکەم |
| زمان - شێوەزار: | کرمانجیی ناوەڕاست |
| شار و شارۆچکەکان: | سلێمانی |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| Quick Respons Code: | |

سەرچاوەکان
[1] تۆڕی کۆمەڵایەتی | کوردیی ناوەڕاست | سپۆرت میدیا

| | |
|---|---|
| کاتی تۆمارکردن: | 2022/1/10 11:43:07 PM |
| ناوی تۆمارکار: | سروشت بەکر |

---

بابەت: 1156

## سەرۆکی یەکێتی تۆپی پێی کوردستان لە ڕێگای ئۆنلاین بەشداری کۆبوونەوەی ساڵانەی کۆنیفای کرد

https://www.kurdipedia.org/?q=20230130142109462732

ئێوارەی یەکشەممە 29-01-2023 ( تاریق عەبدولڕەحمان ) سەرۆکی یەکێتی تۆپی پێی کوردستان لەبارەگای یەکێتیەکە لە ڕێگای ئۆنلاین بەشداری کۆبوونەوەی ساڵانەی کۆنیفای کرد و تیایدا سەرۆکی کۆنیفا (پێر ئەندریەس بلێند ) و ئەندامانی بەشدار بوون ، کۆبوونەوەکە زیاتر بۆ یەکتر ناسینی سەرۆک و ئەندامان بوو لەنێوان یەکتر کە بەم دواییە ژمارەیەک هەرێم وەک ئەندام زیاد کراوون لە کۆنیفا، بڕیاریشە پاڵەوانێتیەکە فراوانتر بکرێت بەهۆی ئەوەی ژمارەیەک هەرێمی تر وەک ئەندام هاتوونەتە نێو کۆنیفا و بەنیازن بەشداری لەپاڵەوانێتیەکانی داهاتوو بکەن .
ڕاگەیاندنی یەکێتی تۆپی پێی کوردستان.
[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری پەرتووک: | وەرزش |
| جۆری دۆکومێنت: | زمانی یەکەم |
| جۆری وەشان: | دیجیتاڵ |
| زمان - شێوەزار: | کرمانجیی ناوەڕاست |
| شار و شارۆچکەکان: | سلێمانی |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| Quick Respons Code: | |

سەرچاوەکان
[1] تۆڕی کۆمەڵایەتی | کوردیی ناوەڕاست | سپۆرت میدیا
کاتی تۆمارکردن: PM 2:21:09 2023/30/1
ناوی تۆمارکار: سروشت بەکر

---

بابەت: 1157

## سەرەتای پەیدابوونی یاری تۆپی باسکە لەهەولێر

https://www.kurdipedia.org/?q=20220516015631414082



بابەت: وەرزشی

دەگەڕێتەوە بۆ ساڵانی سیەکان، یەکەم هەنگاوی لە قوتابخانەکان دەستی پێ کرد ساڵانی 1930 -1945 کۆمەڵە یاریزانێک هاتنە مەیدان لەوانە:
(نەزیف عەبدولکەریم - عەزیزمەولود- شەعلان حسێن کەسرە - نوری ئەمین - حەیدەر عوسمان -سەرکیس ئیبراهیم - جەلال شەریف - ئیسماعیل حەمید - جەلال خورشید - عیسا سەلیم - نیهاد مستەفا - ئیسماعیل محەمەد).
لەنێوان ساڵانی 1941-1955 ئەم یاریە بوژانەوەیەکی تەواوی بەخۆیەوە بینی ئەم یاریزانانە هاتنە مەیدانەوە (کەمال مستەفا - جەمال مستەفا - محەمەد سۆفی - فرانسۆتۆما - حەیدەر عوسمان - جەمال عوسمان) مامۆستا عەلی حسەین کەسرە ڕاهێنەریان بوو لە گۆڕەپانی قوتابخانەی ئەربیل سانی(ئێستا بینای پارێزگاری هەولێرە) ڕاهێنانیان دەکرد.
لەساڵانی 1956 -1960 یاریزانانی تۆپی باسکە لەمانە پێک هاتبوون (ناسح عەبدوڵلا - نورەدین فەتاح - ڕەمزی فەتاح - فاروق تۆفیق- ئەکرەم حسەین - نیهاد نورەدین - فەتحی ئیبراهیم - ئەنترانیک نیکۆلا).
ساڵانی 1961-1970 ئەم یاریزانانە هاتنە مەیدان (ناسح عەبدوڵلا - فاروق عەبدولعەزیز - خالید ڕەسوڵ محەمەد مستەفا - نمیر نورەدین - سەیفەدین شەریف - شامل مەردان - ئەکرەم حسەین - جەمال محەمەد - دەشتی وەهاب - جەرجیس ئیبراهیم - یوسف مەنگور).
[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری پەرتووک: | وەرزش |
| جۆری دۆکومێنت: | زمانی یەکەم |
| زمان - شێوەزار: | کرمانجیی ناوەڕاست |
| شار و شارۆچکەکان: | هەولێر |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| Quick Respons Code: | |

سەرچاوەکان
[1] تۆڕی کۆمەڵایەتی | کوردیی ناوەڕاست | وەرزشەوانە دێرینەکانی هەولێر
کاتی تۆمارکردن: AM 1:56:31 2022/16/5
ناوی تۆمارکار: سروشت بەکر

---

بابەت: 1158

## شەش کچ بڕوانامەی داوەری باڵەیان بەدەست هێنا

https://www.kurdipedia.org/?q=20220909034346432998



شەش کچ بڕوانامەی داوەری باڵە بەدەستدەهێنن میران محەمەد یەکێتی باڵەی کوردستان خولێکی داوەری باڵەی لەشاری سلێمانی کردووە کە (26) داوەر بڕوانامەی داوەریان لەیاری باڵەدا پێبەخشرا و لەو ژمارەیەش شەش داوەریان کچ بوون.
خولەکە کە شوان عەلی، وانەبێژ و داوەری نێودەوڵەتی بەڕێوەی دەبرد، هەریەک لە خاتوو (شلێر کەماڵ، دڵپاک نەوزاد، سەنا عەلی، لاوین محەمەد، شنیار سدیق، سارا عومەر) توانیان ببنە خاوەنی بڕوانامەی داوەری یاری باڵە.
مامۆستا جەمال ڕەشید سەرۆکی یەکێتی باڵەی سلێمانی ڕایگەیاند: "ئەم خولە یەکێتی باڵەی کوردستان سەرپەرشتی دەکرد و ئێمەش هاوکاریان بووین"
وتیشی: "ئەوەی جێگەی خۆشحاڵیمان بوو بەشداریکردنی کچان بوو لەم خولەدا، ئێمەش بەهەموو توانامانەوە پشتگیریان دەکەین و دەمانەوێت زۆرترین داوەری ئەم یارییە درووست بکەین".
[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری پەرتووک: | وەرزش |
| جۆری دۆکومێنت: | زمانی یەکەم |
| جۆری وەشان: | دیجیتاڵ |
| زمان - شێوەزار: | کرمانجیی ناوەڕاست |
| شار و شارۆچکەکان: | سلێمانی |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| Quick Respons Code: | |

سەرچاوەکان
[1] تۆڕی کۆمەڵایەتی | کوردیی ناوەڕاست | تۆڕی میدیای تەوار
کاتی تۆمارکردن: 2022/9/9 3:43:46 AM
ناوی تۆمارکار: سروشت بەکر

---

بابەت: 1159

## عێراق داوایکردووە پاڵەوانێتیەکی ماتۆڕسواری لە کوردستان بەڕێوە بچێت

https://www.kurdipedia.org/?q=20220925010217436074



ماتۆڕسوارانی یانەی عێراق عێراق، بۆ یارییەکانی ماتۆڕسواری و ئۆتۆمبێل بەشدارییان لە پاڵەوانێتیی جیهان بۆگەشت بە ماتۆڕ لە وڵاتی یۆنان کرد و پلەی سێیەمیان بەدەستهێنا.
کێبرکێی پاڵەوانێتی جیهانی گەشت بە ماتۆڕسواری ئەمساڵ بە بەشداری 17 وڵات لە کەڤەلانیای یۆنان ماوەی چوار ڕۆژ بەردەوامبوو، شاندی عێراق 10 کەس بوو کە 6 یان ماتۆڕسوار بوون.
ماتۆڕسوارەکانی یانەی عێراق عێراق بۆ یەکەمجار بەشداری کێبرکێیەکی جیهانیان کرد و گەشتێکی دوور و درێژیان بە ماتۆڕ ئەنجامدا کە لە شاری بەغدا دەستپێکرد و لە یۆنان کۆتاییهات ماوەکەی 3000 کیلۆمەتر بوو.
ڕائید بەیاتی، سەرۆکی یانەی عێراق بۆ یارییەکانی ماتۆڕسواری و ئۆتۆمبێل لە لێدوانێکی تایبەت ڕایگەیاند ئێمە شانازی دەکەین کە لەسەر ئاستی هەموو وڵاتە عەرەبییەکان تاکە شاندی عەرەبی بووین هاوشانی بەهێزترین ماتۆڕسوارەکانی ئەوروپا بەشداریمان کرد و ئاستێکی بەرزمان پێشکەشکرد.

کێبڕکێی ماتۆڕسواری جیهان ئەمساڵ بریتی بوو لە گەشتی ماتۆڕسوارەکان بۆ 4 شاری یۆنان، هەڵبژاردەی فەڕەنسا نازناوەکەی بردەوە و بەلجیکا لە پلەی دووەم هات، ماتۆڕسوارانی عێراقیش ململانێیەکی بەهێزیان کرد و پلەی سێیەمیان پێدرا.
بەیاتی زیاتر ڕوونیکردەوە (لە کۆبوونەوەی فیدراسیۆنی ماتۆڕسواری جیهان بەشێوەیەکی فەرمی داوامانکردووە نمایشەکانی پاڵەوانێتی جیهان لە یەکێک لە شارەکانی هەرێمی کوردستان میوانداری بکەین، لەبەرئەوەی جوانی سروشت و باشی باری ئاسایشی ناوچەکە شایستەی ئەوەیە ماتۆڕسواران گەشتی بۆ بکەن). [1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری پەرتووک: | وەرزش |
| جۆری دۆکومێنت: | زمانی یەکەم |
| جۆری وەشان: | دیجیتاڵ |
| زمان - شێوەزار: | کرمانجیی ناوەڕاست |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| Quick Respons Code: | |

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ڕووداو

| | |
|---|---|
| کاتی تۆمارکردن: | 2022/25/9 1:02:17 AM |
| ناوی تۆمارکار: | سروشت بەکر |

---

بابەت: 1160
**عەباس فەرەج تیپی تۆپی پێی کچان دروست دەکاتەوە**
https://www.kurdipedia.org/?q=20221220001420453100
عەباس فەرەج تیپی کچان دروووست دەکاتەوە
دوای ماوەیەک دابڕان لە مەشقدانەوەی تیپی فوتساڵی کچان لە شاری سلێمانی و دوورکەوتنەوە لە خولەکانی کوردستان و ئێراق، سلێمانی جارێکی تر دەبێتەوە خاوەن تیپێکی تۆکمەی فوتساڵ لە سەر ئاستی کوردستانیش دەیانەوێ کێبڕکێ بکەن، بۆ ئەم مەبەستەش مامۆستا عەباس فەرەج دەیەوێت تیپێک لە پارێزگای سلێمانی درووست بکات و شەڕی سەرجەم یانەکانی تری کوردستان بکات، لەم بارەشەوە عەباس فەرەج بۆ گۆڤاری گۆڵان وتی: ئامادەکارییەکانمان بەردەوامن بۆ ئەوەی تیپێک لە شاری سلێمانی درووست بکەینەوە بۆ ئەوەی بتوانین کێبڕکێ بکەین لەسەر بەدەست هێنانی ئەنجامی شایستە لە خولەکانی کوردستان و ئێراق، هۆکاری دواخستنی درووست کردنی تیپەکەش بەهۆی دیاری نەکردنی خولی فوتساڵ بوو بۆ ئاستی کچان، لەبارەی ڕێکەوتنیش لەگەڵ تیپەکان عەباس فەرەج وتی: لە شاری سلێمانی لەگەڵ چەند تیپێک کۆدەبینەوە ئەگەر زانیمان تیپێک هەیە لەگەڵ ئێمە دەگونجێ بە دڵنیاییەوە لەگەڵیان ڕێک دەکەوین، بەڵام ئەگەر هەر زانیمان ئەو کچانەی ئێمە هەر پشتگوێ دەخرێن ئەوا لەگەڵ تیپێکی دەرەوەی سلێمانی ڕێکدەکەوین، وتیشی یانەی دەرەوەی شاری سلێمانیش ئامادەی ئەوەیان نیشانداوە بۆ ئەوەی بە ناوی ئەوانەوە بەشداری لە خولی فوتساڵی کچانی نایابی یانەکانی کوردستان بکەین، ئەگەر هەر تیپ لە ناو شاری سلێمانی نەبێت، سەد لە سەد تیپەکە درووست دەکەینەوە دەچینە دەرەوەی شاری سلێمانی لەگەڵ تیپێک ڕێکدەکەوین بۆ ئەوەی بتوانین ئەم کچە یاریزانانە بەردەوام بن لە یاری کردن و مەشقی بەردەوامیان پێ دەکەین بۆ ئەوەی باشترین ئاست پێشکەش بکەین.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری پەرتووک: | وەرزش |
| جۆری دۆکومێنت: | زمانی یەکەم |
| جۆری وەشان: | دیجیتاڵ |

زمان - شێوەزار: کرمانجیی ناوەڕاست
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
وڵات: باشووری کوردستان
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | [ماڵپەڕی گوڵان - 20-12-2022]
کاتی تۆمارکردن: 2022/20/12 12:14:20 AM
ناوی تۆمارکار: سروشت بەکر

---

بابەت: 1161
**لە خولی پلە یەکی کوردستان زانکۆی جیهان دەبێتە میوانی برادۆست**
[https://www.kurdipedia.org/?q=20230103203545456283](https://www.kurdipedia.org/?q=20230103203545456283)



لە خولی پلە یەکی کوردستان زانکۆی جیهان دەبێتە میوانی برادۆست
لە میانی یارییەکانی گەڕی نۆیەمی خولی یانە پلە یەکەکانی کوردستان بڕیارە دووشەممە لە چەند یاریگایەکی شارەکانی کوردستان پێنج یاری گرنگ و بەهێز لەنێوان یانەکانی کوردستان بەڕێوەبچێت، یانەی زانکۆی جیهان بە دوای سەرکەوتن دەگەڕێت و دەچێتە یاریگای کەرکووک لەسەر یاریگای یانەی نەفتی شیمال رووبەڕووی یانەی وەرزشی برادۆست دەبێتەوە، زانکۆی جیهان بەوپەڕی ئامادەکاری و ورەی بەرزەوە دەچێتە کەرکووک بۆ ئەوەی بە سێ خاڵی گرنگ بگەڕێتەوە پایتەختی کوردستان و برادۆستیش نایەوێ بە دەستی بە تاڵ لە یاریگا بێتە دەرەوە، یانەی پیشەسازیش لەسەر یاریگای خۆی و لە یارییەکی زەحمەتدا رووبەڕووی یانەی وەرزشی هەولێری پێشەنگی یانەکان دەبێتەوە، هەولێر دەیەوێت پێشەنگی یانەکان بەهێزتر بکات لەسەر بەرژەوەندی یانەی پیشەسازی بۆ ئەوەی زیاتر بتوانێ یەکەمی یانەکان مسۆگەربکات، یانەی پیشەسازیش دەیەوێت بە ئاست و ئەنجام یارییەکە لە بەرژەوەندی خۆی تەواو بکات، سەرجەم یارییەکانیش لە کاتژمێر 2ی دوای نیوەڕۆ بەڕێوەبچێت. [1]
گارە-خانەقین
بازیان-سێمێل
شۆڕیجە-بابان

تایبەتمەندییەکانی بابەت
جۆری پەرتووک: وەرزش
جۆری دۆکومێنت: زمانی یەکەم
جۆری وەشان: دیجیتاڵ
زمان - شێوەزار: کرمانجیی ناوەڕاست
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
وڵات: باشووری کوردستان
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | گوڵان
کاتی تۆمارکردن:                PM 8:35:45 2023/3/1
ناوی تۆمارکار:                سروشت بەکر

---

بابەت: 1162
## لە خولی پلە یەکی کوردستان زانکۆی جیهان و هەولێر ڕووبەڕووی گارە و بازیان دەبنەوە
https://www.kurdipedia.org/?q=20221219225636453081



لە خولی پلە یەکی کوردستان
زانکۆی جیهان و هەولێر ڕووبەڕووی گارە و بازیان دەبنەوە
لەمیانی یارییەکانی گەڕی شەشەمی خولی یانە پلە یەکەکانی کوردستان پێنج شەممە 14-12-2022 پێنج یاری گرنگ لە یاریگا جیاوازەکانی کوردستان بەڕێوەبچێت، یانەی زانکۆی جیهان لە سەر یاریگای یانەی پیشەسازی میوانداری یانەی گارە دەکات، بۆ ئەم یارییەش یاریزانانی ئامادەکاری پێویستیان کردووە بۆ ئەوەی بتوانن قەرەبووی شکستی هەفتەی ڕابردوویان بکەنەوە، یاریزانانی زانکۆی جیهان ئامادەکارییەکانیان بە نیەتی سێ خاڵی یارییەکەیە و گارەش نایەوێ بە دەستی بەتاڵ بگەڕێتەوە شاری دهۆک، یانەی هەولێریش لە سەر یاریگای خۆی لە یارییە کی بەهێزدا میوانداری یانەی بازیان دەکات، بۆ ئەم یارییەش یاریزانانی هەردوو یانە ئامادەکاری پێویستیان کردووە بە ئامانجی بەدەستهێنانی سێ خاڵی یارییەکە، سەرجەم یارییەکانیش لە کاتژمێر 2ی دوای نیوەڕۆ بەڕێوەدەچێت.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری پەرتووک: | وەرزش |
| جۆری دۆکومێنت: | زمانی یەکەم |
| جۆری وەشان: | دیجیتاڵ |
| زانکۆ: | زانکۆی جیهان |
| زمان - شێوەزار: | کرمانجیی ناوەڕاست |
| شار و شارۆچکەکان: | هەولێر |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| Quick Respons Code: | |

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی گوڵان - 2022-12-19
کاتی تۆمارکردن:                PM 10:56:36 2022/19/12
ناوی تۆمارکار:                سروشت بەکر

---

بابەت: 1163
## لە خولی پلە یەکەکانی کوردستان یانەی وەرزشی ڕانیە بووە میوانی یانەی وەرزشی خاک
https://www.kurdipedia.org/?q=20230130133846462722



ڕانیە بەخاڵێک لە کەرکووک گەڕایەوە لە گەڕی یازدەی خولی پلە یەکەکانی کوردستان یانەی وەرزشی ڕانیە بووە میوانی یانەی وەرزشی خاک لە شاری کەرکووک.
یارییەکەش بەیەکسانی و بەبێ گۆڵ کۆتایهات.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری پەڕتووک: | وەرزش |
| جۆری دۆکومێنت: | زمانی یەکەم |
| زمان - شێوەزار: | کرمانجیی ناوەڕاست |
| شار و شارۆچکەکان: | کەرکوک |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| Quick Respons Code: | |

سەرچاوەکان
[1] تۆڕی کۆمەڵایەتی | کوردیی ناوەڕاست | تەلەڤزیۆنی ڕانیە
کاتی تۆمارکردن: PM 1:38:46 2023/30/1
ناوی تۆمارکار: سروشت بەکر

---

بابەت: 1164

## لە دوای دابەزینی کێش ئەم گۆڕانکاریانە بەسەر جەستەدا دێت

https://www.kurdipedia.org/?q=20220328210030409305



بابەت: وەرزشی
ئامادەکردنی: سروشت بەکر
1- مەترسی توشبون بەنەخۆشی شەکرە لە جۆری دووەم کەم دەبێتەوە.
2- ددانەکانت بە تەندروستی دەمێننەوە.
3- ئازاری جومگەکان نامینێت
4- مەترسییەکانی لە کارکەوتنی گورچیلە کەمدەبنەوە.
[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری پەڕتووک: | وەرزش |
| جۆری دۆکومێنت: | زمانی یەکەم |
| زمان - شێوەزار: | کرمانجیی ناوەڕاست |
| شار و شارۆچکەکان: | سلێمانی |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| Quick Respons Code: | |

سەرچاوەکان
[1] تۆڕی کۆمەڵایەتی | کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - سروشت بەکر
کاتی تۆمارکردن: PM 9:00:30 2022/28/3
ناوی تۆمارکار: سروشت بەکر

بابەت: 1165

**لە یارییەکی دۆستانەدا هەڵبژاردەی کوردستان میوانداری هەڵبژاردەی ئێراق دەکات**

https://www.kurdipedia.org/?q=20230206175438464438

لە یاری تۆپی باسکەدا هەردوو هەڵبژاردەی کوردستان و ئێراق ڕووبەڕووی یەکتر بوونەوە.
ڕێکەوتی شەممە 04-02-2023 لەیارییەکی دۆستانەدا هەڵبژاردەی تۆپی باسکەی کوردستان لەهۆڵی وەرزشی زاخۆ میوانداری هەڵبژاردەی باسکەی ئێراق کرد.
یارییەکە کاتژمێر 4ی ئێوارە بەڕێوەچوو، هەڵبژاردەی باسکەی کوردستان ماوەی سێ ڕۆژە لە ئۆردوگایەکی مەشق و ڕاهێنانە لە شاری زاخۆ بۆ خۆ ئامادەکردنی یاری دۆستانەکەی لە بەرامبەر هەڵبژاردەی ئێراق.
هەڵبژاردەی کوردستان پێکهاتەکەی لەژێر چاودێری لێژنەی ئۆلۆمپی هەرێمی کوردستان و بەسەرپەرشتی یەکێتی ناوەندی باسکەی کوردستان پێکهێنراوە، یەکەم یاری دۆستانەشی لە بەرامبەر هەڵبژاردەی ئێراق دەبێت، بۆ داهاتووش چەند یارییەک دیکەی دەبێت.

پێکهاتەی هەڵبژاردەی کوردستان پێکهاتووە لە:

سەرۆک شاند: هوشیار سلێمان ئەحمەد
کارگێڕی هەڵبژاردە: ڕەوەند دلزار تۆفیق
ڕاهێنەر: جوتیار عەلی ، یاریدەدەری ڕاهێنەر: پێشەوا عوسمان
یاریزانانی هەڵبژاردە:
جێگر عەلی لە یانەی وەرزشی زاخۆ ، موراد عەلی لە یانەی وەرزشی زاخۆ، موهەنەد عەبدولکەریم لە یانەی وەرزشی زاخۆ، عیمران ئیبراهیم لە یانەی وەرزشی زاخۆ، زنار هوشیار لە یانەی وەرزشی زاخۆ، محەمەد عەبدولخالق لەیانەی وەرزشی قەڵا، کەیهان سیروان لە یانەی وەرزشی قەڵا، خالید سوڵتان لە یانەی وەرزشی سۆلاڤی نوێ، ڕێکان عوسمان لە یانەی وەرزشی سۆلاڤی نوێ، فەرید ڕەعد لە یانەی وەرزشی دهۆک، دابان قاسم لە یانەی وەرزشی هێرش، ڕەزوان شاکر لە یانەی وەرزشی ئاسۆ، دیاری ئەرکان لە یانەی وەرزشی دەربەندیخان، یوهان مەکسیم لە یانەی وەرزشی ئەکاد.

ڕاگەیاندنی لێژنەی ئۆلۆمپی هەرێمی کوردستان
2023-02-03
[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری پەرتووک: | وەرزش |
| جۆری دۆکومێنت: | زمانی یەکەم |
| جۆری وەشان: | دیجیتاڵ |
| زمان - شێوەزار: | کرمانجیی سەروو |
| زمان - شێوەزار: | کرمانجیی ناوەڕاست |
| شار و شارۆچکەکان: | زاخۆ |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| Quick Respons Code: | |

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | سیۆرت میدیا

| | |
|---|---|
| کاتی تۆمارکردن: | 2023/6/2 5:54:38 PM |
| ناوی تۆمارکار: | سروشت بەکر |

بابەت: 1166
**مێژووی وەرزشی سلێمانی**
https://www.kurdipedia.org/?q=20220115220907401711
مێژووی وەرزشی سلێمانی

وەرزش بەشێکە لە کلتور و رۆشنبیری هەر میللەتێک، لە سلێمانی هەر لە مێژەوە وەرزش وەک چالاکییەک بوونی هەبووە، بە تایبەت لەو جۆرە یاریانەدا کە لەنێو کوردا باو بوون، وەک سوارچاکی و تیرئەندازی و هەمیشە ستایشی ئەو جۆرە وەرزشە کراوەو ئەتوانین پێش پەیدابوونی ئۆتۆمبیل کەم کەس هەبووە لە شاردا شتێک لە سوارچاکی نەزانێت، تەنانەت ژنانیش لەم بوارەدا بەجێ نەماوبوون،
هاوکات یارییە کوردەوارییەکانی تریش لە گەرگ و کۆلان و گردەکانی شاردا خەڵکی سەرقاڵ و سەرگەرم دەکرد و بەگشتی ئەهلی سلێمانی بە ئەهلی کەیف و سەفا و سەرگەرمی ناسراون
شێخ رەزای تاڵەبانی لەشیعری (لەبیرم دێ سلێمانی کە دارولمولکی بابان بوو) دا بەروونی باسی ئەسپسواری و نمایشی ئەسپسوارانی شارەکە دەکات کە ئە وکاتە شێخ رەزا بەجرید بازی ناوی دەبات و شوێنەکەش دیاریی دەکات کە دەوری کانی ئاسکان بووە و دەڵێت:
درێغ بۆ ئە و زەمانە ئە و دەمە ئە و عەسرە ئە و رۆژە
کەمەیدانی جرید بازی لەدەوری کانی ئاسکان بوو

دوای روخانی ئیمارەتی بابان، مامە یارە ی تۆپچی بابانییەکان لە جادەی سابونکەران نزیک حەمامی موفتی، زۆرخانەیەک دەکاتەوە و گەنجان و لاوانی شارەکەی تیا فێری میلبازی و زۆرانبازی کردووە.
یارە خۆی پیاوێکی تێسمراوو گەلەگەت و بەهێز بووە و لە زۆرانبازیدا زۆر بەتوانابووە، ئەم زۆرخانەیەی ئە و بنەمای دروستبوونی یانەبووە لەسلێمانی و خۆیشی وەک راهێنەرو سەرۆک یانە رۆڵی بینیوە و کەسانێکی زۆریش لەسەردەستی ئەم فێری ئە و جۆرە وەرزشەبوون.
پێش ئەوەی ئینگلیز بێنە سلێمانی یارییەک نەبووە بەناوی تۆپی پێ، بەڵام کەئەمان ساڵانی بیستەکان دێن و کەمپێکی سەربازی لە باکوری سلێمانی و گەرەکی توی مالیکی ئێستا دادەنێن، سەربازە ئینگلیزەکان تۆپی چەرم لەگەڵ خۆیان دەهێنن و لە و کەمپەدا لەنێو خۆیاندا یاریی پێدەکەن.
ئەم یاریکردنەی ئینگلیزەکان بەتۆپ سەرنجی گەنجانی ئە و سەردەمە بەلای خۆیدا رادەکێشێت و ئەمانیش بەپەڕۆ تۆپ دروستدەکەن و لەنێوان خۆیاندا یارییەکە دەکەن و لاسایی سەربازە ئینگلیزەکان دەکەنەوە، ئیتر لێرەوە یەکەم بەردی بناغە بۆ وەرزشێکی سەدەمیانە لە سلێمانیدا دادەنرێت.
ئیتر وەرزش ساڵ لەدوای ساڵ فراوانتر دەبێت، تیپی تۆپی پێ لەگەرەکەکاندا درووست دەبن، وەرزشی قو تابخانە گەشەدەکات، لەگەڵ کەشافە و ئیستیعرازی ساڵانە، یارییەکانی تریش وەک تۆپی پێ و باسکە و بالەش پەرەی سەندووە.
هەنگاوەکانی گەشەی وەرزش ئەم شارە گەورە تر دەبن تا وای لێدێت یانەیەکی وەرزشی بەناوی یانەی سیحە و قووە دادەمزرێت، ئەم یانەیە کەم دەوامی کردو دواتر ساڵی 1956 یانەی سلێمانی دامەزرا.

مێژووی دامەزراندنی یانەی سلێمانی
لە پێش دامەزراندنی یانەی وەرزشی سلێمانی لە سەرەتای ساڵی 1956 لە زۆربەی گەرەکەکاندا تیپی ئەهلی (میللی) هەبووە لە گەرەکی مەڵکەندی تیپی پێشکەوتن کە خوالێخۆش بوو عەبدولرەحمان عەبە گۆڕێ سەرپەرشتی ئەم تیپەی کردووە.
لە گەرەکی شێخان تیپی ئەزمەڕ.
لە گەرەکی کانێسکان تیپی ئاسۆ.
لە گەرەکی سابونکەران تیپی هێرش.
لە گەرەکی سەرشەقام تیپی سەیوان لە پاشدا خەبات و تیپی ئاکۆ.
لە گەرەکی هۆڵی تیپی هیوا لە پاشدا تیپی برسی گەرەکی پیرمەسوور دروست بوو.
جگە لەم تیپانەش :
تیپی سووپا حامیەی سلێمانی.
تیپی فەرمانبەران.
تیپی پۆلیس.

ئەم تیپانە لەگەڵ یەکدا یاری دۆستانەیان ئەنجام ئەدا و تیپەکانی دەرەوەشیان بە یاریکردن بەسەر ئەکردەوە. لەو ساڵانەدا

جێگری پارێزگاری سلێمانی بەڕێز عەبدوڵلا بەگ بوو کە بەم جوڵانەوە بەو چالاکیە وەزشیانە زۆر خۆشحاڵ و پێی باش بووە وە لە هەمان کاتدا خۆی حەزی لە وەرزش بوو، هەموو سەرۆک تیپەکانی بانگهێشت کرد بۆ دیوانی پارێزگا و پێی ڕاگەیاندن کە دەورەیەک بکەنەوە لە نێوان هەموو تیپەکان و بەڵێنی پێدان کە هەموو جۆرە یارمەتیەکیان بۆ دابین دەکات (لە خەڵات و کڕینی کاس و پێداویستیەکانی ئەو خولە) سەرۆک تیپەکان بە خۆشحاڵیەوە ڕەزامەندیان پیشاندا و زۆر سوپاسیان کرد. وە بۆ ئەنجامدانی چۆنیەتی یارییەکان بڕیاریاندا کە یاریەکان بە (دۆڕاندنی دووجار) بۆ هەر تیپێک بۆ خولەکە دەچێتە دەرەوە وە لە پاشدا (قرعە) کرا بۆ یاریەکانیان لە ئەنجامی یاریەکان هەردوو تیپی سەیوان و پێشکەوتن مانەوە بۆ یاری کۆتایی وە ڕۆژی یاری کردن دیاری کرا بەپێی ڕێکەوتنی ئەو سەرۆک تیپانە، یاری کۆتایی ئەگەر یەکسان بوون یاری دووەم ئەنجام بدەن خۆ ئەگەر یاری دووەمیش یەکسان بوون ئەوا یاری سێیەم ئەنجام دەدەن. بەرپرسی تیپی سەیوان شەهید مامۆستا یاسین حەمەساڵح بوو وە تیپی پێشکەوتن کاک تالیب سەید عەلی بوو. وا ڕێکەوت هەردوو تیپ لە یاری یەکەم و دووەم دا یەکسان بوون ڕۆژی دیاری کراوی سێیەم دیاری کرا.

یاری سێیەم لە یاریگای تەیارەخانەکە، هەردوو تیپ دەستیان بە یاری کردن کرد وە ماوەی (20 خولەک) تێپەڕ بوو، مامۆستای خوالێخۆشبوو (ساڵح علی هاتە ناوەوە و یارییەکەی ڕاگرت و ئەندامانی هەردوو تیپەکەی هێنایە قەراغ یاریگاکەوەو بە یاریزانەکانی ووت ئەوە جەنابی (وەزیری ناوخۆی عێراقە) بەڕێز(حمە سەعید قزاز) ئەیەوێت قسەتان لەگەڵ بکات، کە یاریزانەکان کۆبوونەوە لەبەردەم وەزیری ناوخۆ و مامۆستا ساڵح علی لەقسەکانیدا زۆری پێخۆش بوو وە لەهەمان کاتدا هانی دان کە بەردەوام بن لە وەرزش کردن، لەم کاتەدا یاریزانی تیپی پێشکەوتن (تاڵب سید علی) بە مامۆستا (ساڵح علی) ووت دە مامۆستا پێی بڵێ و داوای (کردنەوەی یانەیەکمان بۆ بکە)، مامۆستای خوالێخۆشبووش ووتی (جەناب ئێمە چەند جارێک داوای کردنەوەی یانەیەکمان کردووە کەچی ڕێگەمان پێنادەن، بەڵکو لەڕێی جەنابتەوە یانەیەکمان بۆ بکەنەوە). خوالێخشبوو (حمەسعید قەزازیش) ووتی: ئێستا گەڕانێکم بەدەستەوەیە بۆ پارێزگاکانی (کەرکوک و موسڵ) ماوەی (10) ڕۆژم پێئەچێت دوای ئەو (10) ڕۆژە وەرن بۆ لام بۆ بەغداد سەرم لێبدەن، بەڵام کە هاتن (عەریزەیەکتان) پێ بێت ناوی کۆمەڵێ کەسان لە پارێزەرو فەرمانبەرو مامۆستا و کاسب کاری تێدابێت و لەگەڵ ناوەکانیان ئیمزایان کردبێت. کەلەم بەڕێزانە پێک هاتبوون:

بەڕێز ساڵح عەلی ساڵح چاودێری وەرزش و یارییەکان
بەڕێز ئەحمەد زرنگ پارێزەرو بوڕێوەبەری ڕۆژنامەی ژین
بەڕێز نامیق تۆفیق قەزاز پارێزەرو موڵکدار
بەڕێز خەلیل ئیبراهیم خالد معاونی تەسویە
بەڕێز سەعید شەفیق ژمێریار لە بەڕێوەبەرێتی تاپۆی سلێمانی
بەڕێز ئیسماعیل عەبدولوەفا خاوەنی کۆگای پرشنگ
بەڕێز دکران ئەلیکسندریان بریکاری ڕادێوات
بەڕێز حوسێن ڕەش ڕەحیم بەرگدرو
بەڕێز عومەر محەمەد ئەمین مامۆستای وەرزش لە سانەوی سلێمانی
بەڕێز عەزیز محەمەد ڕەشید مامۆستای وەرزش لە ناوەندی سلێمانی

پاش نوسینی عەریزەو ناوو ئیمزایان کە ژمارەیان (10) دە کەس بوون و لەدواییدا ناوەکانیان دێت، مامۆستای خواڵێخۆش بوو (ساڵح علی ساڵح) بردی بۆ بەغداد و ئیجازەی کردنەوەی یانەکەی هێنایەوە بەناوی (یانەی وەرزشی سلێمانی) لە مانگی (10/ 1956) کە ئەو دە(10) بەڕێزە بوون بە(هەیئەی گشتی)، لە پاش تێپەڕبوونی (6) مانگ بۆ جێبەجێکردنی بڕیاری میری ئەو سەردەمە ئەبوایە ماوەی (6) مانگ بەسەر دامەزراندنی یانەکەدا تێپەڕ بکات ئەوسا دەتوانرێت دەستەی بەڕێوەبردنی یانە دابمەزرێت. هەربۆیە بانگەوازێک لە لایەن ئەو بەڕێزانە دەرچوو وە بڵاوکرایەوە بەناو شاری سلێمانیدا. کەوا یانەی وەرزشی سلێمانی هەڵبژاردنی دەستەی بەڕێوەبەری یانە دیاری دەکات. لەڕۆژی هەینی ڕێکەوتی 26/ 4 /1957 لە هۆڵی قوتابخانەی (سانەوی سلێمانی کوڕان) کات ژمێر (10)ی سەرلە بەیانی هەڵبژاردن ئەنجامدرا.

وە لە ئەنجامدا ئەم بەڕێزانەی لای خوارەوە بەیەکەم دەستەی بەڕێوەبەری یانەی وەرزشی سلێمانی دەرچوون و لەهەملن کاتدا ناونیشانەکانیان بەم شێوەیەی خوارەوە دیاری کرا :

بەڕێز ساڵح عەلی ساڵح چاودێری وەرزش و یارییەکان سەرۆک
بەڕێز ئەحمەد زرنگ پارێزەرو بەڕێوەبەری ڕۆژنامەی (ژین) جێگری سەرۆک
بەڕێز سەعید شەفیق ژمێریار لە تاپۆی سلێمانی سکرتێر
بەڕێز عومەر محەمەد ئەمین مامۆستای وەرزش لە سانەوی سلێمانی بەڕێوەبەری ئیدارە
بەڕێز عومەر مەحمود میرزا مامۆستای وەرزش لە سانەوی سلێمانی ژمێریار
بەڕێز عەزیز محەمەد ڕەشید مامۆستای وەرزش لە ناوەندی سلێمانی چاودێر
بەڕێز هاشم عەزیز نوسەر (کاتب) لە ئەوقافی سلێمانی ئەندام

بەڕێز عەزیز کەریم مەلاحزی بەڕێوەبەرێتی ئاوو کارەبا ئەندام
بەڕێز عەبدوڵڵا سەعید شوفێر لە شەریکە ئەندام
بەڕێز غالب عەلی نوسەر (کاتب) لە تەلەفۆنات ئەندام

ئەم بەڕێزانەش وەک یەدەک
بەڕێز یاسین محەمەد ساڵح قوتابی لە خانەی مامۆستایانی کوڕان یەدەکی یەکەم
بەڕێز جەمال حەکیم قوتابی شەو (مسائی) یەدەکی دووەم
بەڕێز ئەحمەد محەمەد قوتابی لە خانەی مامۆستایانی کوڕان یەدەکی سێیەم
جا بۆکارەکانی بەڕێوەبردنی یانە بڕیاریان داکە خانووی بنەماڵەی (حەکیم حاجی مەلا سەعید) کە دەکەوێتە کۆڵانەکەی (مزگەوتی خانەقا)وە بە بڕی (16) دینار بۆ هەر مانگێک بە کرێ گرت. وە بۆ ئەنجامدانی ڕاهێنان و مەشقی تیپەکان یاریگاکانی قوتابخانەی (سانەوی سلێمانی کوڕان) کە ئێستا ئامادەیی سلێمانی کوڕانە بەکار ئەهێنران، بۆ یارییەکانی (تۆپی پێ و باسکەو باڵە) بارەگای یانەش بۆ یارییەکانی قورسایی هەڵگرتن و جوانی لەش و تۆپی سەرمێز و تەناف بازی و جمناستیک بەکار ئەهێنرا.

مێژووی نوێ ی یانەی وەرزشی سلێمانی
ئێستاش یانەی وەرزشی سلێمانی ناودارترین یانەی وەرزشییە لەسەر ئاستی کوردستان و عێراق، پتر لە دوو هەزار ئەندام و دۆستی هەیە لە پیاوان ولاوان وکچان. بارەگاکانی یانە : بارەگای یەکەم کەبەپیتاک و هەرەوەزی ئەندامان و دۆستانی یانە دروست کرا.دەکەوێتە سەر شەقامی تەنیشت یانەی پزیشکان بەرامبەر بەنەخۆشخانەی (عەلی کەمال)، لەناو بارەگاکەدا (یاری تۆپی باسکەو باڵەو تۆپی دەستی) تێدایە، یاریگای باسکەو باڵەکەی لە مادەی (ریکۆبۆڵ) دروست کراوە لەگەڵ جێگای دانشتنی سەیرکەران (مدرجات)
لەناو بارەگاکەیدا هۆڵی تۆپی سەرمێز و هۆڵی قورسایی هەڵگرتن و جوانی لەش و ژووری کۆبوونەوەی ژووری میوانداری و چەند ژوورێک بۆ خۆگۆڕینی یاریزانەکانی تێدابوو. جگە لەم بارەگایە بارەگایەکی تر کەئەکەوێتە گەڕەکی (چوار باخ) نزیک مزگەوتی (عبداللە لوتفیی) ەوە کەناودەبرێ بە (کۆمەڵگای یانەی وەرزشی سلێمانی).لەبەر (بوونی هۆڵی داخراو) لەسەر تازەترین شێوەی مۆدێرن دروستکراوە، کە زەویەکەی بەمادەی (تارتان) دروست کراوە، لەگەڵ جێگەی دانشتنی سەیرکەران کە یاری تۆپی باسکەی تێدا ئەنجام دەدرێت، هەر لەم یاریگایەدا ژووری کۆبوونەوەو ژووری سەرۆک و ژووری جێگری سەرۆک و ژووری سکرتێر و ژووری ژمێریاری و ژووری خۆیەتی تێدایەجگە لە چەند ژوورێک کە بەجوانترین کەل و پەلی نوستن و حەوانەوە پڕکراوەتەوە بۆ ئەو یاریزانانانەی جێ ی نیشتەجێبوونیان نیە لەوێ ئەنوون. هەروەها مەلەوانگەیەکی (داخراو) کە لەسەر تازەترین شێوەکە هەموو مەرجە یاساییەکانی تیادایە، لەسەر بوودجەی حکومەتی هەرێمی کوردستان دروووست کراوە بە پێوانەی (25× 13) م. جگە لەمانە هۆڵێکی تۆپی سەر مێز کە هەموو مەرجە یاسایی یەکانی تۆپی سەرمێزی تیادا هەیە. یاریگایەکی تۆپی دەستی تیادایە کە لە تەواو بووندایە و بەمادەی (تارتان) دروست دەکرێت. یاریگایەکی تۆپی پێ کە بەچیمەنی سەوز و پتر لە(000 20) بیست هەزار کەس دەگرێت، لەسەر تازە ترین شێوە نوێ کراوەتەوە لەسەر بوودجەی حکومەتی هەرێمی کوردستان، وە ئێستا بە کۆبوونەوەی هەموو یاریگاکان لە چوارچێوەی (مەلعەبەکە) داناونراوە (کۆمەڵگای یانەی وەرزشی سلێمانی) لە گەڕەکی چوار باخ. پێویستە ڕۆڵی گرنگی بەڕێز خوالێخۆش بوو (رشید میران) برا گەورەی شەهید کمال سلیم پێبزانریت کە لەپاش هەوڵدانێکی زۆر و ململانێیەکی گران توانی لە ساڵی (1970) ئەو زەویە لە وەزارەتی (بلدیە) وەربگرێت کەبووە بارەگای یانەکە کەلەسەر شەقامی (حەمدی) وە لەهەمان کاتدا خوالێخۆشبوو (سەرۆکی ئەندازیاران) بوو. هەروەها ڕۆڵی بەرچاوی ماندوبوونی بەڕێز (حەمید میران) برای شەهید(کمال سلیم) و برای خولێخۆشبوو (ڕەشید میران) وون نەکرێت کە بەڕێزی (ئەندازیارە) بوو خۆی نەخشەی بیناى یانەی دروست کردوو لە کاتی کارکردنیشدا بۆ دروست کردنی دڵسۆزانە وەک کرێکارێکیش هاوبەشی دەکرد بۆ دروست کردن.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری پەڕتووک: | مێژوو |
| جۆری پەڕتووک: | وەرزش |
| جۆری دۆکومێنت: | زمانی یەکەم |
| زمان - شێوەزار: | کرمانجیی ناوەڕاست |
| شار و شارۆچکەکان: | سلێمانی |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| وڵات: | شانشینی یەکگرتوو (بەریتانیا) |

Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | پارێزگای سلێمانی
کاتی تۆمارکردن: 2022/15/1 10:09:07 PM
ناوی تۆمارکار: زریان عەلی

---

بابەت: 1167

## نمایشی درێفت بۆ سەرکێشی ئۆتۆمبێل لە سۆران بەڕێوەچوو

https://www.kurdipedia.org/?q=20221219231904453084




نمایشی درێفت بۆ سەرکێشی ئۆتۆمبێل بەڕێوەچوو
وەرزشی درێفت Drift وەرزشێکی سەرکێشی و تایبەتە بە ئوتومبێل کە لە پاش تۆپی پێ دووەمین وەرزشە کە زۆرترین هاندەر و بینەری تایبەتی خۆی لەسەر ئاستی جیهان لەنێو چین و توێژی گەنجان هەیە.
بۆ یەکەمجار ناوەندێکی وەرزشی ئۆتۆمبێل ڕانی لە ساڵی 1897 لە ژێرناوی (RAC) لە وڵاتی بەریتانیا دامەزرا، لە دواییدا گەشە بەم وەرزشە دراو لە ساڵی 1900 لە وڵاتی مەجەر و لە ساڵی 1902 یش لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دامەزرا.
بەرەبەرە ئەم وەرزشە زیاتر بایەخی پێدرا و بەهۆی زۆری چالاکی وەرزشی ئۆتۆمبێل لە وڵاتان ئەم وەرزشە دامەزراوەیی کرا و FIA (فیدراسیۆنی نێودەوڵەتی ئوتومبێل ڕانی) لە سەر ئاستی جیهان دامەزرا کە لە ئێستادا 2022 پترلە120 وڵات تێدا ئەندامن و خەڵکێکی زۆر ئێستا لە جیهان ڕووی لەم وەرزشە کردووە.
لە هەرێمی کوردستانیش بەلێشاو گەنجان ڕوویان لەم وەرزشە کردووە و ناوەناوە لەبەر نەبوونی گۆڕەپانی تایبەتی لە گۆڕەپان و شوێنە چۆڵەکان ئەم نمایشەیان ئەنجام دەدا کە ڕووبەڕووی برایانی پۆلیسی هاتوچۆ دەبوون و پەرتەوازەی پێ دەکرا.
نووسەر و ڕۆژنامەنووس هاشم داوودی بۆ یەکەم جار توانی ئەو گەنجانەی کە ئارەزووی وەرزشی ئۆتۆمبێلیان هەیە لەسەر ئاستی کوردستان لە دەوری یەک کۆبکاتەوە و دامەزراوەییان بکات و مۆڵەتی فەرمیان بۆ لە وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان وەربگرێت تاکو بتوانن بەبێ کێشە چالاکی وەرزشی ئەنجام بدەن، لە بارەی دامەزراندنی ئەم ڕێکخراوەش هاشم داودی بۆ گۆڤاری گوڵان وتی
ئامانج لە دامەزراندنی ئەم دەزگایە جیاکردنەوەی شۆفێری وەرزشکار و ئۆتۆمبێلی وەرزشیی بوو لە ئۆتۆمبێلی سەر شەقام، چونکە ئەو ئۆتۆمبێلانە لەبەر هۆی بەرزی دەنگیان کەڵکی ئەوەی نییە لە شەقام بهاژورێت.
ئەو ئۆتۆمبێلانەی کە ئەم وەرزشەی پێ ئەنجام دەدرێ بۆ خۆپاراستن و سەلامەتی گیانی شۆفێرەکە ئەو ئۆتۆمبێلە هەموو کەلوپەلەکانی بە مەکینەیشەوە هەڵدەوەشێنرێت و دەستکاری دەکرێن وسەرلەنوێ دادەنرێن و مەکینەی بە هێزتر دەکرێت.
هاشم داوودی سەرپەرشتیاری ئەم وەرزشە لە کوردستان باسی لەوە کرد کە لە لەماوەی ڕابردوو گرووپی وەرزشیی نمایشەکانی ئۆتۆمبێل بە هەماهەنگی لەگەڵ ئیدارەی سەربەخۆی سۆران و بەڕێوەبەرایەتی گشتیی گەشتوگوزاری دەڤەرەکە نمایشی وەرزشیی درێفتDRIFT لەسەر ئاستی ئێراق بۆ 30سی شۆفێری دریفتکار لە گۆڕەپانی هاوینە هەواری جونديان ڕێکخرا کە نزیکەی 5000 کەس ئامادەی نمایشەک بوون و بە سەرکەوتوویی و بێ کێشە بە ڕێوە چوو، شایانی ئامازە پێکردنە هەریەک لە دریفتکارانی هەولێر و کەربەلا و سلێمانی و بەغدا و دهۆک و حلە و موسل و کەرکوک و نەجەف و بەسرا تێدا بەشداربوون.
داوا لە حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکەین هاوکاریمان بکەن گۆڕەپانێکی نێودەوڵەتیمان لەدەرەوەی شاری هەولێری پایەتەخت بۆ درووست بکەن بۆ ئەوەی بتوانين ساڵانە پاڵەوانێتی و نمایش و کێبڕکێی ئوتومبێلی لێ ئەنجام بدەین و تاکو لە داهاتوو وەرزشکارانی ئەم

بوارەیش بتوانن شان بە شانی وەرزشکارانی نێودەوڵەتی بە ئاڵای پیرۆزی کوردستان بەشداری کێبڕکێی جیهانی بکەن و پلەی باش بە دەست بێنن و ببنە شانازی بۆ کوردستان.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری پەڕتووک: وەرزش
جۆری دۆکومێنت: زمانی یەکەم
جۆری وەشان: دیجیتاڵ
زمان - شێوەزار: کرمانجیی ناوەڕاست
شار و شارۆچکەکان: سۆران
وڵات: باشووری کوردستان
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی گوڵان - 2022-12-19

کاتی تۆمارکردن: 2022/19/12 11:19:04 PM
ناوی تۆمارکار: سروشت بەکر

---

بابەت: 1168

## نوسرەت گوێچکە، یەکەم کوردە لە مێژوودا دەستی بەر جامی جیهانی دەکەوێت

https://www.kurdipedia.org/?q=20221221103936453248



نووسرەت گوێکچە ساڵی 1983 لە گوندی بەردیکێ (تورکی: پاشالی)ی سەر بە ناوچەی باردیز (تورکی: شەنکایا)ی سەر بە پارێزگای ئەرزەروم لە باکووری کوردستان لە دایک و باوکێکی کورد لە دایک بووە. گوێکچە ناچار بوو بەهۆی ناڵەباریی باری دارایی بنەماڵەکەیانەوە لە پۆلی شەشەمی ئامادەیی واز لە خوێندن بهێنێت و روو لە ئیستانبوڵ بکات بۆ کار و کاسبی.
چەند ساڵێک لە بازاڕ و کۆگاکانی گۆشتفرۆشی ئەو شارەدا سەرقاڵی کار بووە و پاشان لە ساڵی 2007 چووە ئەرژەنتین و وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و لە ڕێستۆرانتە گەورەکانی ئەو وڵاتانەدا بە نانەسکی کاری کرد و ئەزموونی زۆری کۆ کردەوە.
ساڵی 2010 گەڕایەوە ئیستانبوڵ و لەگەڵ هاوبەشێکدا یەکەم ڕێستۆرانتی نووسرەت-ئێتیان لەو شارە کردەوە. دوو ساڵ دواتر گەورە کۆمپانیای دۆغوش هۆڵدینگیش چووە پاڵ نووسرەت و هاوبەشەکەی و زنجیرەیەک ڕێستۆرانتی گۆشتیان بە هەمان ناوەوە لە شارەکانی ئیستانبوڵ، ئەنقەرە، دۆحە، دوبەی، ئەبوزەبی، میامی و نیویۆرک کردەوە.
گوێکچە شێوازێکی تایبەت لە کردنی خوێ بە گۆشتدا بەکاردەهێنێت کە لە سایەیدا لەسەر ئاستی جیهان ناوبانگی دەرکردووە، بەجۆرێک کە کەسانی ناوداری بوارە جۆراوجۆرەکان لە دوبەی و شارەکانی تری کەنداو دەچنە لای و بە نرخێکی گران گۆشت دەخۆن و ئەمیش وێنە و ڤیدیۆیان لەگەڵ دەگرێت و بڵاوی دەکاتەوە. لە کۆتایی مۆندیالی ئەمساڵیشدا لە قەتەر بوو بە یەکەم کورد لە مێژوودا کە جامی جیهانی لە باوەش دەکات!
[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری پەڕتووک: وەرزش
جۆری دۆکومێنت: زمانی یەکەم
جۆری وەشان: دیجیتاڵ

زمان - شێوەزار: کرمانجیی ناوەڕاست
شار و شارۆچکەکان: ئەرزەروم
وڵات: باکووری کوردستان
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] تۆڕی کۆمەڵایەتی | کوردیی ناوەڕاست | تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان؛ فەیسبووک؛ پەیجی (Bekir Şiwanî) ڕۆژی 21-12-2022

کاتی تۆمارکردن: 2022/21/12 10:39:36 AM
ناوی تۆمارکار: سارا سەردار

---

بابەت: 1169

**نێچیرڤان بارزانی بۆ بەشداریکردن لە ڕێوڕەسمی کردنەوەی جامی کەنداوی 25 گەیشتە بەسرە**

https://www.kurdipedia.org/?q=20230108233238457354

سەرۆکی هەرێمی کوردستان بۆ بەشداریکردن لە ڕێوڕەسمی کردنەوەی جامی کەنداوی 25 ، گەیشتە بەسرە.
ئێوارەی هەینی، 06-01-2023، نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان بە یاوەریی حەمەی حەمەسەعید، وەزیری ڕۆشنبیری و لاوان، فەلاح مستەفا، ڕاوێژکاری باڵای سەرۆکی هەرێمی کوردستان،
ئومێد خۆشناو، پارێزگاری هەولێر، هەڤاڵ ئەبوبەکر، پارێزگاری سلێمانی، عەلی تەتەر، پارێزگاری دهۆک و، دکتۆر شاکر سمۆ، بەڕێوەبەری گشتیی وەرزش و لاوان گەیشتنە بەسرە.
سەرۆکی هەرێمی کوردستان ڕایگەیاند، ئێمە هاتبووین [بۆ کردنەوەی جامی کەنداو 25] ئەمە ڕووداوێکی گرنگە بۆ ئێراق، یەکەمجارە لە دوای 2023، پێم وایە ئەوە گرنگترین ڕووداوە کە ئەمڕۆ لە بەسرە [بەڕێوەدەچێت]، ئێمە وەکوو شاندێک لە هەرێمی کوردستانەوە بۆ پیرۆزبایی هاتووین بۆ بەسرە و پێمان خۆش بوو ، خۆشحاڵین بەم سەردانە.
بڕیارە جامی تۆپی پێی کەنداوی 25 لە شاری بەسرەی باشووری ئێراق بە بەشداریی هەشت هەڵبژاردەی کەنداو دەستپێبکات.
جامی کەنداو 25، بە یاریی نێوان هەردوو هەڵبژاردەی ئێراق و عومان دەستپێدەکات، یارییەکە کاژێر 19:00 لە یاریگەی بەسرەی نێودەوڵەتی بەڕێوەدەچێت و ڕاستەوخۆ لە پەیجی ڕووداو سپۆرتیش دەگوازرێتەوە.
ئەمە دووەمجارە ئێراق لە مێژووی خۆیدا میوانداریی ئەو جامە بکات، دوای ئەوەی جاری یەکەم لە ساڵی 1979 لە بەغدا میوانداری کرد.
هەشت هەڵبژاردە بەشداریی جامەکە دەکەن کە بەسەر دوو کۆمەڵەدا دابەشکراون، یەکەمیان هەڵبژاردەکانی ئێراق، سعودیە، عومان و یەمەن لە خۆدەگرێت و یارییەکانیان لە یاریگەی نێودەوڵەتیی بەسرە بەڕێوەدەچن. هەڵبژاردەکانی کۆمەڵەی دووەم لە: قەتەر، ئیمارات، بەحرەین و کوێت پێکدێن، یارییەکان لە یاریگەی نێودەوڵەتیی مینا بەڕێوەدەچن.
جامی کەنداوی 25 دووەم گەورەترین بۆنەی وەرزشیی تایبەت بە تۆپی پێیە کە ئێراق لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا میوانداریی کردبێت، دوای ئەوەی لە ساڵی 2019 لە شارەکانی کەربەلا و هەولێر میوانداری پاڵەوانێتی ڕۆژاوای ئاسیای کرد.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
جۆری پەڕتووک: وەرزش
جۆری دۆکومێنت: زمانی یەکەم
جۆری وەشان: دیجیتاڵ
زمان - شێوەزار: کرمانجیی ناوەڕاست
وڵات: ئێراق

Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ڕووداو
کاتی تۆمارکردن: 2023/8/1 11:32:38 PM
ناوی تۆمارکار: سروشت بەکر

بابەت: 1170
## نەریمان خدر یانەی ڕەواندزی هەڵبژارد
https://www.kurdipedia.org/?q=20230207142231464611
لە قۆناغی یەکەمی خولی یانە نایابەکانی کوردستان نەریمان خدری گۆڵپارێز لەگەڵ یانەی هەندرێن گرێبەستی هەبووە، بەڵام بەهۆی گرفتی پێنەدانی هەلی یاری کردن لە خولەکە و پارێزگاری کردن لەگۆڵی یانەی ناوبراو نەریمان ڕیزی یانەکەی جێهێشتوو ڕووی لە یانەکەی شارۆچکەی سۆران کرد، لەم بارەشەوە نەریمان خدر گۆڵپارێزی پێشووی یانەی هەندرێن بۆ گۆڤاری گولان گوتی: بۆ ئەمساڵ 2022 بەفەرمی گرێبەستم لەگەڵ یانەی هەندرێن هەبووە بۆ ئەوەی بتوانم بەرگری لە گۆڵی یانەکەم لە خولی نایابی یانەکانی کوردستان، بەڵام ئەوەی من دەمویست ئەوە نەبوو کە هەلی یاری کردنم بۆ نەدەڕخسا بۆیە بڕیارمدا ڕیزی یانەی هەندرێن جێ بهێڵم یانەیەکی تر هەڵبژێرم کە بتوانم تێیدا یاری بکەم، چەند یانەیەک لەسەر هێڵ بوون بۆ ئەوەی گرێبەستیان لەگەڵ بکەم، لە ناو یانەکانیش یانەی ڕواندزم هەڵبژارد لە خولی پلەیەکی کوردستانن، لەگەڵ ئەو یانەیە تاکو کۆتایی ئەم قۆناغەی خولی پلە یەک لەگەڵیان بەردەوام دەبم بەهیوای ئەوەم بتوانم ئاست و ئەنجامێکی دڵخۆشکەر لەگەڵ ئەو یانەیە پێشکەش بکەم، یانەی ڕواندز یەکێکە لە یانە بەهێزەکان و خاوەن کۆمەڵێک یاریزانی بەتوانایە ئەمساڵ 2023 دەیانەوێ ئاست و ئەنجامی باش بەدەست بهێنن، ئەوەی لەتوانام بێت بۆ خزمەت کردنی یانەکە و بەرگری کردن لە تۆڕی یانەکە ئەنجامی دەدەم بۆ ئەوەی بتوانین هەموومان بە یەکەوە ئاستی تیپەکە ببەینە قۆناغێکی باشتر.
ئەمساڵ 2023 خولی پلە یەکی کوردستان خولێکی بەهێزە خاوەنی چەندین یانەیە کە هەمووی ڕکابەری دەکەن لەسەر بەدەست هێنانی پلیتی سەرکەوتن بۆ خولی پلە نایابی کوردستان.جێگای باسە لە قۆناغی یەکەمی خولی پلە یەکی کوردستان یانەی ڕواندز نەیتوانیوە ببێتە یەکێک لە یانە بەهێزەکانی خولەکە لە خوارەوەی ڕیزبەندی یانەکان دێت.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری پەرتووک: | وەرزش |
| جۆری دۆکومێنت: | زمانی یەکەم |
| جۆری وەشان: | دیجیتاڵ |
| زمان - شێوەزار: | کرمانجیی ناوەڕاست |
| شار و شارۆچکەکان: | سۆران |
| وڵات: | باشووری کوردستان |

Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | گوڵان
کاتی تۆمارکردن: 2023/7/2 2:22:31 PM
ناوی تۆمارکار: سروشت بەکر

بابەت: 1171

## هۆکاری سورانی کڵاوەی ئەژنۆ و پچڕانی بەستەرە(بریندار بوونی کارتلێجی ئەژنۆ)

https://www.kurdipedia.org/?q=20220205213657404036



بابەت : وەرزشی
75% ئەوکەسانەی چالاکی تۆ پی ێ ئەنجامدەدەن، تووشی پچڕانی ڕیبات یان برینداربوونی کارتلێجی ئە ژنۆیان ئەبن
دەسپێکی هۆکار
1- چالاکی تۆ پی ێ لەسەر تاتان
2- گەرم نەکردنی ماسولکە پێش چالاکی
3- ڕۆژانە ئەنجام نەدانی کۆرسی چالاکی تایبەت بە ماسولکەکانی ڕان
4- ڕێژەی خۆراکی نا تەندروست
5- ئەنجام دانی (خوی نهێنی) لەڕۆژی چالاکی تۆ پی ێ دا
[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری پەرتووک: | وەرزش |
| جۆری دۆکومێنت: | زمانی یەکەم |
| زمان - شێوەزار: | کرمانجیی ناوەڕاست |
| شار و شارۆچکەکان: | سلێمانی |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| Quick Respons Code: | |

سەرچاوەکان
[1] تۆڕی کۆمەڵایەتی | کوردیی ناوەڕاست | پەیجی زانیاری وەرزشی

| | |
|---|---|
| کاتی تۆمارکردن: | 2022/5/2 9:36:57 PM |
| ناوی تۆمارکار: | سروشت بەکر |

---

بابەت: 1172

## هێرۆ وەهاب: بەشداری 5پاڵەوانێتیم کردووە

https://www.kurdipedia.org/?q=20220703093347421110



هێرۆ وەهاب لە ساڵی 1987 لەشاری سلێمانی لەدایک بووە، هەر لەمنداڵییەوەو لەقۆناغی سەرەتاییەوە ئاواتی ئەوە بووە ببێتە پەیامنێروکاری ڕاگەیاندن بکات، بەڵام بارودۆخی ژیان نەبوونی ڕێگەی نەداوە خوێندن تەواو بکات و دواجار بیر دەکاتەوە لەبواری وەرزشیدا کار بکات و خەونێکی تر بۆ چانسی ژیانی تاق بکاتەوە دواجار خۆی لەبواری وەرزشی و یاری بەرزکردنەوەی قورسایی و تای بۆکسێندا دەبینێتەوە دەبێتە ژنێک کەبەشداری چەندین چالاکی و پاڵەوانێتی دەکات لەم دیدارەی PUKmedia دا باس لەکارو چالاکییەکانی دەکات.
سەرەتای ئاشنایەتیت ودەستپێکت بەبواری وەرزشی وبەرزکردنەوەی قورسایی دەگەڕێتەوە بۆ کەی؟
و.. من ماوەی 11 مانگە ئاشنایەتیم لەگەڵ وەرزش دەست پێکردووە، بەڵام سوپاس بۆخوا چالاکانەو بەوپەڕی توانامەوە ماوەی ئەم 11مانگە بەشداری5 پاڵەوانێتم کردووە ئەنجامی باش وسەرکەوتنم بەدەست هێناوە ئەویش لە بەرزکردنەوەی قورسایی بە ئیرادەیەکی زۆرەوە یاری دەکەم وبەردەوامم جگە لەوەش لەیاری لەشجوانی لە یاری تای بۆکسیشدا حەزو توانایەکی باشم هەیە.
*لەنێوان یاری تای بۆکسێن و یاری بەرزکردنەوەی قورساییدا حەزدەکەی لەکامیاندا زیاتر

ڕۆڵ بگێڕیت؟
و.. تا پاڵەوانێتی هەبێ منیش تادوا لوتکە بەردەوام دەبم و من لەنێوان ئەو دوو یارییە زیاتر حەزم لە بەرزکردنەوەی قورساییە.
*تاچەند خێزانەکەت هاوکار پشتیوانیان کردویت؟
و.. لەراستیدا خێزانەکەم زۆر پاڵپشتی من دەکەن و زۆریش هاوکارییان کردووم.
*ڕۆڵی کچان و ژنان لەبواری وەرزشدا چۆن هەڵدەسەنگێنیت؟
و.. خۆشبەختانە کچانیش لە بواری ورزشدا تارادەیەکی زۆر گرنگیان بەوەرزش داوەو پێویستە زیاتریش گرنگیان پێبدرێت و شان بەشانی پیاوان ڕۆڵ ودەوری خۆیان بگێڕن بەسەر کەوتووانەبگێڕن.
*بەشداریت لەچەند پاڵەوانێتیدا کردووە؟
و.. من بە شداریم لە5 پاڵەوانێتیدا کردووەو جێگەی دڵخۆشیم بووە.
*دوایین پرۆژەت چیە؟
و.. دواین پرۆژەی من ئینشائەڵلا دەبمە کاپتنێکی گەورە تا بتوانم خزمەتی کچان و ژنانی وڵاتەکەم بکەم و دروستیان بکم وەک خۆم و پێکەوە خزمەت بەژنان بکەین وە لەکۆتایدا زۆر سوپاس بۆ ئێوەی ئازیز کەمنتان بەسەر کردووەو جێگەی خۆیەتی سوپاسی هەردو مامۆستای بەئەزموونم مامۆستا فەریدون جاف و مامۆستا ڕزگاربکەم.
PUKmedia ڕێباز حەسەن کەڵهوڕیی.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری پەرتووک: | وتار و دیمانە |
| جۆری پەرتووک: | وەرزش |
| جۆری دۆکومێنت: | زمانی یەکەم |
| جۆری وەشان: | دیجیتاڵ |
| زمان - شێوەزار: | کرمانجیی ناوەڕاست |

Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | www.pukmedia.com
کاتی تۆمارکردن: AM 9:33:47 2022/3/7
ناوی تۆمارکار: هەژار کامەلا

---

بابەت: 1173
**هەرەمی خۆراک و بنەماکانی خۆراکی گونجاو**
https://www.kurdipedia.org/?q=20220227232354406523




بابەت: وەرزشی
هەرەمی خۆراک و بنەماکانی خۆراکی گونجاو
ئەم جۆرە هەرەمە خۆراکیە پێکدێت لە:
1- گرووپی نان و خۆراکە دانەوێڵەییەکان
2-گرووپی میوە و سەوزەکان
3-گرووپی شیرەمەنی و سپاییەکان
4- گرووپی [گۆشت و چەرەسات]
5-گرووپی چەوری و شەکرەکان
هەرەمی خۆراک بۆ ئاسانکردنی خۆراکی تەندروست دیزاین کراوە.
دانانی خواردن لە سەرەوەی هەرەمەکە، کە کەمترین قەبارەی ناو هەرەمەکە داگیر دەکات، بەو مانایە دێت کە پێویستە گەورەکان کەمتر لەم پۆلە خۆراکە بخۆن (وەک شەکر و چەوری).
لە سەرەوەی هەرەمەکەوە بەرەو خوارەوە نزیک دەبینەوە، ئەو قەبارەیەی کە گرووپەکانی خۆراک لەخۆیان دەگرن زیاتر دەبن، واتە دەبێت وەرگرتنی رۆژانەی ئەم پۆلە خۆراکە گەورەتر بێت.
دیاریکردنی گرووپەکانی خۆراک وەک رێنوێنی خواردنی تەندروست لە هەموو گرووپە تەمەنەکانی کۆمەڵگەدا زۆر گرنگە و بنەمایەکە بۆ پلاندانانی خۆراک لە هەموو خەڵکدا کە بێگومان دەتوانرێت لەگەڵ هەلومەرجی تایبەتی ئەو گرووپەدا لە گرووپە تەمەنە جیاوازەکاندا بگونجێت.
[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری پەرتووک: | وەرزش |
| جۆری دۆکومێنت: | زمانی یەکەم |
| زمان - شێوەزار: | کرمانجیی ناوەڕاست |
| شار و شارۆچکەکان: | سلێمانی |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| Quick Respons Code: | |

سەرچاوەکان
[1] تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - سروشت بەکر

| | |
|---|---|
| کاتی تۆمارکردن: | 2022/27/2 11:23:54 PM |
| ناوی تۆمارکار: | سروشت بەکر |

---

بابەت: 1174

**هەولێر نازناوی پاڵەوانیەتی مەلەوانی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستانی بەدەست هێنا**

https://www.kurdipedia.org/?q=20220917012844434442



ڕێکەوتی 16-09-02022 بە چاودێری لیژنەی ئۆلۆمپی هەرێمی کوردستان، بە سەرپەرشتی یەکێتی ناوەندی مەلەوانی کوردستان، لە هۆڵی داخراوی کۆلێژی پەروەردەی وەرزشی زانکۆی سەلاحەدین لەشاری هەولێر کۆتایی بەپاڵەوانێیەتی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان هات.
لەپاڵەوانێتییەکەدا کە پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان و لاوان بەشداربوون، هەڵبژاردەی پارێزگای هەولێر توانی لەسەر هەردوو ئاستی پێشکەوتووان و لاوان پلەی یەکەم بەدەست بهێنێت.
ئەنجام لەسەر هەردوو ئاست لەپاڵەوانێتییەکەدا بەمشێوەیە بوو:
لەسەر ئاستی پێشکەوتووان:
1- هەڵبژاردەی پارێزگای هەولێر پلەی یەکەم.
2 هەڵبژاردەی پارێزگای کەرکوک پلەی دووەم.
3 هەڵبژاردەی پارێزگای سلێمانی پلەی سێیەم.
لەسەر ئاستی لاوان:
1 هەڵبژاردەی پارێزگای هەولێر پلەی یەکەم.
2 هەڵبژاردەی پارێزگای سلێمانی پلەی دووەم.
3 هەڵبژارەی پارێزگای کەرکوک پلەی سێیەم.
هەر لەپاڵەوانێتییکەدا محەمەد یاسین لەهەڵبژاردەی پارێزگای هەولێر بە باشترین یاریزانی پاڵەوانێتییەکە هەڵبژێردرا.
بەڕێوەچوونی کارو چالاکی یەکێتییە وەرزشییەکان لەژێر چاودێری لێژنەی ئۆلۆمپی هەرێمی کوردستان بەردەوامی هەیە، کابینەی نۆیەمی حکوومەتی هەرێمی کوردستانیش مانگانە بڕی 80 ملیۆن دینار بۆ لێژنەی ئۆلۆمپی خەرج دەکات بەمەبەستی بەڕێوەچوونی کۆی چالاکییە وەرزشییەکانی یەکێتییە وەرزشییەکان لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان
[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری پەرتووک: | وەرزش |
| جۆری دۆکومێنت: | زمانی یەکەم |
| جۆری وەشان: | دیجیتاڵ |
| زمان - شێوەزار: | کرمانجیی ناوەڕاست |
| شار و شارۆچکەکان: | هەولێر |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| Quick Respons Code: | |

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | کوردستان تیڤی
کاتی تۆمارکردن: AM 1:28:44 2022/17/9
ناوی تۆمارکار: سروشت بەکر

بابەت: 1175
## هەڵبژاردەی ئێراق لەلایەن حکومەتی هەرێمەوە لە هەولێر پێشوازیان لێدەکرێت
https://www.kurdipedia.org/?q=20230124164714460963
ئومێد خۆشناو پارێزگاری هەولێر لە ڕونکردنەوەیەکدا ئاشکرایکردووە، بابەتی هاتنی هەڵبژاردەی ئێراق بۆ هەولێر هیچ پەیوەندییەکی بەپرسە سیاسییەکانەوە نییە وەک ئەوەی زۆر شرۆڤەی بۆکراوە.
وتیشی: هەڵبژاردەی ئێراق داوایکردووە سەردانی هەولێر بکەن، ئێمەش پلانێکمان هەبوو لەگەڵیان کە پێشوازیەکی درووستیان

لێبکرێت و بەدڵنیاییشەوە دەکرێت، بەڵام لەوکاتەی دیاریکرابوو لەگەڵیاندا ئێمە نەمانتوانی پێشوازیان لێبکەین، تەئکید دەکەمەوە، پێشوازیان لێدەکرێت و ڕێزیشیان لێدەگرین.
جەختیکردەوە، ئەوان هەڵبژاردەی ئێراقن و ئەنجامێکیان بەدەستهێناوە و ئێستاش پەیوەندییەکانی نێوان هەولێر و بەغدا بەرەو پێشچونی زۆری بەخۆوە بینیووە، هاوکات ئەوان سەرسامن بە هەولێر و لە کاتێکی زۆر نزیکدا دێنە هەولێر و پێشوازیشیان لێدەکرێت و لە ئاستی باڵاش کۆبوونەوە و دیداریان دەبێت.
ئومێد خۆشناو باسی لەوەشکرد، پرسی پێشوازی لە یاریزانانی هەڵبژاردەی ئێراق لە هەولێر بەلارێدابراوە، لە کاتێکدا هەڵبژاردەکە خۆیان سەرسامن بە هەولێر و دەیانەوێت سەردانی بکەن. [1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری پەڕتووک: | هەواڵ |
| جۆری پەڕتووک: | وەرزش |
| جۆری دۆکومێنت: | زمانی یەکەم |
| جۆری وەشان: | دیجیتاڵ |
| زمان - شێوەزار: | کرمانجیی ناوەڕاست |
| شار و شارۆچکەکان: | هەولێر |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| Quick Respons Code: | |

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | sharpress.net
کاتی تۆمارکردن: PM 4:47:14 2023/24/1
ناوی تۆمارکار: شەنە ئەحمەد

---

بابەت: 1176
## هەڵبژاردەی باسکەی کوردستان دروستکرا
https://www.kurdipedia.org/?q=20230130131532462719



لیستی ڕاهێنەر و یاریزانانی هەڵبژاردەی کوردستان بۆ یاری باسکە بڵاوکرایەوە و ڕۆژانی داهاتووش هەڵبژاردەکە لە شاری زاخۆ کەمپێکی مەشق و ڕاهێنان دەکاتەوە.
ڕاهێنەر و پێنج یاریزانی باسکەی زاخۆ بۆ هەڵبژاردەی کوردستان هەڵبژێردران و دیاری ئەرکانی هەڵبژاردەی ئێراق و ڕاهێنەری دەربەندیخانیش بانگێشت کراوە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری پەڕتووک: | وەرزش |
| جۆری دۆکومێنت: | زمانی یەکەم |
| جۆری وەشان: | دیجیتاڵ |
| زمان - شێوەزار: | کرمانجیی ناوەڕاست |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| Quick Respons Code: | |

سەرچاوەکان

بابەت: 1177

## وەرزش کردن لە هۆڵە وەرزشیەکاندا یان لە سروشت دا کاریگەری زیاترە

https://www.kurdipedia.org/?q=20220227233507406525



بابەت: وەرزشی
وەرزش کردن لە هۆڵە وەرزشیەکاندا یان لە سروشت دا کاریگەری زیاترە؟
- وەرزش کردن لە کەش و هەوای سروشتی و سەوزدا گرنگی زۆر و تایبەت تری هەیە بەبەرچاو لە هۆڵە وەرزشیەکاندا لێرەدا چەند گرنگی و سودی روون دەکەینەوە.
1- تەنها کاتژمێرێک پیاسە کردن لە سروشت، بە پشت بەستن بە سلۆپ و کێشی بارەکەت، دەتوانێت زیاتر لە 500 کالۆری وزە بسوتێنیت.
2- پیاسەکردن لە کەش و هەوایەکی سروشتیدا کەمتر لە رۆیشتن لەسەر قیرتاو و کۆنکریت فشاری کەمتر دەخاتە سەر ئەژنۆ و قاچەکان, بەم کارە نەک تەنها کالۆری سوتانی زیاد دەکات. توێژینەوەکان سەلماندوویانە ئەگەر لەبەرزیدا وەرزش بکرێت هاوکارە بۆ پرۆسەی زەعیف بوون.
3- وەرزش کردن و پیادە رەوی کردن لە سروشتدا دەتوانێت شێوەیەکی باشتر بە ران و سمت ببەخشێت، بەڵام رۆیشتنی تیژ، مەودای بەردین دەتوانێت وەرزشێکی تەواو بێت بۆ هەموو جەستەت، تێپەربوون بەو رێگاو رێرەوە سروشتیانە دەبێتە هۆی بەهێزبوونی هەموو ماسولکەکانی جەستەت، بە تایبەتی بەهێزکردنی ماسولکەکانی بەشی خوارەوە.
4- وەرزشکردن لە سروشتدا دەتوانێت کاریگەری دوبەرامبەر زیاتری هەبێت لەسەر کەمکردنەوەی شەکری خوێن.
5-بەپێی هەندێک توێژینەوە سوودە جەستەییەکانی وەرزشکردن لە سروشتدا زیاترە لە یارمەتیدانی تەندروستی دڵ و خوێن و تەنانەت دەتوانێت یارمەتیدەر بێت بۆ باشترکردن و چاکبوونەوەی نەخۆشەکانی شێرپەنجە.
6-توێژینەوەکان ئەوەیان دەرخستووە کە وەرزشکردن لە سروشتدا دەتوانێت چارەسەرێکی یاریدەدەر بێت بۆ باشترکردنی خەمۆکی درێژخایەن.
7- وەرزشکردن لە سروشتدا گرنگی و سودی زیاترە بۆ تەندروستی جەستە و عەقڵ، دەبێتە هۆی زیاتربوونی هەستی هێمنی و ئارامی.
[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری پەرتووک: | وەرزش |
| جۆری دۆکومێنت: | زمانی یەکەم |
| زمان - شێوەزار: | کرمانجیی ناوەڕاست |
| شار و شارۆچکەکان: | سلێمانی |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| Quick Respons Code: | |

سەرچاوەکان
[1] تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - سروشت بەکر
کاتی تۆمارکردن: 2022/27/2 11:35:07 PM

ناوی تۆمارکار: سروشت بەکر

بابەت: 1178

**وەرزشکردن لەڕێگای دەبەی ئاوەوە، چەوری دەتوێنێتەوە و ئازاری پشت ناهێڵێت**

https://www.kurdipedia.org/?q=20220226001045406355



بابەت: وەرزشی

ئەمەی خوارەوە چەند وەرزشێکی بەسوودە کە دەتوانیت لە ڕێگەی دەبەوە ئەنجامی بدەیت و توێژەران لە بەشی پزیشکی لە زانکۆی تەکساس بڵاویان کردۆتەوە، بۆ دابەزاندنی چەوری ڕانەکان بەسوودە پێویستە ڕۆژانە بۆماوەی 15 خولەک ئەنجامی بدەیت:

دەبەیەک بهێنە و بیکەرە بەینی ڕانتەوە، دواتر بە ماسولکەکانی ڕانت دەبەکە بگوشە و بەری بدە.

پاش ئەوە پەستانەکە لە کەمەر و سکتەوە بهێنە و دەبەکەی پێ بگوشە.

دواتر وردە وردە دەبەکە بەرە خوارتر و لە هەر یەکێکیاندا بۆ ماوەیەک دەبەکە بگوشە.

ئەم وەرزشە جگە لە تواندنەوەی چەوری ڕانەکان، بۆ نەهێشتنی ئازاری پشت و بەهێزکردنی ماسولکەکان و چالاککردنی کۆڵۆن بەسوودە.

[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری پەرتووک: | وەرزش |
| جۆری دۆکومێنت: | وەرگێڕدراو |
| زمان - شێوەزار: | کرمانجیی ناوەڕاست |
| شار و شارۆچکەکان: | سلێمانی |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| وەرگێڕدراو لە زمانی: | ئینگلیزی |
| Quick Respons Code: | |

سەرچاوەکان

[1] تۆڕی کۆمەڵایەتی | کوردیی ناوەڕاست | پەیجی زانیاری وەرزشی

کاتی تۆمارکردن: 2022/26/2 12:10:45 AM

ناوی تۆمارکار: سروشت بەکر

بابەت: 1179

**وەرزشی (تابتا) ئاسانە و بۆ سوتاندنی چەوری زۆر کاریگەرە**

https://www.kurdipedia.org/?q=20220328204016409302



بابەت: وەرزشی
ئەمەی خوارەوە تاکتیکێکی وەرزشی تایبەتە کە بە شێوازی وەرزشی تابتا Tabata ناودەبرێت و لە لایەن ڕاهێنەرێکی ژاپۆنی بەناوی Dr. Izumi Tabata داندراوە، کە زۆر بەسوودە بۆ سوتاندنی چەوری بە خێرایی:
چۆن وەرزشی Tabata ئەنجام دەدەیت:
هەنگاوی یەکەم: کەمێک لە جێگای خۆتەوە جەستەت بجوڵێنە تا گەرم دەبێت و هەوڵیشبدە وەرزشەکە لە کەشێکی گەرمدا ئەنجام بدەیت.
هەنگاوی دووەم: کاتژمێری وەرزشی ئامادە بکە.
هەنگاوی سێیەم: خۆت ئامادە بکە بۆ ڕاکردن و تا دەتوانیت بۆ ماوەی 20 چرکە ڕابکە.
هەنگاوی چوارەم: بۆ ماوەی 10 چرکە پشوو بدە.
هەنگاوی پێنجەم: کارەکەی سەرەوە دوو بارە بکەرەوە، 20 چرکە ڕابکە و 10 چرکە پشوو بدە، ئەم کارە 6 بۆ 8 جار دوبارە بکەرەوە تا 4 خولەکەکە تەواو دەبێت.
پاشان ماسولکەکانت نەرم بکەرەوە.
[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری پەرتووک: | وەرزش |
| جۆری دۆکومێنت: | وەرگێڕدراو |
| زمان - شێوەزار: | کرمانجیی ناوەڕاست |
| شار و شارۆچکەکان: | سلێمانی |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| وەرگێڕدراو لە زمانی: | ژاپۆنی |
| Quick Respons Code: | |

| | |
|---|---|
| کاتی تۆمارکردن: | 2022/28/3 8:40:16 PM |
| ناوی تۆمارکار: | سروشت بەکر |

---

بابەت: 1180

## وەرزشێکی جیاواز و نوێ، کە چەوری ورگ و کەلەکت زۆر بە باشی دەسوتێنێت

https://www.kurdipedia.org/?q=20220328205207409303



بابەت وەرزشی
ئامادەکردنی: سروشت بەکر
1- بکەوە سەر پشت و قاچت کەمێک کۆ بکەرەوە، جارێک دەستی چەپ و جارێک دەستی ڕاست بدە لە قاچت. هەر لایەک (30 جار)
2- هەر لەسەر پشت قاچ و دەستت بکەرەوە و دواتر هەمووی کۆبکەرەوە. (20 جار)
3- بکەوە سەر لاو و دواتر قاچت ڕێک بکە و بەرزی بکەرەوە و دایبنێرەوە، (15 جار) بۆ هەر لایەک.
4- بچۆرە سەر دەست و ئەژنۆ و هەرجارێک قاچێکت بەرز بکەرەوە بۆ دواوە، (20 جار)بۆ هەر لایەک.
5- وەرزشی پلانک ئەنجام بدە، لەسەر نوکی پێ و قۆڵت بمێنەرەوە بۆ ماوەی(30 چرکە) و با پشتت ڕێک بێت.
تێبینی: گەر ڕۆژانە ئەم وەرزشانە بکەیت، لەماوەی 40 بۆ 50 ڕۆژدا کێشت دادەبەزێت.
[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
جۆری پەڕتووک: وەرزش
جۆری دۆکومێنت: زمانی یەکەم
زمان - شێوەزار: کرمانجیی ناوەڕاست
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
وڵات: باشووری کوردستان
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] تۆڕی کۆمەڵایەتی | کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - سروشت بەکر
کاتی تۆمارکردن: PM 8:52:07 2022/28/3
ناوی تۆمارکار: سروشت بەکر

---

بابەت: 1181
## ڕۆڵی وەرزش لە کەمکردنەوەی ئازاری سەرو جەستەدا
https://www.kurdipedia.org/?q=20220204162251403883



بابەت: وەرزشی
چەند جولەیەکی وەرزشی کە ئازاری سەر ناهێڵێت و جەستە ئارام دەکاتەوە:
1- بەپێوە بوەستە و سەرت بەرە بۆ لای قاچت تا دەتوانیت، پاشان بۆماوەیەک ڕایبگرە دواتر دووبارەی بکەرەوە. (5جار)
2- لەسەر ئەژنۆ دابنیشە و سنگت بۆ پێشەوە ڕابکێشە، پشوو بە جەستەت بدە.(1 خولەک)
3- قاچت بە دیوارەوە هەڵبواسە و پشوو بدە. (1 بۆ 2 خولەک)
4- بە دانیشتنانەوە قاچت کۆبکەرەوە و بکشێنە، بەرز و نزم بە ئەژنۆکانت بکە بەجۆرێک کە هەست بە کشانەکە بکەیت.(30 جار)
5- بکەوەرە سەر پشت و بەشێوەی پرد، سمتت بەرز بکەرەوە و شناوی پێبکە.(10 جار)
[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
جۆری پەڕتووک: پزیشکی - تەندروستی
جۆری پەڕتووک: وەرزش
جۆری دۆکومێنت: زمانی یەکەم
زمان - شێوەزار: کرمانجیی ناوەڕاست
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
وڵات: باشووری کوردستان
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - سروشت بەکر

کاتی تۆمارکردن: PM 4:22:51 2022/4/2
ناوی تۆمارکار: سروشت بەکر

بابەت: 1182
## کاتێک ساتە مێژوویەکان بەدی دێت
https://www.kurdipedia.org/?q=20221219162915452967
کاتێک ساتە مێژوویەکان بەدی دێت
لەنێوان وەرزش و شتەکانی تر
نووسینی: ئیدریس مستەفا

لەوەتەی ئەو تۆپە لە قاچی منداڵانی گەڕەکە هەژارەکان سەندرایەوە و برایە نێو یاریگا گەورە دەوڵەتیەکان، لەو دەمەوە تۆپێن تام و چێژە سادە و ڕەسەنەکەی لە دەستدا چونکە تێکەڵاوی سیاسەت و سەرمایە بوو. نەک هەر ئەم دەورەیە و نەک هەر ئیستا بەڵکوو هەمیشە، لەوکاتەوە، تۆپانە بووە بە ڕەمزێک بۆ شەڕ و خۆدەرخستنە نەتەوەیی و ئایینی و نیشتمانی و جووڵانەوە هەمەڕەنگە کۆمەڵایەتییەکان و تەنانەت ناسنامە شەخسیەکان و لەوەش واوەتر چووە ناو پەیوەندیە کۆمەڵایەتییەکانی وەک هاوڕێ و خێزان و خزم و تەنانەت ژن و مێردیشەوە. نەک هەر بەش بە حاڵی خۆی بگرە بە ڕادەیەکی زیاد لە پێویست بوو بە بەشێک لەو هەموو شتانە و ئەو شتانەش هەرچییەکی شاراوەی خۆیان هەبوو لە ڕێگەی ئەو تۆپەوە دەریانبڕی.
وەک بابەتێکی ڕوکەش و مەسەلەیەکی وەرزشی و هونەری ساتە مێژووییەکە ئەوەیە کە ئەرجەنتین و میسی جامی جیهانیان بردەوە کە شایستەی بوون. میسی وەک یەکێک لە یاریچییە گرنگ و گەورەکانی مێژووی تۆپی پێ شایستەی ئەوە هەبوو کە ئەو جامە بباتەوە و ئەرجەنتینیش وەک وڵاتێکی کانگەی تۆپی پێ و وەک نوێنەرایەتی کیشوەرێکی زوڵم لێکراو بە دەستی سیاسەتە غەربیە ئیمپریالیستیەکانی وڵاتانی وەک ئەمریکا و بەریتانیاوە هەر لە برسی کردنیان و موئامەرەکردن بەسەر خەڵک و بزووتنەوە سیاسی و حکومەتە شایستەکانیاندا تا دەگات بە دروستکردنی گروپ و ڕێکخراوی مافیایی و، ، هتد
ساتە مێژووییەکان وەک ئەوەی ئێمە لەم چەندان ساڵەی دوایی و لەم جامی جیهانیەدا دیمان تۆپێن چۆن بوو بە بەشێک لە ئاڵوگۆڕە گەورە جیهانیە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان و چۆن ڕووی ڕاستەقینەی بەها و مۆراڵە سیاسی و ئایینی و ئابووریەکان کە پێشتر وێنەی نەبووە زۆر بە ڕووتی و بێ پەردە دەرکەوتن. بۆ نموونە:
1) ئیدیعاکردنی ئەوەی لە غەرب دەگوترا وەرزش وەرزشە نابێ تێکەڵی سیاسەت بکرێ ئەوە گەورەترین درۆ بوو. ڕووداوەکانی ئەم دواییەی یوکراین پیشانیدا کە وەرزش نەک هەر بەشێکە لە سیاسەت بەڵکوو کەرەسەیەکە لە کەرەسەکانی سیاسەت. تۆپی پێی ڕوسیایان قەدەغە کرد لەوەی نابێ بەشداری جامی جیهانی 2022 بکات. لێرەدا بە ڕوونی دەرکەوت فیفا چەندە غەربی ئەمریکایی ناتۆییە. ئەمە تەنیا یەک نموونەیە و چەندان نموونەی تر هەن کە پەیوەندی نێوان دەوڵەتەکان تێکچوون و پەیوەندی نێوان نەتەوەکانیشیان سارد بوونەوە. لە بەرانبەردا خەڵکی وەک ئێمە و مانانیشیان لێکردووە کە هەڵوێست وەرگرین لە وڵاتێک لە کیشوەرێک و ل یاریزانێک کە ئەمانە هەمووی لە ڕوحی وەرزشی خاڵیت دەکاتەوە. وەرزش گەر بەو ڕوحەی منداڵی گەڕەکەوە نەیکەی و سەیری نەکەی ئەوە تۆپێن نییە و شتێکی ترە کە ئیستا لە سەر مێزی پارە و بڕیارەکانی شێخەکانی نەوت و سەرۆکە ئیمپریالیست و بەرپرسە دزێوە سەرمایەدارەکانی دنیای ئێستەیە.
2) لە دوای ڕووخانی دنیای دوو قوتیەوە ساڵی، 1991، سەرداریێتی جەمسەری ڕۆژاواوە بەسەر جیهاندا سەپا کە سیستەمە ئابووریەکەی کردە مۆدێلێکی جیهانی و خستیە نێو هەمووکایەیەکی ژیانەوە لەوانە وەرزش. یانەکان بوونە کۆمپانیایەکی تەواو بزنسی و یاززانەکانیش بوون بە کاڵایەک و بەدەر لە ئیرادەی خۆشیان کڕین و فرۆشتنیان پێوەدەکرێ. ئەو یاریگایانەی لەسەر شان و لاشەی دەیان و سەدان کرێکار بنیاد دەنرێن وەک تۆپەکەی بەردەمیان شەقی تێ هەڵدەدەن و ئەوەی ئە ویاریچیانە و تەنانەت خەڵکیش لەسەر ئاستی جیهاندا ئەو ڕاستیە مێژووییە چینایەتیە نامرۆڤانیە نابینن و فکریشی لێ ناکەنەوە مەگەر ڕێژەیەکی کەم لە مرۆڤەکان و گروپەکان نەبێت کە بە پەنجەی دەست دەژمێردرێن
3) هارەکردنی بیروباوەڕ و ڕەمزە ئایینیەکان بۆ دنیای وەرزش هاوکات بوو لەگەڵ ئەو نادادی و گەندەڵیەی سەرمایەداری. بۆ خاڵی کردنەوەی مەسەلە ویژدانی و ئەخلاقیەکان لەهەرگەندەڵی و نادادیەک ئایین باشترین دەسکەلا و برووبیانووە. کاتێک یارچییەک شەقێک لە تۆپێک دەدات و ملیۆنێک دۆلار وەردەگرێت و دواتر ڕوودەکاتە خواکەی و سوپاسی دەکات بەڵام ئەو پرسیارە لە خۆی ناکات ئایا خوا بۆچی بە تۆی دەدات لە پای شەقهەلدان لە تۆپێک بەڵام نایدات بە ملیۆنان مرۆڤی تر کە ڕۆژ تا ئێوارە ڕادەکەن و ناشتوانن نانی هەموو ڕۆژەکە پەیدا بکەن. ئەمە ئەو دیدە کۆمەڵناسیە دەسەلمێنێ کە ئایین و گەندەڵی دوو دیوی یەک پارەن.
4) فشەڵکردنی مرۆڤ و ئاستە کۆمەڵایەتیەکەی لە ڕێگەی تۆپی پێوە چەمکێکی گرنگی خۆی نیشاندا لەوەی مرۆڤ چۆن بووە بەشێک لەوگەمە سیاسیە ئایینیە سەرمایداریە لە ژێر ناوی وەرزشدا دەچێتە پێشەوە. بێ هزری مرۆڤەکان بۆ هەستە نەتەوەییەکانیان وەک ئەوەی لە کەناڵە عەرەبیەکانەوە دەیبینین یاخود نمایشکردنی تقوسە دینیەکانیان لە ناو یاریگادا؛

چوونە پشتی تۆپەکان بە بیانووی ئایین و ڕەگەز و نەتەوەوە ئاستێکی تر لە کەم هزری کەسەکان نیشان دەدا تا ڕادەی ئەوەی خوا تێکەڵی ئەو شەق شەقێنە بکەن و هەر یەکە و ڕووی تێ بکات و بڵێ خوا داوی بە من وەک ئەوەی کەسە ئایینیەکانی کوردستان بانگەشەیان بۆ دەکرد. ئای کە مرۆڤ گەیشتووە بە چ ئاستێک لە بیرکردنەوە و ڕەفتار و بێ مێشکی.
5) بۆ من کە یاریچی تۆپانە بووم و تۆپێن تەنیا وەرزشە کە حەزم پێ بێ و یەکبینەش بە دوای ئەو دنیایەدا بووم و هەمیشەش دوو تیپم لا لە ترۆپکدا بووە ئەویش یەکەم بەرازیل و دووەم ئەرجەنتین و وەک یاریزانیش میسی یاریزانێکی بێ وینەیە، بەڵام کە دەبینم بوونە بە تۆپەڵێ پارە و وەک پەڕۆی پاککەرەوە دەچن بەملاوئەولادا بۆ پارە و بەس و بوونە بە توێژێک لە چینی ملیۆنەران و بلیۆنەرانی جیهانی و منداڵێک کە نازانێ دنیا چییە و چی نییە و تەنیا دەزانێ شەق لە تۆپ هەڵدا کەچی سەرکردەی وڵاتانی دنیا بە خۆیان و خەزێنەکانیانەوە لە خزمەتیاندا دەبن... ئەو دەم تالاییەک بە دڵ و مێشکتدا بڵاودەبێتەوە و لە خۆت دەپرسی باشە ئایا ئەو وەرزشە ئەوەی بە بەرەوە ماوە یان ئەو خۆشیەی منداڵی تێدا ماوە تا من ئەو هەمووکات و دانیشتن و قسەوباسەی لەسەر بکەم. بگرە وات لێدەکەن کە کۆمێنتی ئەم هاوڕێیەم بڵێمەوە کە بۆی نووسیبووم بەدوای بیانووی شیاو و بەجێدا ئەگەڕێم بۆ ئەوەی تۆپی پێ ئەوە نەمێنێ لەلام خەریکە بیانو پەیدا دەبێت. من و ئەو لە کاتێکدا وادەڵێین کە سەیرکردنی تۆپێن تەنیا شتە کەمێک لە خەمی ئەم دنیایە دوورمان بخاتەوە.
6)....7)..... 8)....
ئەمانە ئەو ساتە مێژووییانەیە گەر بەدیش بێن ئەوا مەرج نییە دڵخۆشی و ئامانجێکی باشی پێوە بێ بەڵکوو هەمووی تاریک و بێ مانا و بێ کەڵک دەبێ وەک ئەو خاڵانەی من هەندێکیانم ئاماژە پێدا. [1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری پەرتووک: | وەرزش |
| جۆری پەرتووک: | یاداشت |
| جۆری دۆکومێنت: | زمانی یەکەم |
| جۆری وەشان: | دیجیتاڵ |
| زمان - شێوەزار: | کرمانجیی ناوەڕاست |
| وڵات: | کەنەدا |
| Quick Respons Code: | |

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان؛ فەیسبووک؛ ئەکاونتی ئیدریس مستەفا ڕۆژی 19-12-2022

| | |
|---|---|
| کاتی تۆمارکردن: | 2022/19/12 4:29:15 PM |
| ناوی تۆمارکار: | هومام تاهیر |

---

بابەت: 1183

## کارو چالاکی 5 یەکێتی وەرزشی لە شارەکانی هەرێمی کوردستان بەڕێوەدەچێت

https://www.kurdipedia.org/?q=20221027212622442222

کاروچالاکی 5 یەکێتی وەرزشی لەشارەکانی هەرێمی کوردستان بەڕێوەدەچێت:
هەینی 28-10-2022، بەچاودێری لێژنەی ئۆلۆمپی هەرێمی کوردستان، بەپشتگیری کابینەی نۆیەمی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، کاروچالاکی پێنج یەکێتی وەرزشی لەشارەکانی هەرێمی کوردستان بەم شێوەیە بەڕێوەدەچێت:
خولی نایابی تۆپی دەستی کوردستان - گەڕی دووەم
هەولێر - سۆران - هۆڵ - کۆلێژی پەروەردەی وەرزشی زانکۆی سەلاحەدین کات 2:30 پاش نیوەڕۆ
سلێمانی - کەرکوک - هۆڵ - یانەی سلێمانی - کات 2:30 پاش نیوەڕۆ
خولی نایابی باسکەی کوردستان - گەڕی چوارەم
ئاسۆ - قەڵا - هۆڵ - یانەی ئەکاد - عەنکاوە - هەولێر، کات - 3:00 ی ئێوارە.
سۆلاڤی نوێ - هێرش - هۆڵ - حەی حەجاج - کەرکوک - کات - 3:00 ی ئێوارە.
پاڵەوانێیەتی تیروکەوانی یانەکانی کوردستان لەسەر ئاستی کوڕان و کچان
شاری سلێمانی - کات 9ی بەیانی - لە هۆڵی یانەی سلێمانی دەستپێدەکات.

پاڵەوانێیەتی تایکواندۆی یانەکانی کوردستان لەسەر ئاستی کوڕان و کچان
شاری دهۆک کاتژمێر 9 ی بەیانی لەهۆڵی یانەی دهۆک دەستپێدەکات.
پێشبڕکێی ئەسپسواری یانەکانی کوردستان
هەولێر - نزیک گۆڕستانی گردەڕەشە کاتژمێر 2:30 پاش نیوەڕۆ دەستپێدەکات.
ڕاگەیاندنی لێژنەی ئۆلۆمپی هەرێمی کوردستان
2022-10-27
[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری پەرتووک: | وەرزش |
| جۆری دۆکومێنت: | زمانی یەکەم |
| جۆری وەشان: | دیجیتاڵ |
| زمان - شێوەزار: | کرمانجیی ناوەڕاست |
| شار و شارۆچکەکان: | سلێمانی |
| شار و شارۆچکەکان: | هەولێر |
| شار و شارۆچکەکان: | کەرکوک |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| Quick Respons Code: | |

سەرچاوەکان
[1] تۆڕی کۆمەڵایەتی | کوردیی ناوەڕاست | سپۆرت میدیا
کاتی تۆمارکردن: 2022/27/10 9:26:22 PM
ناوی تۆمارکار: سروشت بەکر

بابەت: 1184
## کاریگەری ژەمە خۆراکی ئێوارەو پەیوەندی بە دابەزینی کێشەوە
https://www.kurdipedia.org/?q=20220204181912403890



بابەت: وەرزش
گۆڤاری بریجیتی ئەڵمانی بڵاویکردووەتەوە، خواردنی ژەمی ئێوارە بکرێت بە ژەمێک یارمەتیدەربێت لە دابەزاندنی کێش و کەمکردنەوەی چەوریی، بەڵام بە مەرجێک بنەمایەک پەیڕەوبکرێت لەکاتی خواردنیدا.
زۆر کەس بۆئەوەی کێشیان کەمبکەنەوە نانی ئێوارە ناخۆن، بەڵام ئەمە هەڵەیە چونکە ئەگەر ژەمی ئێوارە بە ڕێگەیەکی دروست بخورێت ئەوا لەجیاتی ئەوەی کێش زیاد بکات دایدەبەزێنێت.
1- خواردنی لیمۆ لەگەڵ ژەمی ئێوارەدا.
2- زوو خواردنی ژەمی ئێوارە چونکە جەستە پێویستی بە سێ بۆ چوار کاتژمێر هەیە تا ئەو خواردنە هەرس بکات و چەوریی بسوتێنێت.
3- خواردنی دانەوێڵەی تەواو، ئەو خۆراکانەی کە دەوڵەمەندن بە ڕیشاڵەکان، کانزا و ڤیتامینەکان.
4- خواردنی سەوزەوات و شیرەمەنییەکان و پاقلەمەنی و ماسی لە ژەمی ئێوارەدا وادەکات کرداری زیندەپاڵ چالاک ببێت، بەڵام بە مەرجێک زوو بخورێت.
[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری پەرتووک: | پزیشکی - تەندروستی |
| جۆری پەرتووک: | وەرزش |
| جۆری دۆکومێنت: | وەرگێڕدراو |
| زمان - شێوەزار: | کرمانجیی ناوەڕاست |
| شار و شارۆچکەکان: | سلێمانی |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| وەرگێڕدراو لە زمانی: | ئەڵمانی |
| Quick Respons Code: | |

سەرچاوەکان
[1] تۆڕی کۆمەڵایەتی | کوردیی ناوەڕاست | پەیجی زانیاری وەرزشی

| | |
|---|---|
| کاتی تۆمارکردن: | 2022/4/2 6:19:12 PM |
| ناوی تۆمارکار: | سروشت بەکر |

---

بابەت: 1185

## کاوە ڕەزایی وەکوو باشترین هێرشبەری ئاسیایی لە خولە بەناوبانگەکانی جیهان دیاری کرا

https://www.kurdipedia.org/?q=20200917125153388004

کۆنفیدراسیونی فووتباڵی ئاسیا لە نوێترین ڕاپرسیی خۆیدا، بۆ هەڵبژاردنی باشترین لژیۆنێر لە ئاسیا، ناوی کاوە ڕەزایی لەو ڕاپرسییەدا، بەرچاو دەکەویت.
کاوە ڕەزایی بە تۆمار کردنی گوڵێک و چەند پاسی گوڵ و چەند دریبل، ڕۆڵێکی بەرچاوی هەبووە لە بەدەستهێنانی پێنجەمین سەرکەوتنی یانەکەی و وەکوو یەکێک لە سەرکەوتووترین لژیۆنێرەکانی حەوتووی ئاسیا دەست نیشان کرا.
لەو ڕاپرسییەدا، ناوی لی کونگ ئای یاریزانی والینسیا، لی سوونگ وو لە سێنت ترویدون بلژیک، سام کر یاریزانی ئوسترالیایی تیمی ژنانی چلسی، هیرۆکی ساکای یاریزانی ژاپۆنی ئۆلەمپیکی مارسێی، باسل یاردی یاریزانی لوبنانی هایدوک ئەشپیلت کراوسی، وو لی یاریزانی چینی ئیسپانیول و جاستین مرام یاریزانی عێراقی یانەی ڕیال سالت لیک، بەرچاو دەکەن کە لەگەڵ کاوە ڕەزایی بەربەرەکانێ دەکەن.
کاوە ڕەزایی خەڵکی شاری گێلانغەربی پارێزگای کرماشانە و هەنووکە لە یانەی شارلوای بلژیک یاری دەکات.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری پەرتووک: | وەرزش |
| جۆری پەرتووک: | ڕاپۆرت |
| زمان - شێوەزار: | کرمانجیی ناوەڕاست |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| وڵات: | بەلژیک |
| Quick Respons Code: | |

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردیا - 2020-09-17

| | |
|---|---|
| کاتی تۆمارکردن: | 2020/17/9 12:51:53 PM |

ناوی تۆمارکار: جوان عومەر ئەحمەد

---

بابەت: 1186

## کچانی تیپی باڵەی تەقتەق یانەی وەرزشی تەقتەق-یان گەیاندە بەغدا

https://www.kurdipedia.org/?q=20171217064742143553



کچانی یانەی وەرزشی تەقتەق لە بەغدادن
بۆیەکەمجار کچانی تیپی باڵەی یانەی وەرزشی شارەدێیەک(ناحیە) لە باشوری کوردستان بەشداری پاڵەوانێتیەکی خولی نایابی عێراق بکات، تیپی باڵەی کچانی تەقتەقی یانەی وەرزشی تەقتەق کە تیپی پلە نایابی عێراق و هەرێمی کوردستانن لە خولی تیپە نایابەکانی عێراقدا لە شاری بەغداد بەشداریکردووە و لە یەکەم یاری خۆیدا بەرامبەر تیپی باڵەی سۆلاڤی کچانی کەرکوک لە16-12-2017 لە شاری بەغداد یاریەکەی لە بەرژەوەندی خۆی بە سێ گێم بەرامبەر بەگێمێک بردەوە، جێگەی ئاماژەپێدانە لە خولی باڵەی تیپە نایابەکانی عێراق کە لەشاری بەغداد بەرێوەدەچێت(14) تیپی یانە وەرزشیەکانی عێراق بەشداریان کردووە ئەوانیش تیپەکانی(قەرەقۆش و سۆلاڤ و ئەفرۆدەیت و خەیراتی کەربەلا و ئەمانە و شەبابی بەغداد و ختوت و حدود و پێشمەرگەی سلێمانی وشەهریان و نەینەوا و تەقتەق و ئەکاد) گرنگی ئەم پاڵەوانێتیە بۆ شارەدێی تەقتەق لەوەدایە کە یەکەم یەکەی کارگێری شارەدێ(ناحیە) یە کە لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان و عێراق فیدراڵی بەشداری پاڵەوانێتیەکی سەرتاسەری وڵاتەکە بکات کچانی هەردوو گەورە پارێزگای هەولێر و دهۆک لە و خولەدا ئامادەبیان نیە.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری پەرتووک: | وەرزش |
| جۆری دۆکومێنت: | زمانی یەکەم |
| زمان - شێوەزار: | کرمانجیی ناوەڕاست |
| شار و شارۆچکەکان: | کۆیە |
| وڵات: | باشووری کوردستان |

Quick Respons Code:

سەرچاوەکان

[1] تۆماری تایبەت بۆ کوردیپیدیا | کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی

کاتی تۆمارکردن: 2017/17/12 6:47:42 AM

ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 1187

## کچانی سلێمانی جامی پاڵەوانیەتی باڵەی کچانیان بە دەست هێنا

https://www.kurdipedia.org/?q=20220917004511434435



بابەت: وەرزشی
لە هۆڵی پێشمەرگەی سلێمانی لەکۆتایی پاڵەوانیەتی باڵەی کچانی تازە پێگەیشتوو لە سەر ئاستی عێراق کچانی سلێمانی لە کۆتایی یاریەکاندا سەرکەوتنیان بە دەست هێنا، بونە براوەی جامی پاڵەوانیەتی خولەکە.
ئەم پاڵەوانیەتیە بە سەرپەرشتی یەکێتی ناوەندی باڵەی عێراق و لقی سلێمانی ئەو ناوەندە ئەنجام درا. بە بەشداری 7 تیمی باڵەی کچان.
[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری پەرتووک: | وەرزش |
| جۆری دۆکومێنت: | زمانی یەکەم |
| جۆری وەشان: | دیجیتاڵ |
| زمان - شێوەزار: | کرمانجیی ناوەڕاست |
| شار و شارۆچکەکان: | سلێمانی |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| Quick Respons Code: | |

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | تەوار میدیا

| | |
|---|---|
| کاتی تۆمارکردن: | 2022/17/9 12:45:11 AM |
| ناوی تۆمارکار: | سروشت بەکر |

---

بابەت: 1188

## کچانی هەولێر لە بەرزکردنەوەی قورسایی بوونە پاڵەوانی یانەکانی کوردستان

https://www.kurdipedia.org/?q=20220917011145434440



ڕێکەوتی 2022-08-04 لیژنەی ئۆلۆمپی هەرێمی کوردستان پاڵەوانیەتی بەرزکردنەوەی قورسایی یانەکانی کوردستان لەسەر ئاستی کچان بەڕێوەچوو.
پاڵەوانێتییەکە بەبەشداری هەریەک لە یانەکانی هەولێر، سلێمانی، سۆلاف، هەندرێن، زانکۆ و ڕانیە لە هۆڵی کۆلێژی پەروەردەی وەرزشی زانکۆی سەلاحەدین هاتە ئەنجامدان.
لە پاڵەوانێتییەکەدا 38 یاریزانی کچ لە یانەکانی کوردستان بەشداربوون، دوای ڕکابەرییەکی بەهێز لەنێوان یاریزانانی بەشداربوو لە پاڵەوانێتییەکەدا، کچانی یانەی هەولێر پلەی یەکەمیان بەدەستهێنا و زانکۆ پلەی دووەم، سۆلاف پلەی سێیەم، چوارەم پێشمەرگەی سلێمانی، پێنجەم سلێمانی، شەشەم هەندرێن و حەوتەم ڕانیە.
لە کۆتاییدا لەلایەن د. سەمەد محەمەد ڕەزا سەرۆکی یەکێتی ناوەندی بەرزکردنەوەی قورسایی کوردستان و بەرپرسانی دیکەی یەکێتییە وەرزشییەکە خەڵات و جامی پاڵەوانێتییەکە بەخشرا بە پاڵەوانان.
بەڕێوەچوونی پاڵەوانێتییەکەی یەکێتی بەرزکردنەوەی قورسایی کوردستان لەمیانی بەڕێوەچوونی ئەو چالاکییە وەرزشییانەیە کە لیژنەی ئۆلۆمپی هەرێمی کوردستان بە پاڵپشتی کابینەی نۆیەمی حکوومەتی هەرێمی کوردستانئەنجام دراوە.
[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری پەرتووک: | وەرزش |

جۆری دۆکومێنت: زمانی یەکەم
جۆری وەشان: دیجیتاڵ
زمان - شێوەزار: کرمانجیی ناوەڕاست
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
وڵات: باشووری کوردستان
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | کوردستان تیڤی
کاتی تۆمارکردن: 2022/17/9 1:11:45 AM
ناوی تۆمارکار: سرووشت بەکر

---

بابەت: 1189
## کچانی یانەی وەرزشی پێشمەرگە سەرکەوتنیان بەدەست هێنا
https://www.kurdipedia.org/?q=20220917005625434438



لە پاڵەوانیەتی تۆپی سەر مێز لە ئوردن کچانی پێشمەرگە سەرکەوتنیان بەدەستهێنا، شکستیان بەیانەی حەمادەی ئوردنی هێنا.
لە یاریەکدا کە ڕۆژی 03-08-2022 لە هۆڵی حەمزە لە ئوردن ئەنجام درا کچانی یانەی پێشمەرگە بە 3 خاڵ بەرامبەر 1 خاڵ سەرکەوتن.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
جۆری پەرتووک: وەرزش
جۆری دۆکومێنت: زمانی یەکەم
جۆری وەشان: دیجیتاڵ
زمان - شێوەزار: کرمانجیی ناوەڕاست
وڵات: ئوردون
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | تەوار میدیا
کاتی تۆمارکردن: 2022/17/9 12:56:25 AM
ناوی تۆمارکار: سرووشت بەکر

---

بابەت: 1190
## کشانی جەستە و نەمانی ئازاری پشت
https://www.kurdipedia.org/?q=20220328122249409309



بابەت: وەرزشی
1– قاچەکانت بەرە دواوە و لەسەری دابنیشە و تا دەتوانیت پشتت بکشێنە بۆ دواوە و بۆماوەی 30 چرکە بەوجۆرە بوەستە.
2– دواتر قاچەکانت کۆبکەرەوە بەشێوەی چیچکان و لەپێ قاچەکانت بدە لەیەک و تا دەتوانیت بیکشێنە.
3– قاچەکانت درێژ بکە و سنگتی بۆ ببە، بۆ 30 چرکە بەوجۆرە بوەستە.
4– نزیکەی یەک مەترێک قاچەکانت بکەرەوە و دواتر بەلادا قۆڵێکد بدە لە قاچێکت و قۆڵەکەی دیکەت بەرز بکەرەوە و بەمجۆرە 5 هەناسەی قوڵ هەڵمژە، دواتر لایەکەی دیکە بکە.
[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری پەڕتووک: | وەرزش |
| جۆری دۆکومێنت: | زمانی یەکەم |
| زمان - شێوەزار: | کرمانجیی ناوەڕاست |
| شار و شارۆچکەکان: | سلێمانی |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| Quick Respons Code: | |

سەرچاوەکان
[1] تۆڕی کۆمەڵایەتی | کوردیی ناوەڕاست | پەیجی زانیاری وەرزشی

| | |
|---|---|
| کاتی تۆمارکردن: | 2022/28/3 9:22:49 PM |
| ناوی تۆمارکار: | سروشت بەکر |

---

بابەت: 1191
## کوردێک لە ترۆپکی یەکێتیی مۆتۆرسکیلی جیهان دایە
https://www.kurdipedia.org/?q=20230203230017463783
وەک تەنیا کورد ماوەی چەندین ساڵە سەروکاری لەگەڵ یاری مۆتۆرسکیلی جیهانی هەیە و سەرباری ئەوەی وەک ناوبژیوانێکی نێودەوڵەتی ئەو یارییە بەناوبانگەیە، لە کۆنگرێسی ساڵانەی یەکێتییەکەش دەبێتە ناوێکی دیار و کاندیدی پۆستێکی گەورەی یەکێتیی مۆتۆرسکیلی جیهانی دەبێت.
دکتۆر مەجید خیدایەخش مامۆستای کۆلێژی وەرزش لە زانکۆی سلێمانی و سەرۆکی ئەکادیمیای سلێمانی بۆ مۆتۆرسکیل و ئۆتۆمبیل لە هەفتەکانی ڕابردوو لە شاری ڕیمیەی وڵاتی ئیتاڵیا بەشداری لە کۆبوونەوەی دەستەی گشتی یەکێتیی مۆتۆرسکیلی جیهانی کرد کە بە FIM ناسراوە، بە و پێیەی ناوبراو وەک ناوبژیوانی نێودەوڵەتی ئەو یارییە و هاوکات نوێنەری یانەی ئێراق بۆ مۆتۆرسکیل و وڵاتی ئێراق میواندار و بەشداری ئەو کۆنگرێسە گەورەیە بوو.

سەبارەت بەو کۆنگرێسە و چۆنێتی بەشداریکردنی، دکتۆر مەجید لە لێدوانێکی تایبەت ڕایگەیاند کۆبوونەوەکە بۆ دەستنیشانکردنی سەرۆک و جێگرانی یەکێتییەکە بوو بۆ سێ ساڵی داهاتوو، لەوێ سەرۆکی یەکێتییە بە شێوەی دانانەوە و بە سەپۆرتی چەندین وڵاتی ئەندام داندرایەوە، دواتر هەڵبژاردن بۆ سێ جێگری یەکێتییەکە کراو بەندە لەوێ خۆم کاندید کرد بۆ یەکێک لە و سێ پۆستە کە ئەمە ئەزموونی یەکەمم بوو، لە و چوارکەسەی کاندید بووین من 26 دەنگی ئەندامانم بەدەستهێناو تەنیا 10 دەنگ لە سێیەمەکەوە دوور بووم، کە بە بۆچوونی زۆربەی ئەوانەی لەوێ بوون ئەوە ئەنجامێکی گەورە بووە بۆ من بە و پێیەی ئێراق نوێیە لە یەکێتییەکە و هەروەها وەک وڵاتانی تر نەیتوانووە سەپۆرتی بەردەوامی هەبێت.
وتیشی، من هەر لە و کۆنگرێسە قسەی خۆم کرد سەبارەت بە ئێراق و کوردستان و تێڕوانێکی باشم بە ئەندامان و یەکێتییەکەش داو لە نزیکەوە چاوم بە سەرۆک و جێگری یەکێتییەکەش کەوت و لەوێش دەست خۆشییەکی زۆرم لێکرا بۆ ئەو ڕێژەی دەنگەی هێناوە.

سەبارەت بە ئاستی ئەو یارییە لە کوردستان، دکتۆر مەجید وتی ” من سەرۆکی ئەکادییمیای سلێمانیم بۆ ماتۆرسکیل و ئۆتۆمبیل بەڵام بەداخەوە تاوەکو ئێستا لە کوردستان و شاری سلێمانی زەوییەکی تەرخانکراومان بۆ ئەو یارییە نییە هەرچەندە چەندین هەوڵم داوە بۆ لایەنی پەیوەندیدار بەڵام وەڵاممان دەست نەکەوتووە”.
وتیشی لە پارێزگای واست ئێستا 2023 شوێنێکی گەورە و فراوان بۆ ئەو یارییە هەیە و رۆژبەرۆژیش هەواداری ئەو یارییە روو لە هەڵکشانە.

دکتۆر مەجید کە ناوبژیوانی نێودەوڵەتیشە ئەو پێشتر بەشداری بەڕێوەبردنی یارییەکەی لە ئۆستورالیا و تورکیا و یۆنان کردووە و باوەرپێکراوی یەکێتیی مۆتۆرسکیلی جیهانییە بۆ بەڕێوەبردنی ئەو پاڵەوانێتیانە لەلایەن یەکێتیی جیهانیەوە لە ئێراق و کوردستان.
یەکێتیی مۆتۆڕسکیلی جیهان لە ساڵی 1904 دامەزراوە و بنکەکەی لە بەریتانیا بووە و ، دواتر بارەگا سەرەکییەکەی گواستراوەتەوە بۆ سویسرا.
هەرچی یانەی ئۆتۆمبێل و مۆتۆڕسکیلی ئێراق لە ساڵی 2019 دامەزراوە و لە ساڵی 2020 بووەتە ئەندامی نێودەوڵەتی.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
جۆری پەرتووک: وەرزش
جۆری دۆکومێنت: زمانی یەکەم
جۆری وەشان: دیجیتاڵ
زمان - شێوەزار: کرمانجیی ناوەڕاست
وڵات: باشووری کوردستان
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | سپۆرت میدیا
کاتی تۆمارکردن: 2023/3/2 11:00:17 PM
ناوی تۆمارکار: سروشت بەکر

---

بابەت: 1192
## کەمکردنەوەی چەوری بەشی ناوەوەی ڕانەکان
https://www.kurdipedia.org/?q=20220204164226403884



بابەت: وەرزش
1- وەرزشی Burpees:
سەرەتا بە ڕێکی بنوشتێرەوە بۆ زەوی و قاچەکانت بۆ دواوە درێژ بکە، بیهێنەرەوە و دواتر هەڵبستەرەوە و باز بدە و دووبارەی بکەرەوە. (10 جار)
2- وەرزشی Curtsy lunge:
بە ڕێکی بوەستە و دواتر قاچێکت ببە پشتەوە و لەسەری بنوشتێرەوە. (10 جار)
3- وەرزشی Glute kickbacks:
بچۆرە سەر دەست و ئەژنۆ و هەرجارێک قاچێکت بەرز بکەرەوە بۆ دواوە. (10 جار)
4- وەرزشی Frog jumps:
بەڕێکی بوەستە و دواتر بە شێوەی بۆقی بازبدە بۆ خوارەوە و قاچەکانت بکەرەوە. (10 جار)
5- وەرزشی Sumo goblet squat:
قاچەکانت بکەرەوە و دواتر سکواتی لەسەر بکە. (10 جار)
[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری پەڕتووک: | وەرزش |
| جۆری دۆکومێنت: | زمانی یەکەم |
| زمان - شێوەزار: | کرمانجیی ناوەڕاست |
| شار و شارۆچکەکان: | سلێمانی |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| Quick Respons Code: | |

سەرچاوەکان
[1] تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - سروشت بەکر

| | |
|---|---|
| کاتی تۆمارکردن: | 2022/4/2 4:42:26 PM |
| ناوی تۆمارکار: | سروشت بەکر |

---

بابەت: 1193
## کەی باشترین کاتە بۆ وەرزش؟
https://www.kurdipedia.org/?q=20230124141034460934
ناونیشانی بابەت: کەی باشترین کاتە بۆ وەرزش؟
ئامادەکردن: د. کامەران ژاژلەیی

بەهۆی گۆڕانی شێوازی ژیانی ئەم سەردەمە و کەم بوونەوەی جوڵە و دانیشتن بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ ڕۆژانە لە شوێنی کار و ماڵەوە؛ وەرزش کردن یەکێکە لە هەنگاوە سەرەکی و گرنگی پاراستنی تەندروستی و چارەسەری هەموو نەخۆشییەکان.
کەی باشترین کاتە بۆ وەرزش؟
هەموو کاتێک باشە بۆ وەرزش بەڵام پێویستە لانی کەم دوو کاتژمێر دوای ژەمە سەرەکیەکان نەبێت؛ هەروەها پێویستە شەوان دوو کاتژمێر پێش نووستن دوور بکەوینە لە وەرزشی قورس وەک یاری ئاسن ، مەلەکردن بۆ ماوەیەکی زۆر.
وەرزشی بەیانی باشە یان ئێواران یا شەوان؟
کەوتۆتە سەر ئەو مەبەستی ئەنجام دانی وەرزش و جۆری وەرزش و پیشەی ئەو کەسە:
1- بۆ خۆپاراستن لە نەخۆشی و ڕێگری کردن لە زۆری کێش و قەڵەوی و ڕزگار بوون لە بێهێزی و خەواڵویی و تەمەڵی؛ بەیانیان کاتێکی زۆر باشە.
2- باشترە بەیانیان پێش ژەمی بەیانی ڕۆیشتن بە پێ ، پیاسەکردن ، هەروەلە کردن و ڕاکردن ئەنجام بدرێت.
3- ئەو کەسانەی بەیانیان کاتیان نییە ئەتوانن دوا نیوەڕۆ ئەنجامی بدەن.
4- بۆ مەبەستی دابەزینی کێش و چارەسەری قەڵەوی باشترە ڕۆژانە دوو جار ئەنجام بدرێت ئەگەر بواری هەبێت؛ بەیانیان و ئێواران.
5- بۆ لەشجوانی و بەهێزکردن و بنیات نانی ماسوولکەکان پێویستە دوا نیوەڕۆ یان ئێواران و سەرەتای شەو بێت بەڵام پێویستە لانی کەم شەوان دوو کاتژمێر پێش نووستن بکرێت تا نەبێتە هۆی خەو زڕان و شەونخوونی و بە زەحمەت خەبەر بوونەوە ڕۆژی داهاتوو.
6- یاریزانی پیشەگەر پێویستە ڕۆژانە دوو جار وەرزش بکات.
وەرزشی ناو هۆڵ باشە یان دەرەوە یان ناو ماڵ؟
وەرزشی ناو هۆڵ و جیم ئەم سوودانەی هەیە:
1- هاندانی ئەو مرۆڤە چونکە کەسانی تری لێیە کە کێش و تەمەنیان جیاوازە؛ باشترە چەند هاوڕێیەک بە یەکەوە بڕۆن.
2- ئیلتزام و پابەند بوون و بەردەوام بوون لەسەر وەرزش لە ناو جیم و هۆڵ زیاترە بە تایبەت لە ناو تاکی کوردا.
3- بوونی ڕاهێنەری شارەزا و ئامێری هەمەجۆر.
وەرزشی ناو پارک و شوێنی کراوە ئەم سوودانەی هەیە:
1- بوونی هەوای پاک و بێگەرد و ڕێژەیەکی زۆر لە ئۆکسجین لە بەیانیان.
2- چوونە بەر خۆر کە سەرچاوەی سەرەکی ڤیتامین D یە.

3- دوور کەوتنەوە لە ڕۆتین و شوێنی قەرباڵغ و زیاتر کەمکردنەوەی دڵتەنگی و خەمۆکی بەهۆی دیمەنی جوانی باخچە و سرووشت.
وەرزشی ناو ماڵ ئەم سوودانەی هەیە:
1- دەتوانرێت ڕۆژانە بۆ ماوەیەکی زیاتر و چەند کەرەتێک ئەنجام بدرێت؛ کەی هیلاک بوویت دوای پشوودان دەست پێ بکەرەوە یان لەنێوان ئیش و کاری ناو ماڵ.
2- بۆ خانمان خاوەنی منداڵی ساوا و خوێندکار و خاوەن خێزان و فەرمانبەر زۆر گونجاوە.
3- گەڕانەوەی کات ئەگەر هۆڵی وەرزش یان پارک زۆر دوور بوو لە ماڵەوە.
4- ڕەنگە نەتوانیت بە بەردەوامی بچیت بۆ جیم لەبەر هۆکاری ئابووری یان کۆمەڵایەتی.
5- کاریگەریی زۆر گرنگ و ئەرێنی هەیە بۆ سەر منداڵ؛ چونکە منداڵ لاسایی دایک و باوکی دەکاتەوە. [1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری پەرتووک: | پزیشکی - تەندروستی |
| جۆری پەرتووک: | وەرزش |
| جۆری دۆکومێنت: | زمانی یەکەم |
| جۆری وەشان: | دیجیتاڵ |
| زمان - شێوەزار: | کرمانجیی ناوەڕاست |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| Quick Respons Code: | |

سەرچاوەکان
[1] تۆڕی کۆمەڵایەتی | کوردیی ناوەڕاست | تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان؛ فەیسبووک؛ پەیجی (د. کامەران ژاژڵەیی) ڕۆژی 24-01-2023

کاتی تۆمارکردن: PM 2:10:34 2023/24/1
ناوی تۆمارکار: ڕۆژگار کەرکوکی

---

بابەت: 1194
## کەی باشترین کاتەبۆ وەرزش لە مانگی ڕەمەزان؟
https://www.kurdipedia.org/?q=20230203143228463610
ناونیشانی بابەت: کەی باشترین کاتەبۆ وەرزش لە مانگی ڕەمەزان
ئامادەکردن: د. کامەران ژاژڵەیی

پسپۆڕەکان کۆکن لەسەرئەوەی باشترین کات بۆ وەرزش لە مانگی پیرۆزی ڕەمەزان بریتین لە دوو کات.
یەک کاتژمێر بۆ کاتژمێر و نیوێک پێش بەربانگ:
- باشترین کاتە بۆ دابەزینی کێش چونکە ڕێژەی شەکرەی خوێن لە کەمترین ئاست دایە و ماوەیەکی زۆر کەم ماوە بۆ قەرەبووکردنەوەی جەستە لە کەمی شلەمەنی و کانزاکان و وزە بەڵام پێویستە ئەم خاڵانە بەرچاو بگیرێن:
- ماوەی وەرزش لە یەک کاژێر زیاتر نەبێت.
- ناگونجێت بۆ کەسانی بە ساڵاچوو بە تایبەت ئەوانەی نەخۆشی درێژخایەنی وەک نەخۆشی شەکر و بەرزی فشاری خوێن و نەخۆشییەکانی دڵیان هەیە.
- شوێنی وەرزشەکە پێویستە گونجاو بێت لەڕووی پلەی گەرمی و شێوە ، چونکە نابێت پلەی گەرما بەرز بێت ، بۆ ئەوەی لەش تووشی وشک بوونەوە نەبێت.
- وەرزشی سووک یا مامناوەند هەڵبژێرە وێنەی ڕویشتن بە پێ ، هەروەلەکردن ، تەمرینی سویدی ، پاسکیل سواری ، بە کارهێنانی ئامێری وەرزشی کە خێرایی و قورسیەکەی سادە یا مامناوەندە.
- باشترە هەر ئەو وەرزشانە بکەیت کە پێشتر کردووتە و وەرزشی تازە تاقی نەکەیتەوە لە مانگی ڕەمەزاندا.
سوودەکانی وەرزش پێش بەربانگ:

1- پاکردنەوەی جەستە لە مادده ژەهراوییەکان.
2- کاتێکی نموونەییە بۆ دابەزاندنی کێش.
3- یارمەتیی هێوەر بوونەوە و کەمکردنەوەی تووڕەیی ئەدات.
باشترین کات بۆ ئەنجامدانی وەرزش لە ڕەمەزان دا کەیە؟
وەرزش دوای بەربانگ بە دوو کاتژمێر و نیو بۆ چوار کاتژمێر:
کاتێکی گونجاوە بۆ ئەو کەسانەی پێش بەربانگ ناتوانن وەرزش بکەن بەهۆی نەبوونی کات یا کێشەی تەندرووستی یا بەساڵاچووان ، هەروەها ئەوانەی ئەیانەوێت ماسوولکە درووست کەن و دەتوانن بە ئارەزووی خۆیان بۆ چەند کاژێرێک ئەنجامی دەن ، پێویستە ڕاستەوخۆ دوای رۆژوو شکاندن وەرزش نەکرێت لە بەر دڵەکزی و زوو هیلاک بوون و شەکەتی.
سوودەکانی وەرزش پاش بەربانگ:
- سووتانی وزەی زیاتر لە پێویستی جەستە دوای خواردن.
- بەرزکردنەوەی ڕێژەی سووتاندنی چەوری و بنیات نانی ماسوولکەکان. [1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری پەرتووک: | پزیشکی - تەندروستی |
| جۆری پەرتووک: | وەرزش |
| جۆری دۆکومێنت: | زمانی یەکەم |
| جۆری وەشان: | دیجیتاڵ |
| زمان - شێوەزار: | کرمانجیی ناوەڕاست |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| Quick Respons Code: | |

سەرچاوەکان
[1] تۆڕی کۆمەڵایەتی | کوردیی ناوەڕاست | تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان؛ فەیسبووک؛ پەیجی (د. کامەران ژاژڵەیی) ڕۆژی 03-02-2023

| | |
|---|---|
| کاتی تۆمارکردن: | 2023/3/2 2:32:28 PM |
| ناوی تۆمارکار: | ڕۆژگار کەرکوکی |

---

بابەت: 1195
## یاری ورد و پاسی کورت و پاسی درێژ
https://www.kurdipedia.org/?q=20221216204241452287
ناونیشانی بابەت: یاری ورد و پاسی کورت و پاسی درێژ
ئامادەکردن: زانا ڕەزاق

خۆی چەندین جۆر یاری کردن هەیە، هەیە ورد وردە هەشە درێژ درێژە، تیپانێک هەن یەکێکن لەو هەڵبژاردانەی یاری وردە بەڵام هەشن یاری درێژ و پاسی درێژە.
ئەو هەڵبژاردنەی و یانەی ئاوا یاری دەکەن کەمتر ماندوو دەبن
بۆچی؟ بەهۆی وردیان و پێکەوە یاری کردنیان، ئەمەش وەک ئەوە وایە کە پیاسە بکەن لەهەمان کاتدا زوو ماندووەکەیان بحەسێتەوە، بەڵام ئەوانەی بەهۆی یاری درێژ چەند یاریزانانێکی لێهاتوویان زۆر ماندوو دەبن ئەمەش زۆر باشنیە.
جا یاری پاسی درێژ ئەگەر لەگەڵ تیی یاری ورد و کۆمەڵ یاری بکەن زۆر زەحمەت یاری دەبەنەوە بەڵام بۆ ئەوەی لێیان ببەیەوە.
چۆن ئەنجامێکی باش بەدەست دەهێنی؟
یاریەکی ورد و هاوشێوەی ئەو بە مەرجێک بە پلان و وردەکارییەکانیشتەوە یانی کەم و کورتی بەرانبەر بزانی،

ئەوجا بەم شێوەیە هەم ئاستی باش و هەم ماندووبوونی کەم و هەمیش ئەنجامێکی باشتر لەوەی کە بە پاسی درێژ یاری لەگەڵ بکەی. [1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری پەرتووک: | وەرزش |
| جۆری دۆکومێنت: | زمانی یەکەم |
| جۆری وەشان: | دیجیتاڵ |
| زمان - شێوەزار: | کرمانجیی ناوەڕاست |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| Quick Respons Code: | |

سەرچاوەکان

[1] تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | کوردیی ناوەڕاست | ئەم بابەتە بەتایبەتی لەلایەن (نووسەر)ەوە لە ڕۆژی 15-12-2022 بۆ کوردیپێدیا نێردراوە

کاتی تۆمارکردن: 2022/16/12 8:42:41 PM

ناوی تۆمارکار: ڕۆژگار کەرکوکی

---

بابەت: 1196

## یاریەکی دۆستانە لە نێوان کچانی سلێمانی و ئافرەتانی هەولێر بەڕێوەچوو

https://www.kurdipedia.org/?q=20220923002345435597



لەدرێژەی چالاکییەکانی کامپینی (بەتەنیا نیت... لەگەڵتاین بۆ بەرەنگاری ژنکوژان)، ڕۆژی 21-09-2022 لە هۆڵی (ساڵح عەلی) یارییەکی دۆستانەی فوتساڵی کچان لەنێوان کچانی پارێزگای سلێمانی و کچانی یانەی ئافرەتانی هەولێر بەڕێوەچوو، کە تیایدا کچانی هەولێر بە سێ گۆڵی بێ وەڵام یارییەکەیان بردەوە.
دواتر لەلایەن بەشێک لە نوێنەرانی ڕێکخراوەکان و یەکێتی ژنانی کوردستانەوە، خەڵات بەسەر ناوبژیوانان و ڕاهێنەر و یاریزانانی هەردوو تیپدا دابەشکرا.
[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری پەرتووک: | وەرزش |
| جۆری دۆکومێنت: | زمانی یەکەم |
| جۆری وەشان: | دیجیتاڵ |
| زمان - شێوەزار: | کرمانجیی ناوەڕاست |
| شار و شارۆچکەکان: | سلێمانی |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| Quick Respons Code: | |

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | تەوار میدیا

کاتی تۆمارکردن: 2022/23/9 12:23:45 AM

ناوی تۆمارکار: سروشت بەکر

---

بابەت: 1197

## یانەکانی کوردستان بەشداری خولی عێراق دەکەن

https://www.kurdipedia.org/?q=20220921004807435247



بەرپرسی یانەی وەرزشی هەولێر، یانەی وەرزشی نەورۆز و یانەی وەرزشی زاخۆ مافی بەشداریکردنیان لە وەرزی نوێی خولی عێراقدا هەیە، ماوەی تەواوکردنی ڕێکارەکانیش بۆ یانەی وەرزشی دهۆک درێژ دەکرێتەوە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری پەڕتووک: | وەرزش |
| جۆری دۆکومێنت: | زمانی یەکەم |
| جۆری وەشان: | دیجیتاڵ |
| زمان - شێوەزار: | کرمانجیی ناوەڕاست |
| شار و شارۆچکەکان: | هەولێر |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| Quick Respons Code: | |

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | سیۆرت میدیا

کاتی تۆمارکردن: 2022/21/9 12:48:07 AM

ناوی تۆمارکار: سروشت بەکر

---

بابەت: 1198

## یانەکانی کوردستان پۆلێن دەکرێنەوە

https://www.kurdipedia.org/?q=20230207160145464643

بەڕێوەبەرێتی وەرزشی کوردستان پلانی پۆلێنکردنەوەی تەواوی یانەکانی کوردستانی هەیە و بۆ ئەو مەبەستەش ئامادەکارییەکانی دەستپێکردوە .

لە ڕێکەوتی 01-02-2023 لە مەراسیمێکدا پاش 12 ساڵ مانەوەی لە پۆستەکەی ، دکتۆر شاکر ئەحمەد سمۆ ماڵاوایی کردو لە شوێنی ئەویش سەردار ئیسماعیل بە وەکالەت دانرا.-
هاوکات لە یەکەم کۆبوونەوەش بە سەرپەشتی سەردار ئیسماعیل بەڕێوەبەری گشتیی وەرزشی کوردستان،کۆبوونەوەی بەڕێوەبەرایەتییەکانی سەرجەم شار و شارۆچکە و- دەڤەرەکان ساز کرا.

سەرەتا بەڕێوەبەری گشتی باسی لە کێشەکانی بەڕێوەبەرایەتیی وەرزش کرد و چەندین بیرۆکەی نوێی خستە بەردەم ئامادەبووان بۆ زاڵ بوون بەسەر ئەوکێشانە و بڕیاری دا هەر بەڕێوەبەرایەتییەک لە لای خۆیەوە یانە وەرزشییەکانی ناوچەکانی خۆیان ئاگادار بکاتەوە، کە لیستی (بە لای کەم) پێنج یاری ئامادە بکەن، کە لە چالاکییەکانی ساڵی 2023 بەشداری تێدا دەکەن.

جگە لە بڕیاردانی بە پۆلێنکردنی یانەکان لە ڕووی چالاکییە وەرزشییەکان و گرنگیدان بە یاریی بە کۆمەڵ و یاریی تاکە کەسی. پاشان لەلایەن ئامادەبووانەوە گفتوگۆ والا بوو راو بۆچوونیان خستە سەر بابەتە گرنگەکان و تیشک خستنە سەر چۆنیەتی چارەسەرکردنیان.

لە لای خۆیەوە بەڕێوەبەری گشتی بڕیاری دا لەم نزیکانە سەردانی بەڕێوەبەرایەتییەکان بکا و لە نزیکەوە ئاگاداری کارەکانیان بێت.
[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
جۆری پەرتووک: وەرزش
جۆری دۆکومێنت: زمانی یەکەم
جۆری وەشان: دیجیتاڵ
زمان - شێوەزار: کرمانجیی ناوەڕاست
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
وڵات: باشووری کوردستان
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | سیۆرت میدیا
کاتی تۆمارکردن: 2023/7/2 4:01:45 PM
ناوی تۆمارکار: سروشت بەکر

---

بابەت: 1199
## یانەکانی کەرکوک کۆنترۆڵی پاڵەوانێتی نیشان شکاندنی کوردستان دەکەن
https://www.kurdipedia.org/?q=20221006015041438120



پاڵەوانێتی نیشان شکاندنی یانەکانی کوردستان بۆ ماوەی دوو ڕۆژ لە شاری سلێمانی بەڕێوەچوو، کە تێیدا 60 یاریزان لە کچان و کوڕان و 13 یانە بەشداریان تێدا کردبوو، پاڵەوانێتییەکە بۆ هەردوو جۆری تفەنگ و دەمانچە و لەسەر ئاستی کچان و کوڕان بوو، 4 یانەش نوێنەری شاری کەرکوکیان دەکرد، ئەوانیش: سۆلاف، بابا گوڕ گوڕ و خاک و ئاڵتوون کۆپری بوون.
لە پاڵەوانێتیەکەدا یاریزانان و یانەکانی کەرکوک وەک پیشەی هەمیشەیی خۆیان ئاستێکی بەرزیان پێشکەش کرد و توانیان کۆنترۆڵی پاڵەوانێتیەکە بکەن.
پلەکانی پاڵەوانێتیەکەش بەم جۆرە بوون:
1— یانەی سۆلاف
2— یانەی پێشمەرگەی سلێمانی
3— یانەی بابا گوڕ گوڕ
4— یانەی خاک
5— یانەی ئاڵتوون کۆپری
لەسەر ئاستی تاکیش:
1— شاخەوان غەفور یاریزانی یانەی سۆلاف
2— محەمەد یەعقوب یاریزانی یانەی بابا گوڕ گوڕ
[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
جۆری پەرتووک: وەرزش
جۆری دۆکومێنت: زمانی یەکەم

جۆری وەشان: دیجیتاڵ
زمان - شێوەزار: کرمانجیی ناوەڕاست
شار و شارۆچکەکان: کەرکوک
وڵات: باشووری کوردستان
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] تۆڕی کۆمەڵایەتی | کوردیی ناوەڕاست | سێوڕت میدیا
کاتی تۆمارکردن: 10/6/2022 1:50:41 AM
ناوی تۆمارکار: سروشت بەکر

---

بابەت: 1200
## یانەی سلێمانی
https://www.kurdipedia.org/?q=20120811140801 72104

لە پێش دامەزراندنی یانەی وەرزشی سلێمانی لە سەرەتای ساڵی 1956 لە زۆربەی گەڕەکەکاندا تیپی ئەهلی (میللی) هەبووە :
لە گەڕەکی مەڵکەندی تیپی پێشکەوتن کە خوالێخۆش بوو عەبدولڕەحمان عەبە گۆڕێ سەرپەرشتی ئەم تیپەی کردووە.
لە گەڕەکی شێخان تیپی ئەزمەڕ.
لە گەڕەکی کانێسکان تیپی ئاسۆ.
لە گەڕەکی سابونکەران تیپی هێرش.
لە گەڕەکی سەرشەقام تیپی سەیوان لە پاشدا خەبات و تیپی ئاکۆ.
لە گەڕەکی هۆڵی تیپی هیوا لە پاشدا تیپی برسی گەڕەکی پیرمەسوور دروست بوو.

جگە لەم تیپانەش :
تیپی سووپا حامیەی سلێمانی.
تیپی فەرمانبەران.
تیپی پۆلیس.

ئەم تیپانە لەگەڵ یەکدا یاری دۆستانەیان ئەنجام ئەدا و تیپەکانی دەرەوەشیان بە یاریکردن بەسەر ئەکردەوە. لەو ساڵانەدا جێگری پارێزگاری سلێمانی بەڕێز عەبدوڵلا بەگ بوو کە بەم جولانەوە بەو چالاکیە وەزشیانە زۆر خۆشحاڵ و پێی باش بووە وە لە هەمان کاتدا خۆی حەزی لە وەرزش بووە، هەموو سەرۆک تیپەکانی بانگهێشت کرد بۆ دیوانی پارێزگا و پێی ڕاگەیاندن کە دەورەیەک بکەنەوە لە نێوان هەموو تیپەکان و بەڵێنی پێدان کە هەموو جۆرە یارمەتیەکیان بۆ دابین دەکات (لە خەڵات و کڕینی کاس و پێداویستیەکانی ئەو خولە) سەرۆک تیپەکان بە خۆشحاڵیەوە ڕەزامەندیان پیشاندا و زۆر سوپاسیان کرد. وە بۆ ئەنجامدانی چۆنیەتی یارییەکان بڕیاریاندا کە یاریەکان بە (دۆڕاندنی دووجار) بۆ هەر تیپێک بۆ خولەکە دەچێتە دەرەوە وە لە پاشدا (قرعە) کرا بۆ یاریەکانیان لە ئەنجامی یاریەکان هەردوو تیپی سەیوان و پێشکەوتن مانەوە بۆ یاری کۆتایی وە ڕۆژی یاری کردن دیاری کرا بەپێی ڕێکەوتنی ئەو سەرۆک تیپانە، یاری کۆتایی ئەگەر یەکسان بوون یاری دووەم ئەنجام بدەن خۆ ئەگەر یاری دووەمیش یەکسان بوون ئەوا یاری سێیەم ئەنجام دەدەن. بەرپرسی تیپی سەیوان شەهید مامۆستا یاسین حەمەساڵح بوو وە تیپی پێشکەوتن کاک تالیب سەید عەلی بوو. وا ڕێکەوت هەردوو تیپ لە یاری یەکەم و دووەم دا یەکسان بوون ڕۆژی دیاری کراوی سێیەم دیاری کرا.

یاری سێیەم لە یاریگای تەیارەخانەکە، هەردوو تیپ دەستیان بە یاری کردن کرد وە ماوەی (20 خولەک) تێپەڕ بوو، مامۆستای خوالێخۆشبوو (یاڵح علی یالح) هاتە ناوەوە و یارییەکەی ڕاگرت و ئەندامانی هەردوو تیپەکەی هێنایە قەراغ یاریگاکەوەو بە یاریزانەکانی ووت ئەوە جەنابی (وەزیری ناوخۆی عێراقە) بەڕێز(حمە سەعید قزاز) ئەیەوێت قسەتان لەگەڵ بکات، کە یاریزانەکان کۆبوونەوە لەیەردەم وەزیری ناوخۆ و مامۆستا ساڵح علی لەقسەکانیدا زۆری پێخۆش بوو وە لەهەمان کاتدا هانی دان کە بەردەوام بن لە وەرزش کردن، لەم کاتەدا یاریزانی تیپی پێشکەوتن (گالب سید علی) بە مامۆستا (ساڵح

علی) ووت دە مامۆستا پێی بڵێ و داوای (کردنەوەی یانەیەکمان بۆ بکە)، مامۆستای خوالێخۆشبووش ووتی (جەناب ئێمە چەند جارێک داوای کردنەوەی یانەیەکمان کردووە کەچی ڕێگەمان پێنادەن، بەڵکو لەڕێی جەنابتەوە یانەیەکمان بۆ بکەنەوە). خوالێخشبوو (حمەسەعید قەزازیش) ووتی: ئێستا گەڕانێکم بەدەستەوەیە بۆ پارێزگاکانی (کەرکوک و موسڵ) ماوەی (10) رۆژم پێئەچێت دوای ئەو (10) ڕۆژە وەرن بۆ لام بۆ بەغداد سەرم لێبدەن، بەڵام کە هاتن (عەریزەیەکتان) پێ بێت ناوی کۆمەڵێ کەسان لە پارێزەرو فەرمانبەرو مامۆستا و کاسب کاری تێدابێت و لەگەڵ ناوەکانیان ئیمزایان کردبێت. کەلەم بەڕێزانە پێک هاتبوون:

بەڕێز ساڵح علی ساڵح چاودێری وەرزش و یارییەکان
بەڕێز ئەحمەد زرنگ پارێزەرو بورێوەبەری ڕۆژنامەی ژین
بەڕێز نامق تۆفیق قزاز پارێزەرو موڵکدار
بەڕێز خلیل ئیبراهیم خالد معاونی تەسویە
بەڕێز سەعید شفیق ژمێریار لە بەڕێوەبەرێتی تاپۆی سلێمانی
بەڕێز اسماعیل عبد الوفا و خاوەنی کۆگای پرشنگ
بەڕێز دکران الیکسندریان بریکاری ڕادێوات
بەڕێز حسێن ڕەش ڕحیم بەرگدرو
بەڕێز عمر محەمەد امین مامۆستای وەرزش لە سانەوی سلێمانی
بەڕێز عزیز محەمەد ڕەشید مامۆستای وەرزش لە ناوەندی سلێمانی

پاش نوسینی عەریزەو ناوو ئیمزایان کە ژمارەیان (10) دە کەس بوون و لەدواییدا ناوەکانیان دێت، مامۆستای خوالێخۆش بوو (ساڵح علی ساڵح) بردی بۆ بەغداد و ئیجازەی کردنەوەی یانەکەی هێنایەوە بەناوی (یانەی وەرزشی سلێمانی) لە مانگی (1956/10) کە ئەو دە(10) بەڕێزە بوون بە(هەیئەی گشتی)، لە پاش تێپەڕبوونی (6) مانگ بۆ جێبەجێکردنی بڕیاری میری ئەو سەردەمە ئەبوایە ماوەی (6) مانگ بەسەر دامەزراندنی یانەکەدا تێپەڕ بکات ئەوسا دەتوانرێت دەستەی بەڕێوەبردنی یانە دابمەزرێت. هەربۆیە بانگەوازێک لە لایەن ئەو بەڕێزانە دەرچوو وە بڵاوکرایەوە بەناو شاری سلێمانیدا. کەوا یانەی وەرزشی سلێمانی هەڵبژاردنی دەستەی بەڕێوەبەری یانە دیاری دەکات. لەڕۆژی هەینی ڕێکەوتی 26-04-1957 لە هۆڵی قوتابخانەی (سانەوی سلێمانی کوڕان) کات ژمێر (10)ی سەرلە بەیانی هەڵبژاردن ئەنجامدرا. وە لە ئەنجامدا ئەم بەڕێزانەی لای خوارەوە بەیەکەم دەستەی بەڕێوەبەری یانەی وەرزشی سلێمانی دەرچوون و لەهەملن کاتدا ناونیشانەکانیان بەم شێوەیەی خوارەوە دیاری کرا :

بەڕێز ساڵح علی ساڵح چاودێری وەرزش و یارییەکان سەرۆک
بەڕێز ئەحمەد زرنگ پارێزەرو بورێوەبەری ڕۆژنامەی (ژین) جێگری سەرۆک
بەڕێز سەعید شفیق ژمێریار لە تاپۆی سلێمانی سکرتێر
بەڕێز عمر محەمەد امین مامۆستای وەرزش لە سانەوی سلێمانی بەڕێوەبەری ئیدارە
بەڕێز عمر مەحمود میرزا مامۆستای وەرزش لە سانەوی سلێمانی ژمێریار
بەڕێز عزیز محەمەد ڕەشید مامۆستای وەرزش لە ناوەندی سلێمانی چاودێر
بەڕێز هاشم عزیز نوسەر (کاتب) لە ئەوقافی سلێمانی ئەندام
بەڕێز عزیز کریم ملاحزی بەڕێوەبەرێتی ئاوو کارەبا ئەندام
بەڕێز عبد الله سەعید شوفێر لە شەریکە ئەندام
بەڕێز گالب علی نوسەر (کاتب) لە تەلەفۆنات ئەندام

ئەم بەڕێزانەش وەک یەدەک (احتیات)
بەڕێز یاسین محەمەد ێاڵح قوتابی لە خانەی مامۆستایانی کوڕان یەدەکی یەکەم
بەڕێز جەمال حکیم قوتابی شەو (مسائی) یەدەکی دووەم
بەڕێز ئەحمەد محەمەد قوتابی لە خانەی مامۆستایانی کوڕان یەدەکی سێیەم

جا بۆکارەکانی بەڕێوەبردنی یانە بڕیاریان داکە خانووی بنەماڵەی (حەکیم حاجی مەلا سەعید) کە دەکەوێتە کۆڵانەکەی (مزگەوتی خانەقا)وە بە بری (16) دینار بۆ هەر مانگێک بە کرێ گرت. وە بۆ ئەنجامدانی ڕاهێنان و مەشقی تیپەکان یاریگاکانی قوتابخانەی (سانەوی سلێمانی کوڕان) کە ئێستا ئامادەیی سلێمانی کوڕانە بەکار ئەهێنران، بۆ یارییەکانی (تۆپی پێ و باسکەو باڵە) بارەگای یانەش بۆ یارییەکانی قورسایی هەڵگرتن و جوانی لەش و تۆپی سەرمێز و تەناف بازی و جمناستیک بەکار ئەهێنرا. مێژووی نوێ ی یانەی وەرزشی سلێمانی ئێستاش یانەی وەرزشی سلێمانی ناودارترین یانەی وەرزشییە لەسەر ئاستی کوردستان و عێراق، پتر لە دوو هەزار ئەندام و دۆستی هەیە لە پیاوان ولاوان وکچان. بارەگاکانی یانە : بارەگای یەکەم کەبەپیتاک و هەرەوەزی ئەندامان و دۆستانی یانە دروست کرا.دەکەوێتە سەر شەقامی تەنیشت یانەی پزیشکان بەرامبەر

بەنەخۆشخانەی (عەلی کەمال)، لەناو بارەگاکەدا (یاری تۆپی باسکەو باڵەو تۆپی دەستی) تێدایە، یاریگای باسکەو باڵەکەی لە مادەی (ریکۆبۆل) دروست کراوە لەگەڵ جێگای دانشتنی سەیرکەران (مدرجات)

لەناو بارەگاکەیدا هۆڵی تۆپی سەرمێز و هۆڵی قورسایی هەڵگرتن و جوانی لەش و ژووری کۆبوونەوەی ژووری میوانداری و چەند ژوورێک بۆ خۆگۆڕینی یاریزانەکانی تێدابوو. جگە لەم بارەگایە بارەگایەکی تر کەئەکەوێتە گەڕەکی (چوار باخ) نزیک مزگەوتی (عەبدوڵلا لوتفیی) ەوە کەناودەبرێ بە (کۆمەڵگای یانەی وەرزشی سلێمانی).لەبەر (بوونی هۆڵی داخراو) لەسەر تازەترین شێوەی مۆدێرن دروستکراوە، کە زەویەکەی بەمادەی (تارتان) دروست کراوە، لەگەڵ جێگەی دانشتنی سەیرکەران کە یاری تۆپی باسکەی تێدا ئەنجام دەدرێت، هەر لەم یاریگایەدا ژووری کۆبوونەوەو ژووری سەرۆک و ژووری جێگری سەرۆک و ژووری سکرتێر و ژووری ژمێریاری و ژووری خۆیەتی تێدایەجگە لە چەند ژوورێک کە بەجوانترین کەل و پەلی نوستن و حەوانەوە پڕ کراوەتەوە بۆ ئەو یاریزانانانەی جێ ی نیشتەجێبوونیان نیە لەوێ ئەنوون. هەروەها مەلەوانگەیەکی (داخراو) کە لەسەر تازەترین شێوەکە هەموو مەرجە یاساییەکانی تیادایە، لەسەر بوودجەی حکومەتی هەرێمی کوردستان درووست کراوە بە پێوانەی (25× 13) م. جگە لەمانە هۆڵێکی تۆپی سەر مێز کە هەموو مەرجە یاسایی یەکانی تۆپی سەرمێزی تیادا هەیە. یاریگایەکی تۆپی دەستی تیادایە کە لە تەواو بووندایە و بەمادەی (تارتان) دروست دەکرێت. یاریگایەکی تۆپی پێ کە بەچیمەنی سەوز و پتر لە(20 000) بیست هەزار کەس دەگرێت،لەسەر تازە ترین شێوە نوێ کراوەتەوە لەسەر بوودجەی حکومەتی هەرێمی کوردستان، وە ئێستا بە کۆبوونەوەی هەموو یاریگاکان لە چوارچێوەی (مەلعەبەکە) داناونراوە (کۆمەڵگای یانەی وەرزشی سلێمانی) لە گەڕەکی چوار باخ. پێویستە ڕۆڵی گرنگی بەرێز خوالێخۆش بوو (رەشید میران) برا گەورەی شەهید کمال سلیم پێبزانریت کە لەپاش هەوڵدانێکی زۆر و ململانێیەکی گران توانی لە ساڵی (1970) ئەو زەویە لە وەزارەتی (بلدیە) وەربگرێت کەبووە بارەگای یانەکە کەلەسەر شەقامی (حەمدی) وە لەهەمان کاتدا خوالێخۆشبوو (سەرۆکی ئەندازیاران) بوو. هەروەها ڕۆڵی بەرچاویماندوبوونی بەرێز (حەمید میران) برای شەهید(کمال سلیم) و برای خولێخۆشبوو (رەشید میران) وون نەکرێت کە بەرێزی (ئەندازیارە) بوو خۆی نەخشەی بینای یانەی دروست کردوو لە کاتی کارکردنیشدا بۆ دروست کردنی دڵسۆزانە وەک کرێکارێکیش هاوبەشی دەکرد بۆ دروست کردن ولەهەمان کاتیشدا بەرێزی سەرپەرشتی دروست کردنەکەی کردووە کە جێ ی ڕێزوپێزانینە. بە پێ ی بریاری حکومەت ماوەی (6) شەش مانگ لەژێر چاودێریدا ئەمێنێتەوە ئەوسا دەتوانێت هەڵبژاردن ئەنجام بدات بۆ دیاری کردنی ئەندامانی دەستەی بەڕێوەبەر هەربویە لە (26-04-1957) دا یەکەم هەڵبژاردنی ئەنجام داوە.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری پەرتووک: | وەرزش |
| جۆری دۆکومێنت: | زمانی یەکەم |
| زمان - شێوەزار: | کرمانجیی ناوەڕاست |
| شار و شارۆچکەکان: | سلێمانی |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| Quick Respons Code: | |

سەرچاوەکان

[1] تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | کوردیی ناوەڕاست | تۆمارێکی تایبەت بۆ کوردیپێدیا لەلایەن (داناز عەبدولرەحمان) سەبارەت بە (یانەی سلێمانی) لە: 11-8-2012 13:35:20

کاتی تۆمارکردن: 2012/11/8 2:08:01 PM

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 1201

**یانەی شاریقە چۆن هاتە سلێمانی**

https://www.kurdipedia.org/?q=20220302185345406765



نوسینی: حەمە بچکۆل
لە درێژەی باسە وەرزشییەکانی مێژووی وەرزشی شاری سلێمانیدا، ئەمجارە باسی یارییەکی تر وبەسەرهاتێکی تری وەرزشیی دەکەین ئەویش هاتنی تیپێکی دەرەوەی عیراقە بۆ سلێمانی و لەپەراوێزی هاتنەکەی ئەو تیپەدا دەچینە ووردەکاریی ئەو یارییەی ئەو تیپە لە سلێمانی کردوویەتی و یارییەکەی لەگەڵ کێ بووەو چۆن کراوەو ئەنجامەکەی چۆن بووە، یاریزانی دێرینی سلێمانی محەمەد عەلی سەعید ناسراو بە (حەمە بچکۆل) بەمشێوەیەی خوارەوە ووردەکاریی یارییەکە باس دەکات.
مێژووی یارییەکە ڕۆژی 1971/8/23 بووە، واتە ئەم یارییە 50 ساڵ پێش ئێستا کراوە، تیپی میوانیش (یانەی شاریقەی ئیمارات) بووە، یارییەکەشی لەگەڵ یانەی سلێمانی کردووە.
وەک لە وێنەکەدا دەردەکەوێت کە بەرلە ئەنجامدانی یارییەکە گیراوە، خوالێخۆشبوون مامۆستا هەڵگورد عارف ناوبژیوانی یارییەکە بووە، خوالێخۆشبووان فەهمی فەقێ ڕەشیدی قەشان و دارای حاجی عەلی یارمەتییاندداوە، یارییەکەش لە یاریگای سلێمانی کەبە (مەلعەبەکە) ناسرابوو کراوە، یارییەکەش بەبردنەوەی یانەی سلێمانی 5-1 لە تیپی یانەی شاریقە کۆتاییهات و جەماوەرێکی زۆر ئامادەی بینینی یارییەکە بوون.
وەک لە وێنەکدا دیارە سەرەتا تیپی یانەی سلێمانی کە بە پلانی 4-3-3 یاریی کرد، ئەم یاریزانانە بوون:
لە ڕاستەوە -وەستاوەکان (حەمە بچکۆل، کەمالی حەبێ، خوالێخۆشبوو ڕەزاقە سور، حەمە سیروان، مەجید میرخان)، دانیشتووەکان (عەلی مەعسوم، ڕەئوفی زەینەب، خوالێخۆشبوو عەلی لەتیف، تایەری شێخ لەتیف، شەهیدی نەمر جەمالی عەلی باپیر، عومەر موراد، عومەرە ڕەش).
لە تایمی دووەمدا خوالێخۆشبوو مامۆستا سەڵاح محەمەد کەریم و ئازاد وەهاب و فاروق کاک فایەق قەساب – بەشداریی یارییەکیان کردوو لە کاتە جیاجیاکانی تایمی دووەمدا هاتنە ناوەوە.
یارییەکە لەچەند دێڕێکدا

تایمی یەکەمی یارییەکە 1-1 بوون، حەمە بچکۆل گۆڵەکەی بۆ یانەی سلێمانی کرد لە ئەنجامی دەبڵ پاسێک لەگەڵ خوالێخۆشبوو کەمالی حەبێ و دواتر تیپی میوان گۆڵی یەکسانبوونیان کردەوە.
تایمی دووەم تیپی یانەی سلێمانی چوار گۆڵی تری کرد(دوانیان خوالێخۆشبوو مامۆستا سەڵاح محەمەد کریم) (دوانەکەی تریش عومەر موراد ناسراو بە عومەرە ڕەش) کردنی.
هاتنی تیپەکەش بۆ سلێمانی هۆکارەکەی ئەوبوو کە یانەی سلێمانی و لێپرسراوانی وەرزشی ئەوسای سلێمانی پەیوەندییەکی باشیان هەبوو، جگەلەوەش سلێمانی و یانەی سلێمانیش ئەو سەردەمە تیپێکی لاوی بەهێز و تۆکمەی هەبووە.
یارییەکە بەچاودێری قائید فیرقەی سلێمانی بووە.
تیپی یانەی شاریقە 9 یاریزانیان بۆ هەڵبژاردەی ئیماراتی ئەو سەردەمە یاریان دەکرد.
ئەو سێتە درێسەی یانەی سلێمانی یاریی پێوە کرد درێسی تیپی گۆیژەبوو، خوالێخۆشبوو مامۆستا کەمالی حاجی غەفور کە سەرۆکی ئەو تیپەبوو هێنابووی بۆمان.
ڕاهێنەری تیپی یانەی سلێمانی مامۆستا ئیبراهیم قاسم بوو، لەبەر چەند ئیلتیزاماتێک لە زانکۆی سلێمانی ئەوساکە ئەو مامۆستا بوو لەو زانکۆیە نەیتوانی ئامادە بێت و مامۆستا سەڵاح محەمەد کەریم وەک یاریزان و سەرەپەرشتیاری تیپەکە ئەرکەکانی ئەوی ڕادەپەڕاند.
پاش تەواو بوونی یارییەکە، قائید فیرقەی سلێمانی لە (بەهو ئەلزوبات) ی، پێشوازی لە هەردوو تیپ کردوو میواندارییەکەشی زۆر شایستە بوو. [1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری پەڕتووک: | وەرزش |
| جۆری دۆکومێنت: | زمانی یەکەم |
| زمان - شێوەزار: | کرمانجیی ناوەڕاست |
| شار و شارۆچکەکان: | سلێمانی |

ولات: باشووری کوردستان
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] تۆڕی کۆمەڵایەتی | کوردیی ناوەڕاست | پەیجی وێنە کۆنەکانی سلێمانی
کاتی تۆمارکردن: 2022/2/3 6:53:45 PM
ناوی تۆمارکار: سروشت بەکر

---

بابەت: 1202
## یانەی نەورۆز چەند یارییەک لە یاریگای فرانسۆهەریری ئەنجامدەدات
https://www.kurdipedia.org/?q=20220922010517435435
یانەی وەرزشی نەورۆز بڕیارە چەند یارییەکی سەرەتای وەرزی نوێی خولی نایابی عێراق لە نێو یاریگای فرانسۆهەریری تایبەت بە یانەی هەولێر ئەنجامبدات.
جێگرعەبدولا سەرپەرشتیاری تیپی تۆپی پێی یانەی نەورۆز لە لێدوانێکی فەرمیدا ڕایگەیاند (لە ئەگەری تەواو نەبوونی کارەکانی یاریگای سلێمانی، بڕیارە دوو تا سێ یاری سەرەتای خولی نایابی عێراق لە یاریگای هەولێر ئەنجامبدەین تا کارەکانی یاریگای سلێمانی ناسراو بە مەلعەبەکە تەواو دەبێت)
